

# كۆنگره

فلك الدين كاكەيى

١- هەڤاڵێك لێی پرسیم:
- ئایا بەشـــداری كۆنگرەی سێزدەهەمین دەبی؟

گوتـــم: بەڵێ! خـــۆ ئەگـــەر لەوێش نەبم لەوێندەرێم، هەر كەسێك لە چاندنی بیرۆكە و پەیامێك، لە ڕابردوودا، بەشـــدار بوویێت، ئەوە هەمیشـــە دووبارە دەبێتـــەوە، مەگەر خۆی بڕیاری پچڕاندنی بازنەكە بدات.

٢- پارتی درێژەپێدەر و هەڵگری كەلەپووری خەباتی ڕزگاریخوازی سیاسیی نەتەوەیی و ڕزگاری و پێشـــكەوتنی كۆمەڵایەتـــی خەڵكی كوردستانە كە بۆ پتر لە ١٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

هـــەر كۆنگرەیەكی پارتـــی لە ١٩٤٦ ە وە پێشـــكەوتنێك بووە چونكە بارودۆخەی ئەو كات و ساتەی بەدروستی هەڵسەنگاندووە و ئاوات و ئامانجی گونجاوی ئەو قۆناغەی داناوە، هەر بۆیەش ماوەتەوە و سەركەوتووە چونكە لە وێســـتگەی هەر كۆنگرەیەكدا میكانیزمی گونجاوی لەگەڵ ئامانجەكان داڕشتووە.

٣- واتـــە: دەبـــێ میكانیزم و شـــێوازی تیكۆشـــان لەگەڵ ئامانجەكانی (پرۆگرام) هەماهەنگ ببـــن، هەر بۆیـــەش پارتی ئامانجی كۆنگرەكانی، تا ڕادەیەكی باش، بە دیهێناوە، هەرچەندە تووشـــی كۆسپ و دژواری و ڕكابەری دەوروبەریش بووەتەوە. لەوڕا دەبینیـــن ئامانجەكانی پارتی بەرەو پێش دەچن، و قووڵتر و چەســـپاوتر دەبن، ئەمجـــارەش، لە ســـێزدەهەمین كۆنگرەدا وێنەی پێشكەوتنێكی نوێ دەبینین.

٤- كۆنگـــرەی یەكەمـــی ١٩٤٦ بـــۆ دامەزراندنـــی پارتـــی بوو، ســـەركەوت، كۆنگرەكانـــی دواتـــر بناغەی شۆڕشـــی نەتەوەیـــی ڕزگاریخوازی ئەیلوولی ١٩٦١ یان داڕشـــت، لە كۆنگرەی هەشتی ١٩٧١ دا بڕیـــاری جێبەجێكردنـــی ناوەڕۆكـــی ڕێككەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ وەرگرت بۆ دیموكراتی و ئۆتونۆمی، ڕژێمی بەعسی عەرەبی بە هەڵگیرســـاندنی شەڕی ١٩٧٤ و ڕێكەوتننامـــەی جەزائیر ١٩٧٥ هەوڵیدا گەلـــی كوردســـتان و پارتی لـــە ئاواتی ئۆتونۆمی نا ئومێد بكا.. دیارە ئۆتۆنۆمی لە ناوەڕۆكدا بە مانای ئازادیی كورد بووە لە ڕێكخســـتن و بەڕێوەبردنـــی كاروباری ناوخۆی كوردســـتان لـــە چوارچێوەیەكی دەستووریدا واتە، شـــێوەیەكی سەربەخۆیی زاتی (ناوخۆیـــی) بوو كە تا ئێســـتاش بۆ تەواوكردنی دەڕۆین.

٥- بیرۆكـــەی ئۆتۆنۆمـــی ئـــەو ئاوات وخواستەی خستە مێشك و دڵ و ویژدانی خەڵكی كوردســـتانەوە كە مافی خۆیەتی و، دەتوانێت، ئیرادەی خۆبەڕێوەبردن بگرێتە دەست.

كۆنفرانســـی ١٩٧٦لە بەرلین وكۆنگرەی نۆیەم ســـاڵی ١٩٧٩ لە كوردستان نەخشە و بەرنامـــەی دەربازبوونی پارتی لە قەیران و كۆسپەكانی شكســـتی ١٩٧٥ داڕشت، دوای چەند ساڵ سەركەوت و زاڵبوو بەسەر سەختییەكانا.

ســـاڵی ١٩٨٥ لە ئاستی ســـەركردایەتی پارتی، بە نهێنی ئەو باســـە هاتە پێش كە لە یەكەم دەرفەتدا دەبێ داوای چارەسەری ئاشـــتیانەی دۆزی كورد لەسەر بنەمای (فیدرالیزم) بكەین، وەلێ لەبەر بارودۆخی ئەو سەردەمە بڕیار درا جارێ لە ڕاگەیاندندا باســـی فیدرالیزم نەكرێت تا وەختی خۆی دێـــت، ئەویش ســـاڵی ١٩٩٢ هاتەپێش و ســـەرۆك بارزانی لە پێش یەكەمین خولی پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی فیدرالیزمی ئاشكراكرد، كە پەسەندكراو، كار بە ئەمڕۆ گەیشت.

٦- كۆنگرەی دەیەمی ١٩٨٩ لە كوردستان بـــۆ وەڵامدانەوەی ئاســـەواری ســـەختی كیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی ڕژێمی عێراق دەرهەقی خەڵكی كوردســـتان بوو، لـــەو كۆنگرەیەدا باســـێك هاتە پێش كە بە زۆربەی خەڵك (هەنـــدێ ناو پارتیش) بە خـــەون و خەیاڵ دەهاتە پێش چاو، كۆنگرە بڕیـــاری دا كە مەســـەلەی كورد دەبێ بە ئاشتی چارەسەر بكرێت، ئەویش لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاشـــتبوونەوەی گشتیدا، وەلێ هەمووی دوای ســـاڵێ، بەســـەرۆكایەتی بەرەی كوردستانی، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ عێراق و ڕۆژهەڵات و جیهانی هەژاند، كە ڕژێمی بەعس ناچاربوو، بە گفتوگۆ ڕازی ببێ بۆ چارەسەری مەسەلەی كورد، دیارە



ئەیدولوژیەت و بارودۆخی رژێم و نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندی سەرکەوتنی گفتوگۆکە نەبوو، بەڵام هیچ نەبێ بەشێکی گرنگی هەرێمی کوردستان(هەولێر و سلێمانی و دهۆك) لە ژێر دەسەڵاتی رژێم رزگاریان بوو، ئاشتی و دەرفەتی خۆ بەڕێوەبردنی (ئۆتۆنۆمی) هاتە پێش، دواجار پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران و فیدرالیزم راگەیاندرا و..ز تا روخانی رژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣...

٧- کۆنگرەی یازدە و دوازدە سەرکەوتن لە دەستنیشانکردنی ئامانج و پرۆگرامی پاراستنی دەسکەوتی ڕاپەڕین و کەیانی فیدرالی و پێشکەوتنی ژیان و خزمەتگوزاریی خەڵکی کوردستان، کە پارتی لە کابینەی سێهەم و چوارەم و پێنجەمی حکومەتدا لە پێشخستنی ئامانجەکانی ئەو دوو کۆنگرەیە سەرکەوت، ئێستاش بەدەستی پڕەوە سێزدەهەمین کۆنگرەی دەبەستێت.

٨- ئەوە یاسای پێشکەوتنی ژیانە، .. کە وەختێك خواست و ئامانجەکان دروست و ڕەواو و گونجاوبن و، میکانیزم و شێوەی خەبات لەگەڵ ئاستی کۆمەڵگا هەماهەنگ ببێت، ئەوە پێشکەوتن بەدی دێت، هەر چەندە کۆسپ و تەگەرە و کەموکوڕیش لەسەر ڕێگادا هەبن.

کە تابلۆی گشتی بزاڤی رزگاریخواز دێنینە پێش چاو دەبینین کە لە سەر ئاستی سیاسیدا هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن هاتووین، ماوەتەوە بایەخی زیاتر بە ئامانج و ئاواتی کۆمەڵایەتی خەڵك بدەین، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی باری گشتیی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە گشتی،کە باش لێکگەیشتووین و لێکنزیکبوونەتەوە و دەرفەتی رێکخستنەوەی بەرنامەی تێکۆشانی ئاشتیانەی سەراسەری هاتووەتە پێش.

لێرەشدا پارتی کەوتووەتە چەقی بە یەکگەیشتنی ڕچکە و رێگا جۆر بەجۆرەکان، دیارە ناوەڕۆکی پرۆگرامی و شێوەی خەباتی و ئەزموونەکانی وەهای کردووە کە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی گەورەتر ببێتەوە.

٩- سەرکەوتنی دیکەی پارتی و گشت پارت و لایەنەکانی بزاڤی کوردستان، ئەوەیە کە لەگەڵ خۆیدا خەڵکی دیکەش ناچاری پێشکەوتن کردووە، ئەوەتا دەسپێشخەرییەکانی سەرۆك بارزانی و سووربوونی لەسەر فیدرالیزم و دیموکراسی (کە تەواوکەری یەکن) و، دوا هەڵوێستی سەرۆك بۆ پشتگیری مافی تورکمان و مەسیحی لەوەرگرتنی پۆستی سەروەری وەك جێگری سەرەککۆمار و سەرەکوەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ .. ئا ئەم هەڵوێستانە، لە تەك ئاسایش و خۆڕاگریی هەرێمی کوردستان، ئومێدی وەرچەرخانێکی گەورەی گەل و دەوڵەتی عێراقی هێناوەتە پێش،کەوا پێکهاتەکانی دیکەش بەو بڕوایە دەگەن کە دامەزراندنی سیستەمی چەسپاوی فیدرالیزم باشترین رێگەیە بۆ سەقامگیری ئاشتی و دیموکراتی لە عێراقدا، واتە: رەنگە، نەدوور، یەك دوو هەرێمی دیکەی فیدرالی رابگەیەندرێن.

واتە: خەباتی گەلی کوردستان، لە ئەنجامدا، گشت عێراقی بە شوێنخۆیدا رادەکێشێت و، شەپۆلی پێشکەوتن سنوورەکانیش دەبەزێنی.

١٠- لەو پێشکەوتن و وەرچەرخانانەدا بیروڕا و رۆحی بارزانی نەمر و تێکۆشەرانی دڵسۆز و دووربینی بزاڤی کوردستان، زیندوون و لەگەڵماندان، رۆحی مرۆڤ لە وتە و بیروڕا و ئەنجامی خەبات و تێکۆشانیدا دەمێنێتەوە رۆحی ئینسان زیندووە و نامرێ، تا ئەو کاتەی بیروڕاکانی پڕ دەکەن و ئامانجەکانی بەرەوپێش دەچن، کەواتە بەو هەڤاڵە دەڵێم: کێ بێ بتوانێت دەس لە روحی خۆی بەربدات؟! ئێمە تازە بە تازە لە ناوەڕۆك و روحیەتی بەرنامەی کۆنفرانسی (باکو)-١٩٤٧ نزیکدەبینەوە، کە بارزانی نەمر و هەڤاڵانی، دوای پەڕینەوە لە چۆمی ئاراس و گەیشتن بە باکو، پایتەختی ئازەربایجانی (سۆڤیەتی)، بەستیان و ئەو پرۆگرامەیان داڕشت کە هێشتاش چاومان بە رێگەوەیە بۆ بەدیهێنانی.

ئەوەیان گرنگترین کۆنگرەبوو هەرچەندە بە(کۆنفرانس)ناو براوە.



راپۆرتی:
د.شێرزاد نەجار

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان

# پارتی لەم کۆنگرەیەدا ئەرکێکی قورسی خستۆتە سەرشانی خۆی و دەبێت لە ئاستی ئەو ئەرکەشدا بێت



گوڵان
ژمارە (٨٠٨)
٢٠١٠/١٢/٦

ئەرکەکانی حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، جیاوازە لە ئەرکەکانی حزب لە کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاریدا، لە زانستی سیاسەستیشدا بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر حزبی سیاسیی دەکرێتەوە وەك بەشێك لە پرۆسەی دیموکراتی، هەروەك پرۆفیسۆر (بیردۆ) دەڵێت: (دەوڵەتی هاوچەرخ واتە دەوڵەتی حزبە سیاسیەکان) ئەمەش مانای ئەوەیە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان دەوڵەتی هاوچەرخ و حزبە سیاسیەکاندا هەیە و بێگومان سروشتی دەوڵەتی هاوچەرخیش سیمایەکی دیموکراتیانەیە، ئەمە پێمان دەڵێت ژینگەی حزبی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا جیاوازە لە ژینگەی حزبێکی دیکەی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری یان تۆتالیتاریدا، ئاشکرایە لە سیستمی دیموکراتیدا دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات یەکێکە لە نەریتەکانی حکومرانی، پرۆسەی بڕیار دروستکردن بریتیە لە پرۆسەیەکی راوێژکاری، بۆیە ئەم ژینگەیە وا لە حزبی سیاسیی دەکات کە پێویستە کۆنگرەکەشی لە ژینگەیەکی دیموکراتیانە گرێبدرێت، ئەمەش راشکاوانە واتە حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ناتوانێت کۆنگرەی خۆی بەنهێنی یان بەداخراوی گرێبدات، بۆیە کۆنگرەی حزبەکان لەم جۆرە کۆمەڵگانەپێویستە شەفاف بێت و خەڵك ئاگاداری گفتوگۆ و وتوێژەکانی کۆنگرە بێت، ئەوجا چ لەتەلەفزیۆنەکان پەخش بکرێت یان لە رۆژنامەکاندا بڵاو بکرێنەوە.

بەڵام لە سیستمە شمولیەکاندا پێچەوانەی ئەمەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەکام لەودوو ژینگەیەدا پێوەندی نێوان حزب و هاوولاتیان پێوەندیەکی ئیجابیانەیە؟ بێگومان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، لەبەر ئەوەی حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پشت بە کۆمەڵە ئۆرگانێك دەبەستێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دینامیکیانە نوێنەرایەتی کۆمەڵێك یان توێژێك یان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی وڵات بەشێوەیەکی گشتی بکات، کەواتە حزبی سیاسیی پێویستی بە جۆرێك لە رێکخستن هەیە و یەکێك لە بنەماکانی بەردەوامی ئەو رێکخستنەش ئەوەیە، هەرماوەی چەند ساڵێك جارێك پێداچوونەوە بەخۆیدا بکات و سوود لە ئەزموون و هەڵەکانی رابردووی خۆی وەربگرێت و هەروەها بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە و بپرسێت ئایا ئەو بەرنامەیەی لە رابردوو کاری پێکردووە لە قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتوو دەنگونجێت یان پێویستە گۆڕانگارییان تێدا ئەنجامبدات؟

ئایا ئەو سەرکردایەتیەی لە قۆناغی رابردوو کارەکانی هەڵسوڕاندووە، بۆ ئێستاش پێویستە هەمان سەرکردایەتی بێت یان پێویستە، سەرکردایەتیش نوێ بکرێتەوەو کۆمەڵێك توانا و بیرکردنەوەی نوێ لە سەرکردایەتی رەنگبداتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێمان دەڵێت : (کۆنگرە وەستان و وەسفکردنی حاڵەتێکی حزبە کە سەرلەنوێ لەسەر چوار تەوەرە حزب پێناسەدەکاتەوە کەبریتیین لە، رێکخستن، بەرنامە و فیکری حزب، سەرکردایەتی، پێوەندی نێوان حزب و خەڵك، ئەم چوار تەوەرە چوار لایەنی سەرەکین کە بەشێوەیەکی ئاسایی حزب کۆنگرەی خۆی لەسەر دەبەستێت، بەڵام نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە حزب حاڵەتی ئیستیسنائیشی هەیە بۆ گرێدانی کۆنگرە، وەك هاتنە پێشی باردۆخێکی نائاسایی، حزب رووبەڕووی حاڵەتێکی تایبەتی دەبێتەوە، لەم کاتانەشدا حزب پێویستی بە گرێدانی کۆنگرە هەیە، پێویستی بەوە هەیە راوێژ لەگەڵ ئەندامەکانی خۆی بکات بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربکات و چارەسەری ئەو باردۆخەی بۆ بکات کە رووبەرووی دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین بە شێوەیەکی سادە بڵێین کۆنگرە لەهەموو حاڵەتێکدا گەڕانەوەیە بۆ ئەندامان و بنکەکانی حزب)، بەڵام حزبە سیاسیەکان لایەنێکی دیکەشیان هەیە کە زۆرجار حزبەکە خۆی ناتوانێت ئیستیعابی باردۆخە تازەکە بکات، بۆ ئەمە دەتوانین ئاماژە بە حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست بکەین، زۆر لە حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست نەیانتوانی خۆیان لە ئەقڵیەتی قۆناخی کلاسیکی سەردەمی کۆمۆنیست رزگار بکەن، بۆیە ناچار بوون سەرکردایەتی خۆیان بگۆڕن، بەڵام کێشەکە بە گۆڕینی سەرکردایەتی نوێش چارەسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی نوێش پەروەردەی ئەقڵیەتی رژێمە تۆتالیتارییەکانیان تێدابوو، نەیانتوانی حزبەکانیان بکەن بە ئامرازێك بۆ رەنگدانەوەی ویست و خواستەکانی خەڵك، بۆیە حزبەکان لەناو خۆیاندا دابەش بوون، بۆچوونێك کە پێی وایە دەبێت حزب وەك سەردەمی سیستمی کۆمونیست حزبێکی بەهێز بێت و بۆچوونێکی دیکە پێی وایە دەبێت حزب دیموکراتی بێت و هەروەها بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێویستە حزب بەدوای ئیمتیازەکانی خۆی بگەڕێت و بۆچوونێکی دیکەش هەیە پێی وایە پێویستە حزب نەمێنێت، هەموو ئەم هۆکارانە حزبە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەی گەیاندە حاڵەتێکی چەقبەستووی ئەوتۆ کە زۆر بە زەحمەت بتوانن لە ئاستی ئەو تەحدیانەدا بن کە رووبەڕووی دەبنەوە، وەك ئەوەی بەدواداچوون بەخۆیاندا بکەن و گرفتەکان چارەسەر بکەن، هۆکاری ئەم چەقبەستوویەش بریتییە لەوەی ئەو حزبانە متمانەیان لای هاووڵاتی لاواز بوو بوو، نەیاندەتوانی ویست و خواستەکانی خەڵکی بەرجەستە بکەن، بەرنامە و ئایدیۆلۆژیاکانیان تازە بوو، نەیاندەتوانی خەڵکی پێ ئیقناع بکەن، بۆیە ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی حزب خۆی سەرقاڵ بکات بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵکەوە، کەوتبووە باردۆخێکەوە سەرقاڵبوون بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی خودی حزبەکە خۆیەوە، بەڵام لە هەندێك کۆمەڵگە حزبەکان توانییان خۆیان بگۆڕن و رووبەڕووی تەحەدییەکان ببنەوە.

## لە قۆناخی بەرزکردنەوەی دروشمی دیموکراتیەوە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا

لەنێو ئەو نموونانەی بۆ حزبی سیاسیی ئاماژەمان پێکردن، شێوازێکی دیکەی حزبی سیاسیی بوونی هەیە، کە ئەم جۆرەیان وەك حزبێکی شۆڕشگێر خەباتی بۆ بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراتی بووە و دروشمەکانی قۆناخی شۆڕشگێریشی دیموکراتی بووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم جۆرە حزبانە کاتێك لە قۆناخی شۆڕشگێریەوە هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵدەگرن بۆچی رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە و ناتوانن لە بونیادی پرۆسەی دیموکراتی سەرکەوتوو بن؟ ئەم پرسیارە وامان لێدەکات هەڵوەستە لەسەر

**ژینگەی حزبی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا جیاوازە لە ژینگەی حزبێکی دیکەی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری یان تۆتالیتاریدا**

**لە کۆمەڵگەی دیموکراتی حزب ناتوانێت کۆنگرەی خۆی بەنهێنی یان بەداخراوی گرێبدات، بۆیە کۆنگرەی حزبەکان لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا پێویستە شەفاف بن و خەڵك ئاگاداری گفتوگۆ و وتوێژەکانی کۆنگرە بن**

**کادرانی پارتی لەسەر هەردوو ئاست، چ ئەوانەی دەچنە ناو دامەزراوەکانی حکومەت دەبێت لێهاتوو بن، چ ئەوانەشی کادری جەماوەرین و لەگەڵ خەڵکن پێویستە لەئاستی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەدا بن کە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدات**

شـێوازی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو حزبە سیاسـیانە بکەینە کـە لەقۆناخی شۆڕشگێڕیدا ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت یان ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بوونەتەوە، پرسـیار ئەوەیە ئایـا بەچ شـێوازێك هەوڵیانداوە ڕژێمە دیکتاتۆریەکە یـان تۆتالیتاریەکە بگـۆڕن؟ بێگومـان وەك ئاشـکرایە هەوڵیانداوە بەڕێگەی خەباتی چەکداری و بەسروشـتێکی ڕەق و زبـر ڕووبەڕووی دیکتاتۆریـەت و تۆتالیریەت ببنەوە، نەك بەشـێوازی دیموکراتیانە، ئەو سروشتەی حزبـە شۆڕشـگێڕییەکان لـە قۆناخی پێشتر پێویستی بەڕێکخستنێکی بەهێزی پۆڵایین و سەرکردایەتیەکی بەهێز و نهێنی هەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی زەبرو زەنگی دیکتاتۆریەت ببنەوە، (ئەمە بۆ ئەو کاتە شێوازێکی ڕاست بووە)، لەبەرئەوەی نەدەتوانرا بەشـێوەیەکی لیبرالی بزووتنەوە یان شۆڕشـەکە بەڕێوەبەرن، کاتێکیش کە ئـەو قۆناخە تێپەڕی و دەسـتیان کرد بە پرۆسـەی بونیادی دیموکراتـی دەبینن ڕووبـەڕووی گرفت دەبنەوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخستنەکانیان لەسەر ئەو بنەمایەیە کە بۆ خەباتی چەکـداری ڕێکخراوە، بەڵام پرسـیار ئەوەیە حزبی سیاسی چۆن لەم گرفتە ڕزگاری دەبێت و چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین یەکێك لە ئامرازەکانی تەنشیئەی سیاسـیی حزبی سیاسییە، بۆیە پێویست دەبێت حزب بگەڕێتـەوە بۆ کەلتوورێکی سیاسی نوێ، واتە کەلتووری دیموکراسی و لیبرالـی، ئەم کەلتوورە پشـت بەچەند کۆڵەگەیەك دەبەستێت وەك (پابەندبوون بە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ، بڕوابوون بە پرۆسەی دیموکراتی و بیروباوەڕی جیاواز، هەروەها بڕوای بە پرۆسـەی ڕاوێژکردن هەبێت لە دەرکردنی بڕیاردا) پرۆفیسـۆر هابرماس سـەبارەت بـەم حاڵەتە دەڵێت: (پێویسـتە ئەو دیموکراتییە ڕاوێژکاریی بێت، واتە پێش دەرکردنی بڕیارەکان ڕاوێژ بە ئەندامانی حزب کرابێت) ئەمەش واتە پێویستە فەرهەنگی ئازادی ڕادەربڕین بێتە ناو هەیکەلی ڕێکخستنی حزبەوە و هەموو ئەندامەکان مافـی ڕادەربڕینیان هەبێت، ئەم گۆڕانکارییە لـە بیرکردنەوەی حزب لەوانەیە بەشـێوەیەکی تیۆری ئاسان بێت، بەڵام پراکتیزەکردنی سەختە، سەختیەکەی بەوشێوەیە نییە کە نائومێدمان بکات، بەڵکو هۆشیارمان دەکاتەوە، بنەمای ئەم کارەش جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ تەنشیئەی سیاسـیی واتە پەروەردەکردنی مرۆڤ لە خێزانەوە دەسـت پێدەکات و پێویستمان بە پرۆسەیەکی پەروەردەییە کە لەماڵەوە دەست پێدەکات و دوای ئەوە دەگوزارێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، هەر بۆیە ئەگەر تاکێك لە ناو خێزانەکـەی بەکەلتوورێکی دیکتاتۆریانە پەروەردە بکرێت ناتوانرێت ئومێدی ئەوەی لێبکرێـت لـە کۆمەڵگـە وەك تاکێکی دیموکراتیخواز ڕەفتـار بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر لەناو کۆمەڵگەش گرفتێك هەبوو هاووڵاتیان بەڕاوێژکردن چارەسەری بکەن، بۆ حزبە سیاسـیەکانیش بە هەمان شێوەیە لێـرەدا دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ شـێوازی حزبە سۆسـیال دیموکراتەکان، ئەم حزبانە هەموویان لەوەرگرتنی بڕیاردا دەگەڕێنەوە بۆ ئەم پرۆسـەیە، بۆیە ئەگەر سـەیری کۆنگرەی حزبە سۆشـیال دیموکراتەکان بکەیـن، تەنانـەت ئەگـەر بیـروڕای جیاوازیش لە نێوان ئەندامەکانیاندا هەبێت بەڵام دەبینین کۆنگرەکانیان سـەرکەتوون، واتـە بڕیارەکان بە ڕاوێژکـردن دەردەکەن، ئـەم حزبانە ڕاسـتە هەمـوو جارێك لە هەڵبژاردنەکاندا سـەرۆکەوتوو نابن، بەڵام سـەرنەکەوتنەکەیان پێوەندی بە هەیکەلی حزبەکەوە نییە بەڵکو پێوەندی بە باردۆخی گشتیەوە هەیە.

**کۆنگرە وەستان و وەسفکردنی حاڵەتێکی حزبە کە سەرلەنوێ لەسەر چوار تەوەرە حزب پێناسەدەکاتەوە کەبریتین لە (ڕێکخستن، بەرنامە و فیکری حزب، سەرکردایەتی، پەیوەندی نێوان حزب و خەڵک )**

## ئەرکی پارتی
## لە داهاتوودا زۆر قورس دەبێت

ئەگەر لەسەر ئەم باکگراوەندە هەڵوەستەیەك لەسەر بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بکەین، کە ئێستا کۆمەڵێك ڕاو بۆچوونی جیاواز و هەروەها کۆمەڵێك ئومێدیش لەسەری چڕبوونەتەوە، ئـەوە دەکرێـت لەخـودی بەرنامەکەوە بۆچوونەکانـی خۆمان ئاراسـتە بکەین، بەتایبەتی کە بەرنامەکـە بەرنامەیەکی زۆر فراوانە و زۆر مەسەلەی بەشێوەیەکی تەفسیلی لەخۆی گرتووە، ئەو مەسەلانەش ئەرکێکی زۆر گرنگ و ئیلتزامێکی زۆر گەورەیە کە پارتی بـۆ قۆناخی ئاییندە خستویەتە سەرشـانی خۆی، دانانی ئەو بەرنامەیەش بـەو فراوانییە مانای ئەوەیە کە پارتی بەنیازە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، نیـاز و نیەتیش بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەش گرنگە، بەڵام پرسیار ئەوەیە پارتـی نیاز و نیەتی بـۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیـە چۆنە و بەنیازە چۆن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات؟ بێگومان پارتی دەیەوێت ئـەم بەرنامەیە بکاتە بەرنامەی حکومـەت و کاتێك لە هەڵبژاردن متمانە وەردەگرێـت هەوڵدەدات ئـەم بەرنامەیە جێبەجێ بـکات، ڕاشـکاوانەتر دەکرێن بڵێین پارتی لە دەسـەڵاتە و دەیەوێت ئەو بەرنامەیە بۆ قۆناخـی داهاتوو جێبەجێ بکات، ئەم بەرنامەیە زۆر لایەنی سیاسیی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و تادەگاتە بازرگانـی و وەبەرهێنان و کێشـەکانی لاوان و ئافرەتانی لەخۆی گرتووە، حاڵی حازریش پارتی خۆشی موعاناتی بەدەست ئەم کێشـانەوە هەیـە و دیدێکی ڕوون و ئاشـکرای بەرامبەر بەو مەسەلانە نییە، بۆیە دوای دانانـی ئەم بەرنامەیە پارتی دیدێکی سیاسیی ڕاشکاوانە بۆ ئەو پرسانە دەخاتـە ڕوو، پێمان دەڵێـت نیازێك هەیە لەلایەن پارتیەوە بۆ ئەوەی گۆڕانگاریەك لە کۆمەڵگە بکات، بێگومان کۆمەڵگەی ئێمـەش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە پێویسـتە ریفۆرمێکـی بنەڕەتی تیا ئەنجامبدرێت، دیارە ریفۆرمیش وشـەیەکی سلبی نییە، بەڵکو ئیجابییە، بەڵگەیە لەسەر هۆشیاری ئـەوەی هەسـت دەکەیـن باردۆخەکـە گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی چیدیکە بەو ئەقڵیەتە و بەو سیاسەتەی ئێستا پیادەی دەکەین، کۆمەڵگە پێشناکەوێت، بۆیە لەم خاڵەوە ڕووبەڕووی ئەو پرسـیارە دەبینەوە، پێویسـتە چی بکەین؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسـیارە ئەوەیە پێویسـتە گۆڕانکاری بکەین، بەڵام دیسـان پرسـیارێکی دیکە سـەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە چۆن دەست بەو گۆڕانکارییە بکەین؟ بێگومان پێویستە لەبنەڕەتەوە لەسـەر بنەمایەکی فیکری دەسـت بەو گۆڕانکارییە بکەین، کەواتە ئەمە پێمـان دەڵێت، پارتی گەیشـتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو قۆناخەی پێشـتر هەبوو، کە قۆناخی خەبات و قوربانیدان و مقاوەمـەت بوو کۆتایی هات، کە ئەویش قۆناخێکی زۆر گرنگ بوو ئەو خەبات و تێکۆشـانە نەبوایە ئەمڕۆ نەدەهاتە دی، بەڵام ئێسـتا قۆناخێکی نوێ دەسـتی پێکردووە، لـەم قۆناخە نوێیـەدا پارتی ناتوانێـت لەو چوارچێوەیە تەنانەت تا بەو


سیاسەتەی پێشتر پیادەی کردووە، دەوڵەتێك یان کیانێك بەڕێوەبەرێت، لەم بازنەیەدا واتە پارتی پێویستی بەبەرنامەیەکی تێر وتەسەل و تەفسیلی هەیە، بۆیە کە ڕەخنەی ئەوە لە بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دەگیرێت بەوەی بەرنامەکە زۆر تەفسیلییە، پەرپوتەوە بۆ ناو زۆر بوار کە ئەرکی حزب نییە و ئەرکی حکومەتە، حزب تەنیا ئەرکی ئەوەیە تێکەڵی هاووڵاتی بێت و متمانەی هاووڵاتی بەدەست بهێنێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە حزب چۆن متمانەی هاووڵاتی بەدەست دەهێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە متمانەی هاووڵاتی بەفیکرو بە چوارچێوەی فیکری و بە سیاسەتی حەکیمانە بەدەست دەهێنرێت. بۆیە گرنگە ئەو بەرنامەیە لەلایەن کۆنگرەی ١٣وە پەسەند بکرێت، بەڵام لەپەسەندکردنیش گرنگتر بواری جێبەجێ کردنە، لە بواری جێبەجێکرنیشدا دوو ئاستمان هەیە، یەکەمیان ئاستی حکومەتە کە ئەم بەرنامەیە بێتە بەرنامەی حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەت جێبەجێی بکەن، ئاستی دووەمیش ئاستی جەماوەرییە بەوەی کادرانی حزب جەماوەر بۆ ئەو بەرنامەیە ئیقناع بکەن تا ئەوەی خەڵك بڕوای بەوە بێت ئەم بەرنامەیە بۆ ئاییندەیە نەك وەك شتێکی ڕۆتینی وەربگیرێت.

### بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ تێگەیشتنی پارتیە بۆ خواستی خەڵك

بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی تارادەیەك ڕەنگدانەوەی کێشەکانی خەڵکە، بەڵام لە هەمانکاتدا پیشاندەری تێگەیشتنی پارتیشە بۆ کێشەکانی خەڵك، چۆن؟ لەبەرئەوەی هەر حزبێکی سیاسیی لە گۆشەنیگای خۆیەوە سەیری خواستەکانی خەڵك دەکات، بۆیە کاتێك ئەم بەرنامەیە جێبەجێ دەکرێت ئەو کاتە دەردەکەوێت ئەم بەرنامەیە تاچەند دەبێتەوە ڕەنگدانەوەی خواستی خەڵکەکە، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، کارایی کادرەکانی پارتی لە قۆناخی داهاتوو بۆ ئیقناعکردنی خەڵك زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە لە قۆناخی داهاتوو کادرەکانی پارتی لەو ئاستە بن کە بتوانن شان بدەنە بەر ئەو ئەرکەی کە بەرنامەکە دەیخاتە سەرشانیان، بەراستی ئەگەر کادرەکانی پارتی لەقۆناخی ئاییندە لەو ئاستە نەبن زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت، لێرەدا گرنگە لەسەر کادرەکانی پارتی بۆ قۆناخی داهاتووش هەڵوەستە بکەین، بێگومان پێویستە کادرانی پارتی لەسەر هەردوو ئاست، چ ئەوانەی دەچنە ناو دامەزراوەکانی حکومەت دەبێت لێهاتوو بن، چ ئەوانەشی کادری جەماوەرین و لەگەڵ خەڵکن پێویستە لێهاتووبن و لەئاستی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەدا بن، بۆیە

**زۆر لە حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست نەیانتوانی خۆیان لە ئەقڵیەتی قۆناخی کلاسیکی سەردەمی کۆمۆنیست رزگار بکەن، بۆیە ناچار بوون سەرکردایەتی خۆیان بگۆڕن**

**لەبەرئەوەی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا حزبەکان نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی لیبرالی بزووتنەوە یان شۆڕشەکەیان بەڕێوەبەرن، ناچار بەسروشتێکی ڕەق و زبر ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەت دەبوونەوە**



پابەندبوون
بە بنەماکانی
مافەکانی مرۆڤ
و بڕوابوون
بە پرۆسەی
دیموکراتی و
بیروباوەڕی
جیاواز،
کۆڵەگەکانی
کەلتووری سیاسی
تازەن

متمانەی هاووڵاتی
بەفیکرو بە
چوارچێوەی فیکری
و بە سیاسەتی
حەکیمانە بەدەست
دەهێنرێت

بە پێی ئەو
بەرنامەیەی بۆ
کۆنگرە دانراوە
نیازێک هەیە
لەلایەن پارتییەوە
بۆ ئەوەی بە پێی
بنەمای فیکری
گۆڕانگاریەک لە
کۆمەڵگەدا بکرێت

گرنگە پارتی لەنـــاو حزب بەرنامەیەکی دیکەی رۆشـــنبیرکردنی هەبێت(مەبەستم بەرنامەکە نییە).

## میدیاکانیش دەبێت یارمەتیدەری پارتی بن بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە

گرنگـــە پارتـــی لـــە قۆناخـــی ئاییندە تێڕوانێکی جیاوازی لەوەی ئێستا هەیەتی، بۆ میدیاکانی خۆی هەبێت.

دەبێت بوار بکاتەوە بۆ ئەفکاری رەخنەیی، بەڵام رەخنە لەچوارچێوەیەکی گشـــتی، رەخنە بۆ پیشـــاندانی کەموکورتیەکان و بەرچاوخستنی کەموکورتیەکان بۆ ئەوەی حکومەت و هەروەها پارتیش هەوڵبدەن بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن، کەواتە پێویستە میدیاکانـــی پارتی مەوزعیی و رەخنەیی بن و لەهەمانکاتیشدا رەنگدانەوەی کێشە و گرفتـــی هاووڵاتیان بن، لەبەرئەوە زۆر گرنگە میدیاکانی پارتی بتوانن رای خەڵك بگوازنەوە بۆ سەرکردایەتی پارتی، راستە هۆکاری دیکەش هەیە بۆ گواســـتنەوەی رای خەڵك بۆ ســـەرکردایەتی پارتی، وەك کـــۆڕ و کۆبوونەوە حزبیەکان، بەڵام میدیا یەکێکە لە هۆکارە خێراکان دەبێت لەئاستی خواســـتەکانی هاووڵاتیانـــدا بێت.هەموو ئەمانەی کە ئاماژەیان پێدەکەین، ئاماژەیە بۆ راستیەك کە ئەویش ئەوەیە پارتی شانی خۆی داوەتـــە بـــەر ئیلتزامێکی گەورە، ئەویـــش جێبەجێکردنی ئـــەو بەرنامەیەیە کـــە لە کۆنگرە پەســـەندی دەکات، دیارە پەســـەندکردنی ئەو بەرنامەیەش پێویست بوو، لەبەر ئەوەی ئەم قۆناخە قۆناخێکی دیکەیە و پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، قۆناخێکـــە ململانێیەکـــی زۆری تێدایە، ئەرکی حزب زیادی کردووە، لەبەر ئەوەی حزب لەدەسەڵاتە و دەسەڵات بەرێوەدەبات، بۆیە ئەرك و ئیلتیزاماتی حزبیش بەرامبەر بە هاووڵاتیان زیادی کردووە و هاووڵاتیان داواکارییـــان زۆر بـــووە، زیاتـــر بـــەرەو باردۆخێکی ئابووری هەنگاو هەڵدەگرین و کە ئەم باردۆخەش هاتە پێشـــەوە خەڵك پێویستی بەخۆشـــگوزەرانی دەبێت، بۆیە ئومێد دەکەم ژینگـــەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی لەو ئاســـتەدا بێت کە بە کۆمەڵێك بڕیاری گرنگەوە کۆنگرە بە سەرکەوتوویی تەواو بێت و پارتیش پێ بنێتە قۆناخێکی دیکەوە.

**پێویستە فەرهەنگی ئازادی رادەربڕین بێتە ناو هەیکەلی رێکخستنی حزبەوە و هەموو ئەندامەکان مافی رادەربڕینیان هەبێت**

**بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی چیدیکە بەو ئەقڵیەتە و بەو سیاسەتەی ئێستا پیادە دەکرێت، کۆمەڵگە پێشناکەوێت بۆیە پێویستە گۆڕانکاری بکرێت**

**ئەگەر تاکێک لە ناو خێزانەکەی بەکەلتوورێکی دیکتاتۆریانە پەروەردە بکرێت ناتوانرێت ئومێدی ئەوەی لێبکرێت لە کۆمەڵگە وەک تاکێکی دیموکراتیخواز رەفتار بکات**




فۆتۆ: فرانسوا زاڤی لۆڤا

## نەزهەت حالی

((بەڕێوەبەری گشتی چالاکی پاراستن لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستان)) بۆ گوڵان:

# گۆڕینی پەیڕەو و پڕۆگرام و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ ئاماژەیەکی باشن بۆ ئەوەی بتوانین لە دوای کۆنگرە کاری نەوعی بکەین

**نەزهەت حالی کە ئێستا بەڕێوەبەری گشتی چالاکی پاراستنە لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستان، کوڕی شەهید حالی دۆڵەمەڕییە و هەڵگری بڕوانامەی یاسا و بڕوانامەی ماستەرە لە دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی و لەهەشتاکانی سەدەی رابردووەوە وەك ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاریکردووە و لەساڵی ١٩٨٩ بۆتە کادر لە پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدوای راپەڕینیشەوە لە مەکتەبی رێکخستنی تایبەتی پارتی کاریکردووە، نەزهەت لەماوەی کاری لەناو پارتیدا لەچەندین پۆستدا خزمەتی کردووە و ساڵی ٢٠٠١ کراوە بە بەرپرسی رێکخستنی تایبەتی لقی یەکی پارتی و لەساڵی ٢٠٠٣ بۆتە یاریدەدەری مسرور بارزانی بەرپرسی دەزگای پاراستنی گشتی و لەساڵی ٢٠٠٤ بۆتە بەرپرسی رێکخستنی تایبەتی پارتی و لەدوای دامەزراندنی ئاژانسی پاراستنی کوردستانیش بۆتە بەڕێوەبەری گشتی چالاکی پاراستن لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی حزب و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی پارتی بۆ کۆنگرەی ١٣، گوڵان ئەم ئاخاوتنەی لەگەڵ ئەنجامدا، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**



**گوڵان:** ئەگــەر بمانەوێــت لەکۆمەڵگەدا دیموکراتــی بونیــاد بنێیــن، ئــەوا دەبێت کۆمەڵگــەی ئێمــە کۆمەڵگەیەکــی فرە حزبی بێــت و حزبەکان دەربڕی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بن، ئایا چۆن حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا لەگەڵ بیروبۆچوونە جیاوازەکان تەعامــول دەکات و چۆن ئــەو جیاوازیانە ڕێکدەخات؟

**نەزهــەت حالــی:** چەمکی دیموکراســی، چەمکێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و بەپێی وتەی زۆر لە بیرمەندان، ئەزموونــی حوکمڕانی وڵاتانیــش ئەوەی سەلماندووە کە باشترین سیستەمی حوکمڕانی سیستەمی دیموکراسییە، سێ تایبەتمەندی هەیە کە دەوڵەتی دیموکراسی و نادیموکراسی لێك جیا دەکاتەوە، یەکەمیان بۆ ململانێکردنە لەســەر پۆســتەکان، دووەمیــان لەپێناوی وەرگرتنی ئەو پۆســت و بەرپرســیارەتیانە پێویست دەکات لەکاتی دیاریکراودا هەڵبژاردن بکرێت و ســێیەمیان دەبێ ئازادی سیاسی و جڤاکی بوونی هەبێت تاوەکو یەکگرتوویی و کێبڕکێ کردن و بەشداری سیاسیی مسۆگەر بکرێت.

بێگومان ئاســتی دیموکراســی لە وڵاتانی دیموکراسیش جیاوازی هەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری ئابووری و فەرهەنگی سیاســی و کۆمەڵایەتی ئــەو کۆمەڵگەیە، هەر بۆیە مەرجی گەشەسەندنی دیموکراسی ئەوەیە کە هاووڵاتیان و دەستەبژێری سیاسی پێکەوە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بیروباوەڕی ئایینی و ئازادی لە ڕاگەیاندن و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە پەســند بکەن، لەوەش گرنگتر ئەوەیــە ئەنجامی هەڵبژاردنــەکان و ئینجا هەموو ئەو پرۆســانەی کە بە دوای خۆیاندا دەیهێنن لە یاســا و ڕێســا و بڕیارە سیاسی و دامودەزگا فەرمییــەکان، دەبێت جێگەی ڕێزی هەموو لایەك بن و دەرەنجامەکانیشــی قبــووڵ بکــەن و پابەندبن پێیانــەوە، هەتا ئەگەر جێگەی ڕەزامەندی هەندێکیشــیان نەبێت. بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراســی ڕەنگــە بە دوو شــێواز بکــرێ، یەکەمیان ئەوەیە لە خــوارەوە بزاڤــی کۆمەڵایەتی و جووڵانەوەی ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتی و کرانــەوەی کۆمەڵگە ببێتە هۆی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراســی، ئەوەی تر لە سەرەوە بە تایبەت نوخبەی سیاسی دەتوانن بە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەجێندا و بەرنامەی پارتەکانیان لەکاتی وەرگرتنی دەســەڵات بە ڕێگەی بڕیاری سیاسی و هاوبەشیکردن لە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕێگە خۆشکەر دەبن بۆ دەســتەبەرکردنی ئازادی سیاســی زیاتر و ڕێگە پێدان بە بەشــداریی سیاســی لایەنەکانــی تــر دەتوانن کۆمەڵگــە بەرەو ئاستێکی بەرزی دیموکراسی ببەن، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی کولتــووری دیموکراتی و هوشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و نشتیمانی، ڕۆڵێکی بــاش بگێڕن، بێگومــان مەرجی ســەرەکیش ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان بە ســینگێکی فراوانەوە ڕای جیاواز وەربگرن و قبووڵی بکەن، گرنگە ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە هەبوونی ڕای جیاواز شتێکی سرووشتی و تەندروســتە بۆ کۆمەڵگــە، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترســییە بوونی هەست و بیری دوژمنکارانەیە، بــە تایبەتیش لەو کاتانەی کە حزبێکی سیاســی هەوڵ بــدات ئەوەی تر بســڕێتەوە کە ئەمە جێگەی مەترســییە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراســی و ئاسایش و ســەقامگیری، لێرەدا ڕاستییەکیش هەیە کە دەبێــت لەبەرچاو بگیرێــت، ئەویش ئەوەیە، بوونی پارتێکی سیاســی بەهێز کە باوەڕی بە دیموکراسی هەبێت گرنگ و پێویستە بۆ سەقامگیری سیاسی و بەرەو پێشڤەچوونی وڵات لــە هەمــوو بوارەکانــی (ئابووری، سیاســی، کۆمەڵایەتی و زانســتی و...) و پارتی سیاســی چــالاك وکارا، ئەگەر لە ئاستی بەرپرسیارێتی دابێت، دەتوانێ سوود لە بیروبۆچوونی پارتەکانی تریش وەربگرێت، ئەگەر گونجــاو و لۆژیکی بــن دەتوانێت بیکاتە ئەجێندای کاری خۆی.

**گــوڵان:** حزب بۆ ئــەوەی بتوانێــت ببێتە هۆکارێــك بۆ بونیــادی دیموکراتی، دەبێت خۆی حزبێکی دیموکراتی بێت و پێش ئەوەی لەهەوڵی ئەوەدابێت دیموکراتی لە کۆمەڵگە پیادە بکات، دەبێــت لەناو خودی حزبەکەی خۆیەوە دەست پێبکات، ئایا چۆن دیموکراتی لە ناوخۆی حزبەوە پیادەدەکرێت؟

**نەزهــەت حالــی:** بوونــی هەڵبــژاردن لە ئۆرگانەکانــی هــەر پارتێــك، مەرجێکی ســەرەکی و گرنگی دیموکراســیەتی ئەو پارتەیــە، هــەروەك لە وەڵامی پرســیاری یەکەمیش باسمان کرد، لێرەدا دەبێت بە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد دەرفەتی وەرگرتنی پۆســت بدرێتە هەموو کەسێك، جگە لەوەی کە دەبێــت دەرفەتی ڕادەربڕین هەبێت، بەڵام ئــەوەی لەناو پارتێکــدا کار بکات دەبێت لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو پارتەدا کاربکات و باوەڕی پێی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی یەکگرتوویی ئــەو پارتە بپارێزرێت، ئەنجامدانی کۆنگرەکانیــش لەکاتی خۆیدا خاڵێکی گرنگــە و دەبێت لە ناوخۆی حزب پرەنسیپی لێپێچینەوە لە بەرامبەر ئەو بەرپرس و ئەندامانە هەبێت، کە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکەیان پێشێل دەکەن.

**گوڵان:** حزبە سیاســییەکان لە کۆمەڵگەی ئێمــە و لــە کۆمەڵگەکانــی هاوشــێوەی ئێمــەش، بێجگــە لــەوەی کۆمەڵگەکە لە قۆناغــی ئینتیقالیدایــە، لەهەمانکاتــدا حزبەکان خۆشــیان لە قۆناغــی ئینتیقالین و دەیانەوێــت گۆڕانکاری بەســەر خۆیاندا بهێنن بۆ ئــەوەی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگە بگونجێنن، پرسیار ئەوەیە ئایا حزبێکی وەکو (پارتی) چــۆن ئەم وەرچەرخانە لە حزبێکی قۆناغی شۆڕشگێڕییەوە بۆ قۆناغی کرانەوە و دیموکراتی پیادە دەکات؟

**نەزهەت حالی:** خۆگونجاندن و ئەنجامدانی گۆڕانــکاری لــە ئەنجامی هاتنەپێشــی هەندێــك پێویســتی و هاتنەکایەی دۆخی نوێوە سەرچاوە دەگرێت، بارودۆخی هەرێمی کوردســتان و عێراق بەشــێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری گەورەو بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، تاوەکــو ڕووخانی ڕژێمی ســەددام هەرێمی کوردســتان لەلایەن دەوروبەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتــی بــە فەرمی نەدەناســرا، ئەمە وایکردبوو کە هەموو لایەك لەبەر بەرژەوەندی خۆیــان و ڕەچاوکردنــی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی سەددام و بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەر لەبەر دۆخی ناوخۆییان نەیاندەویست پێوەندییەکانیان لە ئاستی هەرێمی کوردستان و لەگــەڵ دامەزراوەکانی بێــت، لەلایەکی تریش ئەم دۆخە وای کردبوو کە ئەرکی حزب قورســتر بێت و بە هەندێك کاری دەوڵەتیی هەڵبســتێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کە لــەدوای ڕووخانی ڕژێم هاتوونە کایەوە، بووە هــۆکاری دان پێدانانی لایەنە عێراقییەکان و چەسپاندنی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان لە دەســتووری عێراقدا، ئەمــە ئێمەی بردە قۆناغێکــی دیکە و دەرفەتی زیاتری پێداین کە هەم پێوەندییە دەرەکییەکانی خۆمان لەسەر ئاســتی پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێکبخەین و هەم لە ئاســتی ناوخــۆش دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و دادوەری بەهێز بکەین، هەروەها ئەو گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی

**مەرجی سەرەکی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە، پارتە سیاسییەکان بە سینگێکی فراوانەوە ڕای جیاواز وەربگرن و یەکتری قبوول بکەن**

**بێجگە لەوەی دەبێت دەرفەتی ڕادەربڕین لەناو حزبدا هەبێت، دەبێت بە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاکو بێگەردیش دەرفەتی وەرگرتنی پۆست بدرێتە هەموو کەسێك**

**دەبێت لەناوخۆی حزبیشدا پرەنسیپی لێپێچینەوە لەو بەرپرس و ئەندامانە هەبێت، کە پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکەیان پێشێل دەکەن**

بەسەر هەرێمدا هات، دۆخێکی نوێی بۆ ڕەخساندین کە بێگومان ناتوانین بە هەمان بیر و ئەجێندای کۆن کار بکەین، ئەوجا بۆ ئەوەی پارتی لە حزبێکی شۆڕشگێڕەوە بچێتە قۆناخی پارتێکی بەشدار لە حوکمڕانی هەرێم، پێویستە لە بیرکردنەوە و پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتی گۆڕانی بەسەردابێت و تەنانەت لە هاتنەپێشی کەسانی نوێ لە ئافرەتان و پیاوان بۆ سەرکردایەتی سڵنەکاتەوە. هەروەها بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشانە ببێتەوە کەلەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی باسمان کردن هاتوونەتەپێش، هەندێ پرسی ناوخۆ هەن وەکو گەندەڵی، چاکسازی ئیداری و چارەسەرکردنی بێکاری و دۆزینەوەی هەلی کار و مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەروەها بەدواداچوون و چاودێری کردنی ئەدای کادرانی پارتی لەناوخۆی حزب و لەدەسەڵاتی جێبەجێکاری و یاسادانان، کە ئەمەش نەك تەنیا ویستی کادران و ئەندامانی حزبە، بەڵکو داخوازییەکی گشتی خەڵکە کە چاوەڕوانی ئەوە لەپارتی دەکەن.

**گوڵان:** پارتی یەکێکە لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام ئێستا ئەگەر ریزبەندی حزبەکان بکەین، پارتی لە ڕووی نفوز و جەماوەرە بە حزبی یەکەم دەژمێردرێت، ئەمەش واتە ئەگەر حزب نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگە بکات، پارتی نوێنەرایەتی بەشە گەورەکە دەکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا پارتی تەحەمولی بەپرسیاریەتیە گەورەکەش دەکات، ئەگەر دەیکات چۆن؟

**نەزهەت حالی:** باوەڕم وایە پارتی هەمیشە تەحەمولی بەرپرسیارێتی کردووە و دەیکات و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن و تەحەمولی بەرپرسیارێتیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پارتی و مێژووی پارتیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، هەست کردن و تەحەمولکردنی بەرپرسیارێتیش وا دەکات کە هەمیشە بە وریایی و هوشیارییەوە هەنگاو بنێیت بۆ ئەوەی لە هەڵە بەدوور بیت.

**گوڵان:** لایەنێکی سلبی لە ناو پارتی، کەمی بەشداری ئافرەتە، ئایا تۆ پێتوانییە، کەمی بەشداری ئافرەت لەپارتی خۆی ئاستەنگێك نییە بۆ دیموکراتی ناوخۆی پارتی، ئەگەر هەستتان بەم لایەنە سلبیە کردووە، ئایا چۆن پارتی ئەم لایەنە ڕێکدەخاتەوە؟

**نەزهەت حالی:** ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە ژیانی سیاسی هەر کۆمەڵگەیەکدا



**ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی بەسەر هەرێمدا هات، دۆخێکی نوێی بۆ ڕەخساندین کە بێگومان ناتوانین بەهەمان بیر و ئەجێندای کۆن کار بکەین**

**پارتی هەمیشە تەحەمولی بەرپرسیارێتی کردووە و دەیکات و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن و تەحەمولی بەرپرسیارێتیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پارتی**

**ڕێژەی ئافرەت لەناو پارتیدا لە خوارەوە تاکو سەرەوە، لەئاستی حەز و ویستی پارتی نییە و دەبێت ڕێژەی ئەم بەشدارییە فراوانتر بکرێت**

دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگەکە و ئاستی پێشکەوتنی، پارتی باوەڕی بە بەشداری ئافرەت هەبووە و هەیە، لەژێر سێبەری پارتیدا یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان دامەزراوە، کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، تا ئەمڕۆش شوێن پەنجەیان لە بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان بەرچاوە، ئەمە جگە لەوەی کە نزیکەی نیو سەدە بەر لە ئەمڕۆ ئافرەت لە ناو سەرکردایەتی پارتیدا بوونی هەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێژەی ئافرەت لەناو پارتیدا لەخوارەوە تاکو سەرەوە، لە ئاستی حەز و ویستی پارتی نییە، ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر لەپیاوان قەناعەتیان بەو بەشدارییە هەیە، بۆیە ئەمە هەنگاوێکی باشە و لەم کۆنگرەیەش بە پشتگیریکردنی ئافرەتانی بەتوانا، بە شێوازی کۆتا ئەگەر لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەم بەشدارییە فراوانتر دەبێت.

**گوڵان:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پارتی بەشێوەیەکی دیکە ڕێز لە تێکۆشەرە دێرینەکانی خۆی بگرێت و ڕێگە بۆ نەوەی نوێ خۆش بکات بۆ ئەوەی بێنە ریزی سەرکردایەتی پارتی؟

**نەزهەت حالی:** ئەوەی ئێستا هەمانە بەرەنجامی زەحمەت و ماندوبوونی ئەو شۆڕشگێڕانە و خوێنی شەهیدانەن لەسەرووی هەمووشیانەوە بارزانی نەمر و شەهید ئیدریسی جوانەمەرگ و بە تێکۆشان و خەباتی جەنابی سەرۆك بارزانی هاتۆتە کایەوە. ئەو هەڤاڵانەی کە لە ڕۆژگاری سەخت و نەبوونی و مەترسیدا خەباتیان کردووە، هەمیشە جێگەی ڕێزو ستایشن لەهەر پلە و پایەیەك بن، هەندێك لەو بەڕێزانە خاوەن ئەزموونێکی باشن لەکاری سیاسی و پارتایەتی و بەڕێوەبردندا، بەڵام ئێستا نەوەیەکی نوێ لەژێر سەرکردایەتی ئەو بەڕێزانە پێگەیشتوون کە نیازیان هەیە لەگەڵیان هاوبەش بن لە خزمەت کردندا، گومانم لەوە نییە ئەو بەڕێزانەش دڵخۆشن بەوەی کە هەندێ هەڤاڵی دیکە لەگەڵیان بەو ئەرکە هەڵسن و لەپێناو بەدیهێنانی پەیام و ئامانجەکانی پارتیدا درێژە بە خەبات بدەن. لە کولتووری پارتیشدا ئەوە هەیە کە ئەوانەی لە سەرکردایەتیشدا نەمابن، هەمیشە خاوەن ڕێزی تایبەتی خۆیان بوون لەناو سەرکردایەتی و کادراندا.

**گوڵان:** ئایا پارتی بیری لەوە کردۆتەوە گۆڕانکاری لەهەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆیدا بکات؟

**نەزهەت حالی:** بەڵێ، پێداچوونەوە بە هەیکەلی ڕێکخستنی پارتی دەکرێ و ئێستا هەیکەلێك لەلایەن لیژنەیەك لە پسپۆڕانی ئەکادیمی و حزبی ئامادە کراوە و لە کۆنگرە دەخرێتە گفتوگۆکردن.

**گوڵان:** دامەزراوەیەکی هەستیار و گرنگ لەناو دەزگاکانی پارتی، ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی کوردستانە، کە لەکۆمەڵێك دامەزراوەی گرنگ پێکهاتووە و ئامانجی سەلامەتی کوردستان و دڵنیابوونی خەڵکی کوردستانە، ئایا پارتی لەم کۆنگرەیەدا ئاژانسی پاراستن وەك خۆی دەهێڵێتەوە، یان گۆڕانکاری لەم دەزگایەش دەکات؟

**نەزهەت حالی:** ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ٤٦ی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە و ئامانج لە دامەزراندنی ئەو دامەزراوەیە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان بووە، ئێستاش پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسندکراوە و ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو چاوەڕوانی دەرچوونی ئەو یاسایە دەکەین. لەناو دەزگای پاراستنی ئاسایشی کوردستاندا، کادری پێشکەوتوو و دڵسۆز ئەرکیان بینیوە و زەحمەتی زۆریان کێشاوە بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە، دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکانیش بەپێی بارودۆخ و پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستییان بە گۆڕانکاری هەیە و پێویستە بەپێی یاسا کاریان ڕێك بخرێت و لە هەمانکاتیشدا لەلایەن حکومەتەوە پێویستە هاوکاری ماددی و مەعنەوی بکرێن و ئەندامانی ئەو دەزگایانەش چاویان لە ستایش و ڕێزی خەڵکە، لەبەر ئەوەی بە بەرپرسیارێتی و بە هەستی خۆنەویستی و گیانبەخشی ئاسایشی هەرێمیان دابین کردووە، ئاشکراشە فەراهەمکردنی ئاسایش بنەمایە بۆ سەقامگیری و گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری لە کۆمەڵگەدا.

**گوڵان:** زۆر کەس باس لەوەدەکات کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەیەکی نەوعی دەبێت و وەرچەرخانێك دروست دەکات، ئایا بەرای شەخسی تۆ کۆنگرەی پارتی چۆن وەرچەرخان دروست دەکات؟ ئایا تۆ چاوەڕێی چی لێدەکەیت؟

**نەزهەت حالی:** بەستنی کۆنگرە لەژێر دروشمی نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان، هەروەها گۆڕینی پەیڕەو و پڕۆگرام و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ، ئاماژەیەکی باش دەبن بۆ ئەوەی بتوانین لەدوای کۆنگرە کاری نەوعی بکەین.

**گوڵان:** هەست دەکەین جۆش و خرۆشێك و جموجۆڵێکی نائاسایی لەناو کادرانی پارتی دروست بووە، هەموو ئەوانەی بەنیازن لەم کۆنگرەیە خۆیان بپاڵێون، کادرەکانی پارتی بەسەردەکەنەوە، ئەمە شێوازێکی جوانە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەناو پارتیدا، بەڵام ئایا ئەم شێوازە تاچەند ڕەفتاری کادرانی پارتی دەکاتە ڕەفتارێکی دیموکراتیانە؟

**نەزهەت حالی:** ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا تێبینی دەکرێت، ئەندامانی کۆنگرە ئەوانەی لە کۆنفرانسەکان دەرچوون، لە ڕێژەیەکی باشی خەڵکی هوشیار و پێگەیشتوو پێکهاتوون، کە خوازیاری باشترکردنی بارودۆخی پارتین و دەیانەوێت زانیاری و شارەزاییان لەسەر ڕابردوو و ئەزموون و توانای هزریی پاڵێوراوانی سەرکردایەتی هەبێت و تایبەتمەندی و سیفاتەکانی سەرکردایەتی کردن لەو پاڵێوراوانەدا بدۆزنەوە، بۆیە پاڵێوراوەکان ناچارن هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ناساندنی خۆیان و لەهەمان کاتیشدا ئەندامانی کۆنگرە هوشیارییەکی باشیان هەیە و هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن بەرامبەر بەو خەڵکەی کە متمانە و دەنگیان پێداون، بۆیە ئەمەش ڕەفتارێکی دیموکراسیانەیە کە پاڵێوراو هەوڵ بدات دەنگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

**گوڵان:** پێتوانییە کاتی ئەوە هاتووە پارتی لەم کۆنگرەیە بڕیاری چارەنووسساز بدات، ئەگەر ئەم مەسەلەیە بووە خاڵێك لەنێو موناقەشەکانی کۆنگرە، تۆ پشتگیری ئەو ڕایە دەکەیت پارتی ئەو بڕیارە چارەنووسسازە بدات؟

**نەزهەت حالی:** وەك لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکان ئاماژەم پێکرد، پارتی بە هوشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەوە بڕیاردەدات و تەحەمولی ئەنجامەکانی دەکات، بۆیە هەر بڕیارێکی چارەنووسساز بدات، من پشتگیری دەکەم و کورد هەمیشە ئەو مافەی هەیە کە بڕیار لە داهاتووی خۆی بدات.

**ئەو هەڤاڵانەی کە لە ڕۆژگاری سەخت و نەبوونی و مەترسیدا خەباتیان کردووە، هەمیشە جێگەی ڕێز و ستایشن لە هەر پلە و پایەیەک دابن**

**فەراهەمکردنی ئاسایش بنەمایە بۆ سەقامگیری و گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری لە کۆمەڵگەدا**

**پارتی بە هوشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەوە بڕیاردەدات و تەحەمولی ئەنجامەکانی دەکات و کوردیش ئەو مافەی هەیە بڕیار لە داهاتووی خۆی بدات**

# گرنگی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان



**ئاری محەمەد هەرسین**

**لای مەلا مستەفا و لە رێبازنامەکەیدا، ئینسان و مافە سەرەتاییەکانی سەنتراڵن**

کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان پاش دواکەوتنی بە پتر لە ١٠ ساڵ هەفتەی داهاتوو دەبەسترێت. ئەم کۆنگرەیە لە زۆر رووەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، نەک بە تەنیا بۆ پارتی، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. پارتی لە ئێستادا تەنیا حزبێکی کوردستانی نییە کە لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا مومارەسەی سیاسەت دەکات. بەڵکو رۆڵی کاریگەری هەیە لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵی عێراق، ناوبژیوانی لە ناوچەکەدا بە مەبەستی سەقامگیریی سیاسی و ئاشتی، هەروەها دانانی پلانی درێژخایەن بۆ داهاتووی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات کە تێیدا ئینسانەکان خۆشبەختن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرارەو قانونیش سەروەرە.

**ئەگەر خەمسارد و ترسنۆکەکانی ناو حزبەکەمان بیبینەوە، ئەوا جورئەتی سیاسیمان دەکوژن، کە یەکێکە لە کۆڵەگەکانی رێبازی بارزانی**

ئەم رۆڵانەی پارتی لە مەیدانی سیاسەتدا هەرچەندە جێی شانازییە، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتییەکی گەلێک گەورەو گران دەخاتە سەر شانی حزبەکەمان.

ئێمە باس لەو کارە باشانە ناکەین کە بۆ خەڵکی کوردستان بەجێمان هێناون، چونکە ئەوە ئەرکی سەر شانمان بووە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و عێراق، هەر بۆیە با هەڵسەنگاندنەکەش بۆ ئەوان بەجێبهێڵین. با باس لە موبادەرەکانی جەنابی سەرۆک بارزانیش نەکەین کە لە مێژوودا بەشانازییەکی زۆر گەورە تۆمار دەکرێت.

باس لەوە بکەین کە ئایا ئەو کێشانە چین کە کۆنگرەی ١٣ پێویستە هەڵوەستەیان لەسەر بکات و چارەیان بۆ بدۆزێتەوە و بەرنامەیان بۆ دابڕێژێت. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێکی گرنگ بە بیر بهێنمەوە کە پێویستە لە کۆنگرەی ١٣ دا پەراوێز نەخرێن. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە لە جێی تردا باسم لەم خاڵانە کردووە، بەڵام لەبەر گرنگیان هەندێکیان دووبارە دەکەمەوە:

- پێویستە کۆنگرە هەڵسەنگاندنێکی مەنتیقی و مەوزوعی بۆ سیاسەتی گشتی حزب لە هەرسێك بواری پارلەمانی، حکومی و حزبیی بۆ هەرێمی کوردستان بکات. بەواتایەکی دی هەڵسەنگاندنی ئەدای پارلەمانتاران و وەزیرەکانی حزبمان بکات بۆ هەر سێ کابینەی سێ، چوار و پێنج.
- پێویستە کۆنگرە میتۆد و میکانیزمی نوێ و سەردەمیانە پێشکەش بکات بۆ رێکخستنی حزبی. بە واتایەکی دی پێویستە ئێمە لە پاش ئەم کۆنگرەیە پتر ببینە حزبی پارلەمانتاریست و بیر لە سندووقی دەنگدان بکەینەوە، نەک تەنیا مەبەستمان بێت ژمارەی ئەندامانمان زۆر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کۆتایی بە زیادەڕەوی لە بیرۆکراسی حزب بهێنین. واتە با بۆ دەرکردنی بڕیارێك بە دەیان بازگەی ئیداری دانەنێین، چونکە بیرۆکراسیەت لە ئیدارەدا رێگە بۆ گەندەڵی خۆش دەکات.
- حزب دەبێت قوتابخانەیەك بێت بۆ پێگەیاندنی کەوادر بۆ پۆستی ئەندام پارلەمان، وەزیر، دیپلۆمات، پارێزگار، قایمقام و .. تا دێت. کە بەداخەوە تا ئێستا ئیش لەسەر ئەوە بە باشی نەکراوە. بۆیە پێویستە بیر بکەینەوە کە «ئایا ئەمە چۆن بکەین؟».
- پێویستە هەر وەك جەنابی سەرۆك دەفەرمووێت «بگەڕێینەوە سەر هەندێك لە ئەخلاقیاتی شۆڕشی ئەیلوول» و، خەڵکی خۆمان لەسەر مەبدەئی کاری خۆبەخش رابهێنین و، کۆتایی بە کەڵچەری تەمەڵی و بە پارە پاداشت کردن بهێنین کە لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەك لە ناو حزبماندا.
- ژینگەپارێزی کە یەکێکە لەکۆڵەکەکانی رێبازی بارزانی، پێویستە وەك مەبدەئو وەك بەرنامە بچەسپێندرێت.
- پێویستە بەرنامەی روونمان لە بواری پەروەردە و تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی هەبێت. هەروەها موناقەشە لەسەر دارشتنی قانونی کاری هەرێمی کوردستان بکەین.
- پێویستە ئیدارەیەکی محکەم و ئەکتیف بۆ راگەیاندنی حزب هەبێت بۆ ئەوەی کۆتایی بەم بەرەڵایی و بێ بەرنامەییەی راگەیاندنی حزب بهێنرێت. چونکە لە ئێستادا راگەیاندنی حزبمان جگەلەوەی لەفەوزادایە، بە هیچ جۆرێك دەوریشی وەکو پێویست نییە. هەروەها پێویستە بۆچوونەکانمان بە دەنگی بەرز بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنین و، کۆتایی بە میدیای سێبەر بهێنین. چونکە هەروەك لە زۆر جێگەی دیکە ئیشارەمان پێداوە ئەوە بەهەدەردانی سامانی گشتیە.
- بە مەبەستی زیاتر چوونە ناو خەڵك و ئەکتیف کردنی حزبمان لە یەکە ئیدارییە لۆکاڵیەکاندا، پێویستە مەبدەئی سەرکردایەتی پارێزگاکان و دەسەڵاتیان لە چوارچێوەی مۆدێلی لامەرکەزیدا دیاری بکەین، وەك نموونەی ئەو سەرکردایەتیەی سلێمانی.
- گرنگی بدرێت بە ئەنجومەنەکانی شارەوانی و پارێزگاکان.
- پێویستە مەسەلەی واستەو واستەکاری لە ناوحزبدا ریشەکێش بکرێت و، مەسەلەی ئیمتیازاتی حزبیش بە میکانیزمێك رێکبخرێت. بە واتایەکی دی حزب نابێت ببێتە کۆمپانیایەکی بازرگانی کە ئینسانەکان تیایدا سەرگەرمی پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بن.
- پێویستە پێداچوونەوەیەك بەسەر سیاسەتی خۆمان بەرامبەر ئافرەت و گەنج بکەین، بە بەرنامەیەکی دیراستکرا و ئەوپەڕی کەڵك لە تواناکانیان وەربگرین بۆ بەشداری کردنی چالاکانەیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان.
- پێویستە کاروبار و خزمەتگوزارییەکانی خێزانی شەهید و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگە دێرینەکانی ئەیلول و گوڵان سیستماتیزە بکرێت.
- پێویستە گرنگیەکی زیاتر بە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان بدرێت، چونکە ئێمە بەرامبەر ئەم دوو دەڤەرە کەمتەرخەم بووین، هەرچەندە بەشێکی ئەو کەمتەرخەمیە لە دەسەڵاتی خۆماندا نەبووە.
- پێویستە بیر لە میکانیزمی نوێ بکەینەوە بۆ تەعامولکردن لەگەڵ میدیای ئەهلی و ئۆپۆزیسیۆن، لەوێشدا مەبدەئی دانوستان بکەینە ستراتیژ.
- پێویستە ئۆفیسی (PR) ی حزب دابمەزرێت، واتە ئۆفیسی پێوەندییە گشتیەکان (بە عارەبیەکەی مکتب العلاقات العامە). چونکە حزبێکی سەردەمیانە نابێت ئۆفیسێکی لەو جۆرەی نەبێت.
- دواجار پێویستە گیانی کاری هەرەوەزی و تیم بەهێز بکرێت.

ئەوەی ماوە بگوترێت ئەوەیە کە پێویستە لە پێشدا سەرمایەگوزاری لەسەر حزبێکی بەهێز بکەین و کەمتر پەلەپەل لە بەدەستهێنانی پۆستی حکومیدا بکەین. چونکە ئەوە حزبە کە حکومەت پێکدەهێنێت، بۆیە تا حزب بەهێز بێت و بەشێوەی موئەسەسات کار بکات، ئەواحکومەتەکەشی بەهێز دەبێت و، حکومەتی موئەسەسات دەبێت. بەرەو کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو لە فەزایەکی هەڤاڵانە و بەرپرسیارانەدا..

# بەڵگەنامەکانی جێنێتی ویکیلیکس و پێشبینیەکانی نۆسترادامۆس



ڤینۆس فایەق

نازانم بۆچی کە هەواڵ و زانیاریەکانی جێنێتی ویکیلیکس کەلە ساڵی ٢٠٠٧وە دروستکراوە و ئەو هەرایەی بەمدوایە ناویەتیەوە بەردەوام کتێبی «پێشبینیەکانی نۆسترادامۆس»م بیردەخاتەوە، لەگەڵ ئەوەی نۆسترادامۆس پێشبینیە، بەڵام ویکیلیکس زانیاری و بەڵگەنامەی شاردراوە و نهێنی پەیدادەکات و بڵاویدەکاتەوە. یەکەمجار کە کتێبی نۆسترادامۆسم خوێندەوە تووشی سەرسامیەکی زۆر هاتم، بەڵام لەدوای ئەوەوە فێربووم چیدی بەو جۆرە شتانە تووشی سەرسامی نەبم، بەتایبەت لەئێستادا کە تەکنەلۆژیان وا بێ سنوور پەرەی سەندوە وهێند ئاسان زانیاری و هەواڵ بەخێرایی دەگەن هیچ نەماوە ماوەیەکی زۆر بە نهێنی بمێنێتەوە وکاتێك دەستمان دەکەوێت هێند سەرسامی بین.

ئەگەرچی جێنێتی ویکیلیکس کە تەنیا وەك جێنێتێکی رۆژنامەوانی کاردەکات و بەگوتەی ئەو کەسەی لەپتشیەوەیە و، ئەو هێزەی لە پشتیەوەیە نەناسراوە، چەندین چالاك و هەڵسوڕاوی بواری رۆژنامەوانی لەپشتیەوەن و بە دەیان و سەدان پارێزەریان هەیە لە دنیادا، دامەزرێنەرانی دەڵێن گوایا رەهەندێکی ئینسانی گەورە بەخۆوە دەگرێت و، مەبەست لە دروستکردنی بەدواداچوون و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانە بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە زانیاری مەترسیدار و حەیابەری لایەن و حکومەتەکانی لە دنیادا دەستدەکەوێت وەکوو زانیاریەکان لە بواری سیخوڕی و گەندەڵیەکان وپێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ. لە بوارەکانی تەندروستی و خۆراك و خوێندن و کوشتن و .تاد و، خزمەتگوزاریەکانی لە سەرتاسەری دنیادا پێشکەش دەکات بەبێ جیاوازی. ئیدی بەمشێوەیەش دەتوانین بڵێین سنووری چالاکی و تواناکانی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەدوای گەندەڵیەوەن و هەروەها ئەوانەی لە دۆسیەکانی سیخوڕی سیاسی و ستراتیژی و ئابووری دەکۆڵنەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ من گرنگ بوو چەند جار لە بەڵگەنامە و زانیاریەکانی ویکیلیکسدا ناوی کورد هاتووە، جارێك کە باس لەوە دەکات کە روسیا چەکی بە قاچاغ داوەتە کورد لە تورکیا و، جارێك لە نامەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق کە دەڵێت گوایا کورد رۆڵی گرنگی دەبێت لە زامنکردنی سەرکەوتنی شیعەکان لە عێراقدا، جاری سێیەم کە گوایا حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ ئەمەریکی داوەتە ئێران. بەڵام ئەوەشمان بیرنەچێت کەئەمە دوورنییە مومارەساتەکانی زلهێزەکانی جیهان خۆیان بێت، کەبەباوەڕی من نهێنیەکی حەیابەری خۆیان هەڵدەماڵن، بۆ ئەوەی لەپاڵیدا چەندین نهێنی هێزەکانی تری بەرانبەریان هەڵماڵن و جیهانی لێ بەئاگابێنن.

ئەوەی جێنێتی ویکیلیکس زۆر باسی لێوەکردوە بەتایبەت ئەمدواییە زیاتر پێوەندی بە ناوچەی خۆرهەڵاتە و ئەوەی پێوەندی بە دەسەڵاتی زلهێزەکانی جیهانەوەیە لەو ناوچەیەدا وەکوو، عێراق، ئەفغانستان و ڤێتنام و. تاد.

لە کاتێکدا کە یاسا بۆ چەتەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت دانراوە و بۆ نموونە سزای ئەوانە دەدرێت کە کۆپی ویندۆزی یان هەر سۆفتوۆرێکی کۆپی بەکارببرێت، بەڵام جێنێتی ویکیلیکس تا ئێستا بە شێوازی نهێنی و گوماناوی ئەو زانیاریانەی دەستدەکەوێت و لەلای خۆیەوە و بەگوتەی خۆیان پرۆگرامی جۆراوجۆری رێگرتن لە دزەکردنی ئەلەکترۆنی (خرق) و شفرەدانان بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت دەستکاری جێنێتەکە بکات یان حەجبی بکات.


دواجار دامەزرێنەری جێنێتی ویکیلیکس (جەلیان ئاسانغی ) بەرەگەز سویدی لەسەرەوەی لیستی ئەو کەسانەیە کە زۆرترین داوایان لەسەرە لەلایەن پۆلیسی ئەنترپۆلەوە. گرنگی ئەم جێنێتە لەوەدایە هەموو ئەو زانیاریانەی کە بڵاویان دەکاتەوە هەموو بە رێژەیەکی زۆر لە راستیەوە نزیکن و بگرە زۆریان راستن، چونکە هیچ شتێك لەسایەی تەکنەلۆژیادا شاراوە نییە و لەجیهانی تەکنەلۆژیای ژمارەییدا شوێن نییە بۆ شاردنەوەی زانیاری، ئیدی مەبەست لەمە دەبێت چیبێت، ئەگەر تەحقیقکردنی عەدالەتی ئینسانی بێت، ئەوا خودی عەدالەت چەمکێکی خەملێنراو و رێژەییە..

بەهەرحاڵ رەنگە هیچ روویەکی بەراورد نەبێت لە نێوان ئەو جێنێتەو کتێبی نۆسترادامۆس، بەڵام تا ئەو کاتەی راستی مەبەستی پشت دروستکردنی ئەو جێنێتە دەزانرێ، هەرجار ناوی دێت، ئەو کتێبەم بیردەکەوێتەوە.

kurdish@venusfaiq.com

شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە (سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی عێراق) بۆ گوڵان:

# دەستپێشخەرییەکەی فەخامەتی سەرۆک بارزانی نەبوایە لایەنە عێراقیەکان نەیاندەتوانی پێکەوە کۆببنەوە



فەخامەتی سەرۆک مسعود بارزانی خاوەن پرسێکی نەتەوەییە، بارزانی ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا رووبەڕووی رژێمی دیکتاتۆری بووەوە

خوا باشە و چاکە بە فەخامەتی سەرۆک مسعود بارزانی ببەخشێت، هەر کە هەواڵی شەهیدکردنی «شێخ سەتار»ی برامی بیست شەخسی خۆی پێوەندیی پێوەکردم

گوڵان ـ پارێزگای ئەنبار



**شـێخ ئەحمەد ئەبوریشـە برای شێخ ستار ئەبو ریشەیە، لەساڵی ٢٠٠٨ و دوای سـەرکەوتنی هێزەکانی سەحوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و دوای ئەوەی سەرۆك بوش سەردانی ئەنباری کرد بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنانەوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەوە تیرۆرکرا، دوای ئەو شـێخ ئەحمەد ئەبو ریشـە برای بووە سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی عێراق، بنەماڵەی شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە سەرۆکی هۆزی (ئەبو ریشە)ی عەرەبی سوننەن لە پارێزگای ئەنبار و ئێستا ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە پیاوانی ئەو هۆزە لەژێر سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد ئەبوریشە خۆیان لە هێزەکانی سەحوە دەبیننەوە، بۆ قسەکردن لەسەر هێزەکانی سەحوە و بەشداریان لە حکومەتی داهاتووی عێراق و پێوەندی بنەماڵەی ئەبوریشـە و هۆزی (ئەبو ریشـە)ی عەرەبی سـوننە لەگەڵ کورد، گوڵان سەردانی پارێزگای ئەنباری کرد و لەنزیکەوە ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**گوڵان:** لە سـەرەتادا دەمانـەوێ بۆمان بدوێـی سـەبارەت بـە درووسـتبوونی «سـەحوە». ئایا چۆن ئەو بڕیارانەتاندا لەبـارەی بەرەنگاربوونـەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی «ئەلقاعیدە»؟

**ئەبو ریشە:** لە سـەرەتای ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا، کاتێـك ڕێکخراوی «ئەلقاعیـدە» حوکمڕانیـی پارێزگای «ئەنباری» دەکرد، ئەو سیاسەتەی پیادەی دەکرد، بریتی بوو لە کوشتن و کاولکاری و سەربڕین. ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە» وێنەی ئایینی ئیسـلامی بەتەواوەتی شێواندبوو، هەروەهـا ببووە هۆی شـێواندنی وێنەی عەرەب و عێراقیش. ئەوانە کەسانێکی بکوژ و دڕندە و نەگریسن، خوێن دەڕێژن و سەر دەبڕن. هەربۆیە، هیـچ ڕێگەچارەیەکمان نەما تەنیـا ئەوە نەبێت کـە لەدژی ئەو ڕێکخراوە رابوەستین و ریشەکێشی بکەین و لە پارێزگای «ئەنبار» پاکتاویان بکەین. پـاش ئەوەی کردەوە تیرۆریسـتییەکانی قاعیدەمان لەسـەر شاشەکانی تەلەفزیۆن بینی. خەڵکێکی زۆر کە لەدەسـتی ئەو ڕێکخـراوە زەرەرمەند بـوون، ئامادەبوون پشتگیریمان بکەن، لەبەرئەوەی ڕێکخراوی «قاعیـدە» لـە پارێـزگای «ئەنبار» نزیکەی ٥٠ هەزار کەسـی کوشـتبوو، بەڵام لەبەرئەوەی دامەزراوەی سـەربازی لـە «ئەنبار»، بوونی نەبوو، نە سـوپا و نە پۆلیس، لەهەمان کاتیشـدا ڕۆڵەکانی «ئەنبار» و ڕۆڵەکانی سوننە بەشێوەیەکی گشـتی لێیـان قەدەغەکرابـوو پێوەندی بە دەزگاکانـی سـوپا و پۆلیس بکەن. هەربۆیە بـە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی سەربازی لەڕووی ئەو ڕێکخراوە تاوانبارە و ڕاوەسـتاین و شۆڕشـێکمان لەدژیان بەرپاکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو فەتوایە بشـکێنین کـە لایەنێك فەتوای دابوو نابێت ئێمە دامەزراوەی سـەربازیمان هەبێت و هەڵسـتاین بە پێکهێنانی سوپا و پۆلیس و بەرێگەی ئەو دامەزراوە سەربازیە بەرەنگاری ڕێکخراوی «قاعیدە» بووینەوە و تاوانبارانمان ئاراستەی یاسا کردەوە.

**گوڵان:** «سـەحوە»ی ئەنبـار ڕۆڵێکی زۆر باش و نایابیان هەبوو لە شـکاندنی ڕێکخراوی «قاعیدە». حکومەتی عێراقی دەستخۆشیی لە ئەرك و هەوڵەکانی پیاوانی «سـەحوە» کرد، ئایا ئێستا چارەنووسی سەحوە بەکوێ گەیشتووە؟

**ئەبـو ریشـە:** هـەروەك ئامـاژەم پێدا، ئەزموونەکەمان لـە پارێزگای «ئەنبار» جیـاوازە، هەڵسـاین بـە پێکهێنانـی دامەزراوەیەکی سـەربازی لـە پۆلیس و سوپا. حکومەتیش یەکسەر وەڵامدانەوەی هەبوو و پیاوانی «سـەحوە»ی خسـتە پـاڵ ریزەکانی پۆلیس و سـوپا. هەروەها خەڵکی تر لـە پارێزگاکانی ترەوە هێنران بەپێـی «گرێبەسـتی جەنگـی» بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی «قاعیدە»، بـەڵام ئەمەیـان کارێکـی هەڵـە بوو، لەبەرئەوەی دەبوایە هەر لە سەرەتاوە

**ئەو سەرکەوتنانەی لە هەرێمی کوردستان وەدیهێنراون، هیوای ئەوە دەخوازین ئێمەیش بتوانین ئەو جۆرە سەرکەوتنانە وەدی بێنین**

**کاتێک لە تەلەفزیۆن بینیم سەرۆک تاڵەبانی بووە بە سەرۆک کۆمار، یەکەم کەس بووم پیرۆزباییم لێکرد و یەکەم کەس بووم گوڵم بۆ نارد**

**حەزدەکەین ئێمە و برا کوردەکانمان وەک یەک تیم پێکەوە کاربکەین، بۆئەوەی هەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانمان بگەشێتەوە و باری ئابووری پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت**

**لەسەر بنەمای دەستپێشخەرییەکەی فەخامەتی سەرۆک بارزانی ئێمە گەشبینین کە شەراکەتەکە بەپێی کورسییەکان بێت**

**چەند جارێک سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–مان کرد و تاکو ئێستاش بەردەوامین لە پێوەندییەکانمان و هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی لەنێوانماندا هەیە**

**ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە» وێنەی ئایینی ئیسلامی بەتەواوەتی شێواندبوو، هەروەها ببووە هۆی شێواندنی وێنەی عەرەب و عێراقیش. ئەوانە کەسانێکی بکوژ و دڕندە و نەگریسن، خوێن دەڕێژن و سەر دەبڕن**

پیاوانی «سەحوە» بەو شتە رازی نەبوایەن و مەسەلەی «گرێبەستی جەنگ»یان ڕەتبکردایەوە، لەبەرئەوەی ماوەی ئەو گرێبەستە تەنیا بۆ ٣ مانگبوو، بەڵام شەڕ لەدژی ڕێکخراوی «قاعیدە»شەڕێکی بەردەوامە، کە لەوانەیە بۆ ماوەی ٦ مانگ درێژە بکێشێت، لەوانەشە بۆ ساڵێك بخایەنێت، یان هەروەك کە دەبینین تاکو ئەمڕۆ درێژەی کێشاوە. هەربۆیە، ناکرێ کەسێك بۆماوەی ٣ مانگ «گرێبەستی جەنگ»ی واژۆ بکات، دەبوایە هەر لەسەرەتاوە پێوەندییان بە ریزەکانی سوپا و پۆلیس بکردایە و لەدژی ئەو ڕێکخراوە شەڕیان بکردایە، ئەوان هاووڵاتی عێراقین، سوپا و هێزەکانی پۆلیس-یش ڕۆڵەکانی وڵات و وڵاتەکەیان لەباوەش دەگرێت.

**گوڵان:** ئایا پێوەندییەکانی نێوان «سەحوە» و هێزەکانی «ئیسناد» چۆنە کە ئەمڕۆ بوونیان هەیە لە «ئەنبار» و کە هەروەك دەڵێن سەر بە بەڕێز «نوری مالیکی»یە؟

**ئەبو ریشە:** هێزەکانی»ئیسناد» لە ئەنبار سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئۆفیس و ئەنجومەنەکانی «ئیسناد» شکستی بەدەستهێنا و پێکنەهێنرا لێرە. ئەوەی کە پێکهێنرا «سەحوە» بوو کە هەر لە سەرەتاوە لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە درووستبوو، دامەزراوەی سەربازیی لەبەرچاوگرت و بەپێی ئەم دامەزراوە سەربازییە بەرەنگاری ڕێکخراوی «قاعیدە» بووین، ئێمە ئەمڕۆ کیانێکی سیاسین و سەر بە عێراقین و لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆیی و پەرلەمانی بەشداریمان کردووە.

**گوڵان:** پیاوانی «سەحوە» بریتین لە هۆزەکانی «ئەنبار»، هۆزە عەرەبەکانیش هەمیشە پێوەندییەکی دۆستانە و باشیان لەگەڵ کورد هەبووە. ئەمڕۆ پێوەندیتان لەگەڵ کورد چۆنە؟

**ئەبو ریشە:** پێوەندییەکانمان لە جاران زیاترە. لەیادمە لەساڵانی حەفتاکان کاتێك سەدام حوسێن کوردەکانی ڕاگواست، روویان لە ناوچەکانی ئێمەکرد. باوکم فەرمانی بە هۆزەکە دا کە هەر یەکێك لە پیاوانی هۆز خانوویەك لە قوڕ و دار دروستبکات، بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ ئەو خێزانانە دابینبکرێت کە بەدەستی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕاگوێزرابوون. هەربۆیە هەڵستاین بە دروستکردنی خانوو بۆ ئەو خێزانانە لە قوڕ و دار و نزیکەی ٢ ساڵ لێرە نیشتەجێبوون، تا ئەو کاتەی گەڕانەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك. هەربۆیە، پێوەندییەکی برایانە و دۆستانە و هاوسۆزانە لەنێوان عەرەب و کوردەکان-دا هەیە، بەتایبەتی لە پارێزگای «ئەنبار»، تاکو ئەمڕۆش خێزانی کورد لێرە دەژین. ماوەیەك بەر لە ئێستا هێزەکانی ئەمریکا ئافرەتێکی کوردیان دەستگیرکرد لەبەرئەوەی مێردەکەی داواکراوبوو، ٦٠٠٠ خۆپیشاندەر ڕێپێوانێکیان ڕێکخست و دەنگیان بەرزکردەوە بۆ ئازادکردنی ئەو ئافرەتە. ئەمریکییەکان وتیان چارەسەرەکە چییە؟ وتم ئافرەتەکە ئازادبکەن بۆئەوەی خۆپیشاندەرەکان بەڕێبکەین. هەربۆیە ئافرەتەکەیان ئازادکرد و نەمانهێشت لە سەربازگەکە بمێنێتەوە، پاشان خۆپیشاندانەکە بڵاوەی پێکرا. ئەمە لەکاتێکدا «صالح موتڵەگ» داواکاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو، نەمانتوانی ٢٠٠٠ خۆپیشاندەری بۆ کۆبکەینەوە.

**گوڵان:** شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە سەرۆکی کۆنگرەی «سەحوە»ی عێراق، ئایا هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆت لەگەڵ سەرۆکی هەرێم «مسعود بارزانی» هەیە؟

**ئەبو ریشە:** فەخامەتی سەرۆك «مسعود بەرزانی» خاوەن پرسێکی نەتەوەییە، کە لەپێناوی ئەو پرسەدا باوك و پێگەی خۆی کردووە بە قوربانی. هەروەها فەخامەتی سەرۆك «جەلال تاڵەبانی»، ئەویش خاوەنی هەمان پرسە و هەردووکیان توانیان دەسکەوتێك بەدەست بهێنن، بارزانی ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا ڕووبەڕووی ڕژێمی دیکتاتۆری بوونەوە. هەموو ڕێزێك و خۆشەویستییەك لەنێوانماندا هەیە. سەبارەت بەو سەرکەوتنەش کە لە هەرێمی کوردستان وەدیهێنراوە، هیوای ئەوە دەخوازین ئێمەیش بتوانین ئەو جۆرە سەرکەوتنانە وەدی بێنین کە لەسەر خاکی کوردستان ڕوویداوە. خوا باشە و چاکە بۆ فەخامەتی سەرۆك مسعود بارزانی ببەخشێت، لەبەرئەوەی هەر کە هەواڵی شەهیدکردنی «شێخ سەتار»ی برامی بیست، شەخسی خۆی پێوەندیی پێوەکردم و فەخامەتی سەرۆك «جەلال تاڵەبانی» بۆ سەرەخۆشی «د.بەرهەم ساڵح»ی نارد.

**گوڵان:** هیچ میکانیزمێك هەیە بۆ پەرەپێدانی ئەم پێوەندییە و لێکنزیکبوونەوەی زیاتر؟

**ئەبو ریشە:** لەداهاتوویەکی نزیکدا و پاش پێکهێنانی حکومەت پەنا بە خودا ئەم پێوەندییانە بەرەوپێشەوەچوونی زیاتر لەهەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەرئەوەی بوارەکان زۆر و فراوانە.

**گوڵان:** هەڵوێستتان چی بوو بەرامبەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەڕێز «جەلال تاڵەبانی» بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات؟

**ئەبو ریشە:** پێموایە کاتێك لە تەلەفزیۆن دەرچوو، من یەکەم کەس بووم پیرۆزباییم لێکرد و یەکەم کەس بووم گوڵم بۆ نارد، دەسکە گوڵێکم بۆ فەخامەتی سەرۆك نارد. لەڕاستیدا، هەبوونی فەخامەتی سەرۆك تاڵەبانی لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماردا «سەمامی ئەمان»ـە لەهەموو بوارەکان. پەنا بە خودا هیواداریین شتی زیاتر و زۆرتر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار پێشکەش بکات.

**گوڵان:** ڕات چییە بەرامبەر بارودۆخی ئەمڕۆی وڵات و ئایا بەڕێزت گەشبینی؟

**ئەبو ریشە:** پەنا بەخودا گەشبینم بەخێر، با هەر یەك لە ئێمە خۆی بکات بە خاوەنی پرسێك و لەپێناو سەقامگیری و ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان و ئابووریی وڵاتمان کاربکات، هاوشێوە لەگەڵ هەوڵ و کارەکانی براکانمان لە هەرێمی کوردستان، دەستیان کردووە بە کارێك کە ئەمڕۆ ئەنجامەکانی لە ئەرزی واقعیدا دەبینرێت، هەروەها فەخامەتی سەرۆك مسعود بارزانی و فەخامەتی سەرۆك جەلال تاڵەبانیش هەمان ڕۆڵ لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دەگێڕن. هەربۆیە، حەزدەکەین ئێمە و برا کوردەکانمان وەك یەك تیم پێکەوە کاربکەین، بۆئەوەی هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانمان بگەشێتەوە و باری ئابووری پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت و بەرەنگاری بێکاری ببینەوە، گەلانی عێراق بە ئاشتییانە ژیان بەسەر بەرن، لەبەرئەوەی گەلی عێراق باجێکی زۆر گەورەی داوە.

**گوڵان:** ئایا بەڕای بەڕێزت پێکهێنانی حکومەت بەشێوەیەکی ڕەها حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی دەبێت؟

**ئەبو ریشــە:** نامەوێ بەپێــش رووداوەکان بکەوم، با جارێ وەزارەتەکان پێکبهێنرێت، ئەو کات شتەکان دەردەکەوێت.

**گوڵان:** ئایا لەو بڕوایەدای دابەشــکردنی دەسەڵاتەکان شەفافانە بێت؟

**ئەبو ریشــە:** هــەر لایەك دڵخۆشــە بە دەسکەوتەکانی. نامەوێ پێش رووداوەکان بکەوم، با جارێ چاوەڕوان بین.

**گوڵان:** ئایا «ســەحوە» ئامادەیە لەکاتی پێویســت پاڵپشــتی لە حکومەت بکات ئەگەر لەڕووی ئاسایشەوە پێویست بوو؟

**ئەبو ریشــە:** ئێمە پاڵپشتی لە حکومەت دەکەیــن و هەروەها پاڵپشــتی لە گەلی عێراقــی و وڵاتمــان دەکەیــن لەپێناوی سەقامگیری و پەرەپێدانی ئابووری زیاتر.

**گوڵان:** ئایا لەلایــەن حکومەتی نوێ-وە هیچ بەڵێنێکتان بەدەست گەیشتووە؟ هەر پۆستێك کە تایبەت بێت بۆ «سەحوە»؟

**ئەبو ریشــە:** تاکو ئێستا هیچ نییە، بەڵام لەســەر پرەنســیپی خاڵبەندی و لەســەر بنەمای دەستپێشــخەرییەکەی فەخامەتی سەرۆك «بارزانی» ئێمە لەوە گەشبینین کە شەراکەتەکە بەپێی کورسییەکان بێت.

**گوڵان:** قسەیەك هەبوو لەبارەی گۆڕینی پارێزگای «ئەنبار» بــۆ هەرێمێك. وەك سەرۆکی کۆنگرەی «سەحوە»، بەڕێزتان راتان چییە؟

**ئەبــو ریشــە:** پارێــزگای «ئەنبــار» هاوشــێوەیە لەگــەڵ پارێزگاکانــی تر، بەشــێوەیەك کــە نە جیا دەکرێتــەوە و نە خۆیشی نایەوێ جیاببکاتەوە و سامانەکانی بۆ خۆی ئیستغلال بکات، هاوشێوە لەگەڵ پارێزگاکانــی تر لە باشــوور. ئەوەی کە ئێمــە دەمانەوێ هاوبەشــییە لەم وڵاتە و پارێــزگای «ئەنبار» بارێکــی تایبەت بە خــۆی هەبێــت. ئەمــڕۆ باروودۆخی «ئەنبار» زۆر باش نییە و بودجەکەی زۆر کەمە. هەربۆیە دەمانەوێ ئینســافی ئەم پارێزگایە بکەین بۆئەوەی بۆ تەواوی عێراق دەسپێکێکی خێر بێت. ئەگەر هەرێمەکان و فیدراڵییەتەکان مایەی لاوازبوونی عێراق بوو، ئەوە هەرگیز پێشــوازیی لێ ناکەین، بەڵام ئەگەر مایــەی بەهێزکردنی عێراق بوو، ئەوە ئەوکات پێشوازیی لێدەکەین.

**گوڵان:** مەبەستتان، داواکردن بۆ پێکهێنانی هەرێمێــك هاوشــێوە لەگــەڵ هەرێمــی کوردستان؟

**ئەبو ریشــە:** جــارێ کاتەکــە زووە بۆ ئەم قســەیە، ئێمە هێشتا هیچ نییەتێکی وامان نییە، بەڵام ئەزموونی هەرێمی کوردســتان ئەزموونێکی ســەرکەوتووە. هــەوڵ دەدەین هاوشێوە لەگەڵ ســەرکەوتنی خەڵکانی تر ئێمەیش سەرکەوین، بەڵام نەك لەسەر حسابی دابەشکردنی وڵات. ئێمە کاردەکەین لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و یەکپارچەیی عێراق، هاوکات دەمانەوێ «ئەنبار» ببێتە سەرچاوەیەکی هێز بۆ عێراق.

**گوڵان:** ســەبارەت بە بڕیارەکانی وەزارەتی نــەوت ماوەیەك بــەر لە ئێستــا لەبارەی وەبەرهێنانــی کێڵگەکانی غاز لە پارێزگای «ئەنبــار». ئایــا ئێــوە لــەم بارەیەوە چ هەڵوێستێکتان هەبووە؟

**ئەبــو ریشــە:** هەڵبەتــە ئــەم وەبەرهێنانە وەبەرهێنانێکی نارێك و نادروســتە. ئەمڕۆ هەموو سامانەکان هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکرێ و دەفرۆشــرێت، دەتوانن شتێك لەو سامانانە دەربچووێنن کە لەناو وڵات سوودی هەبێت. ئەم وڵاتە نەك تەنیا لەســەر نەوت دەژی، بەڵکــو ئەم وڵاتە کانــزای تێدایە، وەبەرهێنانــی کشــتوکاڵی و وەبەرهێنانی پیشەسازی لە وڵاتمان هەیە، کەواتە بۆچی ئابــووری ئەمڕۆمان تەنیــا بەند بکرێت بە وەبەرهێنانی نەوت و غــاز؟ عێراق توانای بەرهەمهێنانی هەیە لەبوارەکانی فۆســفات و چیمەنتــۆ و ئاســن و پترۆکیمیاویات و ئەلەمنیــۆم و ماددەکانــی خاوێنکردنەوە، هەربۆیە، باشتر وابوو لەسەر وەزارەتی نەوت یەکێك لە گەورە کۆمپانیاکانی بهێنایە، ئەو کۆمپانیا هەرە گرنــگ و زەبەلاحانەی کە توانــای وەبەرهێنانیان تێدایە، نەك هاتووە و کۆمپانیایەکــی بچووك و ماندوو و لاوازی هێناوە. ئەم وەبەرهێنانــە بەبێ ئیمکانییات هەرگیز ســەرکەوتوو نابێت. بە راشــکاوانە بیڵێــم، ئێمە لەدژی ئەم پرۆژەیەین، لەگەڵ بەرپرســەکانیش کۆبووینــەوە و سوپاســی وەزیــرەکان دەکــەم کــە لەم هەڵوێســتەدا لەگەڵمان راوەســتان. ئێمــە دەمانەوێ غاز بکەوێتە چوارچێوەی پیشەسازیی خۆماڵی، کە بتوانێت رۆماڵی ئابووری وڵات بکاتەوە. بۆ هەموو شتێکمان هاوردە بێت؟

**گوڵان:** قســەیەك هەیە لەبارەی رێککەوتن کە لەگەڵ «تورکیا» واژۆکراوە، کە لەلایەن پارێــزگای «ئەنبار»ەوە جێبەجێکراوە. ئەم مەسەلەیە چییە؟

**ئەبو ریشــە:** ئەو مەســەلەیە پەیوەستە بە نیشــتەجێبوون و یەکەی نیشــتەجێبوون و پەرەپێدانی کشــتوکاڵی و نیشــتەجێکردن. هەربۆیــە خۆزگە دەخــوازم کۆمپانیاکانی تورکیا ئامادەبوونیان هەبێت.

**گــوڵان:** پــاش ئــەو ســەرکەوتنەی کە هێزەکانی «ســەحوە» وەدەستی هێناوە لێرە لە «ئەنبار»، ئێوە هەڵســان بە ســەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چاوتان بە ســەرۆکی پێشوو «جۆرج بوش» کەوت، ئەویش سەردانی «ئەنبار»ی کرد. ئەمڕۆ پێوەندیتــان لەگەڵ ئیــدارەی «ئۆباما» چۆنە؟

**ئەبو ریشــە:** هەر هەمان پێوەندییە. هەمان پێوەنــدی ماوە و نەپچــڕاوە. چەند جارێك سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-مان کرد و تاکو ئێستاش بەردەوامین لە پێوەندییەکانمان و هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی لەنێوانماندا هەیە، مەبەســتم بەپێی رێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات و ئێمە پاڵپشتی لەو رێککەوتنە دەکەیــن و هەوڵدەدەیــن هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتمان ســوودی لێوەربگرین، هاوکات بتوانین وڵاتمــان بونیادبنێینەوە و هاوبەشــییەك بکەوێتە نێوانمــان لەڕووی ئابوورییــەوە کە گەلــی عێراقی و گەلی ئەمریکی بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

**گــوڵان:** بەڕێزت وەك ســەرۆك کۆنگرەی هۆزەکانــی «ســەحوە» و هۆزەکانــی تر لــە پارێزگای «ئەنبــار»، راتان چی بوو بەرامبەر دەستپێشــخەرییەکی ســەرۆکی هەرێمی کوردستان؟ ئایا چ ئاکامێکی هەبوو و چیی بە پرۆسەی سیاسی پێشکەشکرد؟

**ئەبو ریشە:** هەڵبەتە ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییە نەبوایە کەسیان ئامادە نەدەبوون لەسەر یەك مێز پێکەوە دانیشــن. ئەو دەستپێشــخەرییە دەستپێشــخەرییەکی بــاش بــوو لەلایەن فەخامەتی ســەرۆك «بارزانی»، ئەمەش مێژووی ئەوە و مێــژووی بنەماڵەکەیەتی کە هەمیشــە ناسراوە بە قوربانیدان و هزری فراوان. هەربۆیە، پێی دەڵێم سوپاســی ئەو دەستپێشــخەرییە دەکــەم، لەکاتی خۆی هات.

**گوڵان:** ســەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی ئێرە، لــە زۆربەی کەناڵەکاندا قســە هەیە لەبــارەی نالەبــاری خزمەتگوزارییەکان لە «ئەنبار». ئایا ئێوە چی دەڵێن؟

**ئەبو ریشە:** بودجە نییە. ئێمە لە «ئەنبار»

**بەدامەزراندنی دامەزراوەیەکی سەربازی لەڕووی ئەو رێکخراوە تاوانبارە ی قاعیدە راوەستاین و شۆڕشێکمان لەدژیان بەرپاکرد**

**بۆ شەڕی قاعیدە بێچگە لە پیاوانی سەحوە خەڵکی دیکەش لە پارێزگاکانی ترەوە هێنران بەپێی «گرێبەستی جەنگی» بۆ بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوی «قاعیدە»، بەڵام ئەمەیان کارێکی هەڵە بوو**

**هێزەکانی «ئیسناد» لە ئەنبار سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئۆفیس و ئەنجومەنەکانی «ئیسناد» شکستی بەدەستهێنا و لە ئەنبار پێکنەهێنرا**



**دەستپێشخەرییەکەی فەخامەتی سەرۆک بارزانی زۆرباش بوو، ئەمەش مێژووی ئەو سەرۆکەیە کە هەمیشە ناسراوە بە قوربانیدان و هزری فراوان. هەربۆیە، پێی دەڵێم سوپاسی ئەو دەستپێشخەرییەت دەکەم، لەکاتی خۆی هات**

**لەیادمە لەساڵانی حەفتاکان کاتێک سەدام حوسێن کوردەکانی راگواست، روویان لە ناوچەکانی ئێمەکرد. باوکم فەرمانی بە هۆزەکە دا کە هەر یەکێک لە پیاوانی هۆز خانوویەک لە قوڕ و دار درووستبکات، بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ ئەو خێزانانە دابینبکرێت کە بەدەستی رژێمی سەدام حوسێن راگوێزرابوون**

بودجەمان هەبوو بە بــڕی (٤٢٥) ملیار. ئەو (٤٢٥) ملیارە پێشـــتر لەلایەن ئیدارەی پێشـــووەوە بەشـێوەیەکی دروســت تەرخان نەکرابوو، بەڵکو بۆ مەبەستەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنـــەکان بودجەکەیـــان دابەشـــکرد، هەموومان دەزانین لەبـــارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پرۆژەی فلان و پرۆژەی فیسار، ئەمەش هەمـــووی لەپێنـــاو کۆکردنەوەی جەماوەر بـــۆ هەڵبژاردنـــەکان لەلایەن ئەو کەسەی کە لەسەر پارێزگاکە بوو. کە ئێمە پارێزگاکەمان وەرگـــرت، ئەو بڕە پارانە بۆ گەنجینـــەی دەوڵەت کێشـــرایەوە و قەرەبوو نەکرانەوە، (٢٣٥) ملیار- دیناریان لە ئێمە کێشایەوە، ئەمەش هەمووی قەرزبوو بەرامبەر ئەو کارانەی کە پێشـــتر ئاڕاســـتەکرابوو. هەربۆیـــە، ئێمە داوای ئـــەو پارەیەمان کرد و داواکارییەکانمـــان رەتکرایەوە و لەکۆتاییدا بودجەی ســـاڵێکمان پێدرا بە بڕی (١٣٥) ملیار دینار. بۆ ســـاڵی دواتـــر نەمانتوانی خزمەتگوزارییـــەکان پێشـــکەش بکەیـــن و هاوکات (١٠٠) ملیار دینار قەرزاربووین و نزیکەی (١٣٥) ملیار، یان وابزانم (١٣٦) ملیار-مان هەبوو. چیمانکرد؟ (١٠٠) ملیار قەرزاربوویـــن گەڕاندمانـــەوە. قەرزەکانمان گەڕاندەوە و (٣٦) ملیار-مان بۆ مایەوە.

**گـــوڵان:** ئایا هیـــچ ترســـێکتان هەیە لە ئەگـــەری گەڕانەوەی ئۆپەراســـیۆنەکانی رێکخراوی «قاعیدە» لە ناوچەکە؟

**ئەبو ریشـــە:** ئەگەر تەماشای تەلەفزیۆنت کردبێت، دوێنـــێ ٣٩ ئەمیر-مان لەســـەر شاشەی کەناڵەکان پیشاندا. ئەوانە هەموویان لـــە «ئەنبار» بۆ رێکخـــراوی «قاعیدە» کاریان دەکرد و ئێمە هەموویانمان کۆنترۆڵکرد و هەموویان دەستگیرکران و تەسلیمی ناوخۆ کران و دوێنێ وەك بینیمان هەموویان کەوتنە ژێر دەستی یاسا.

**گوڵان:** ئۆپەراسیۆنەکانی دەستگیرکردنەکە بە هاوکاریی هێزەکانی «سەحوە» و ئاسایش بوو؟

**ئەبو ریشـــە:** بەپێی زانیاری بـــوو لەلایەن هۆزەکان و ئەو هاووڵاتییانەی کە خەمخۆری ئاسایشـــی وڵاتەکەیانن، لەگەڵ هاوکاری لایەنـــە پێوەنـــدارەکان. هەربۆیە پۆلیســـی «ئەنبار» و هێزی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە بەغـــدا، لیوا «زیا» و لیـــوا «بەها» سەرپەرشتیی ئەم ئۆپەراسیۆنانەیان دەکرد و ئەمیرەکانیان دەسگیرکرد.

**گـــوڵان:** لـــە رۆژانـــی هەڵبژاردنەکانـــدا «سەحوە» بانگەشـــەیەکی گەورەی هەبوو لـــە پارێزگا. بەڵام جگە لە یەك کورســـی، کورسی زیاتری وەدەستنەهێنا لە پەرلەمان. ئایا هۆکاری ئەوە چی بوو؟

**ئەبو ریشـــە:** هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وابزانـــم هەموو وڵاتانی عەرەبی کەوتنە «ئەنبـــار» بۆ پاڵپشـــتیکردنی لیســـتی «عێراقیـــە». ئـــەو پشـــتگیرییەی کە لە لیســـتی «عێراقیە» کرا پشـــتگیرییەکی

**ئینشاڵڵا دوای پێکهێنانی حکومەت سەردانی فەخامەتی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین**



**ماوەیەک بەر لە ئێستا هێزەکانی ئەمریکا ئافرەتێکی کوردیان دەستگیرکرد لەبەرئەوەی مێردەکەی داواکراوبوو، ٦٠٠٠ کەس خۆپیشاندەر ڕێپێوانێکیان ڕێکخست و دەنگیان بەرزکردەوە بۆ ئازادکردنی ئەو ئافرەتە، لەکاتێکدا «صالح موتڵەگ» بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو نەمانتوانی ٢٠٠٠ خۆپیشاندەری بۆ کۆبکەینەوە**

نێودەوڵەتـــی بـــوو و کاریگەرییەکی زۆری لەســـەرمانکرد لە «ئەنبار»، ئێمەیش هیچ پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی لەپشتمان نەبوو، تەنیـــا جەماوەرەکەمان هەبوو پشـــتی پێ ببەســـتین. ٦٠ هەزار دەنگمان بەدەستهێنا، ئەویش ئەو دەنگانە بوو کە بەرەنگاربوونەوەی «قاعیدە»یان دەکرد. ئەو ٦٠ هەزار کەســـە بوون دەنگیان بە ئێمە دابوو. پیاوە بوێرەکانی سەر زەوی کە لەدژی ڕێکخراوی «قاعیدە» وەستان و شـــەڕیانکرد دەنگیان بە ئێمەدا و سەرکەوتنمان بەدەســـتهێنا، ئەم دەنگانەش دەنگی راســـتەقینە بوو، نەك دەنگی سەر کاغەز کـــە فڕێبدرێتە ناو ســـەندوقەکانی هەڵبژاردن.

**گـــوڵان:** ئایا بەڕێـــزت پێتوایـــە «نوری مالیکـــی» بتوانێت لەم خولـــە نوێیەدا ئەو شـــتانە وەدیبێنێت کە لە خولـــی رابردوودا نەیتوانی جێبەجێی بکات؟

**ئەبو ریشە:** ئەگەر بێت و کیانە سیاسییەکان پاڵپشتیی لێبکەن و ئەویش بتوانێت کابینەی حکومەت پێکبێنێت بە دانانی وەزیری پاك و شیاو، پێموایە کە دەتوانێت سەرکەوتنی زیاتر پێشکەش بکات. بەڕای من ٢ ساڵی یەکەمی نابێ لەسەری بژمێردرێت، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا رەوشی ئاسایش زۆر خراپ بوو و بەغدا گەمارۆ درابوو و «قاعیدە» بەردەوام بوو لە کردارەکانی. هەربۆیە، ٢ ساڵی یەکەم لەسەر «نوری مالیکی» ناژمێردرێت.

**گوڵان:** قسە هەیە لەبارەی پۆستی هەردووك لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ کە بدرێتە کەسایەتییە بێلایەنەکان.

**ئەبو ریشـــە:** پێویستە بدرێت بە کەسایەتیی بێلایەن.

**گوڵان:** دواپرســـیار، ئایا لەم زووانەدا هیچ سەردانێکت بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت؟

**ئەبو ریشـــە:** پەنا بە خودا پاش پێکهێنانی حکومەت ســـەردانی فەخامەتی ســـەرۆك «مسعود بارزانی» دەکەین.

**گوڵان:** ئەگەر بکـــرێ دەتوانی پێمان بڵێی ئامانجی سەردانەکەتان چی دەبێت؟

**ئەبو ریشـــە:** پێش هەموو شتێك سەردانی هەرێمەکە دەکەین، لەبەرئەوەی تا ئێســـتا ســـەردانمان نەکردووە، هاوکات سەردانی فەخامەتی ســـەرۆك بارزانـــی دەکەین و ســـوودێك لە ئەزموونی هەرێمەکە دەکەین لەگەڵ بینینی شێوازەکانی کارکردنیان لە هەرێمەکە، لەگەڵ شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانـــی حکومـــەت و ســـوودێك لەو ئەزموونە ئیداری و ئابوورییە وەربگرین و کرانەوەیەك درووستبکەین بۆ هەماهەنگی و هـــاوکاری لەنێوانمانـــدا لەڕووەکانـــی بازرگانی و ئابوورییەوە و هەروەها لەڕووی ئاڵوگۆڕی شارەزایی، ئێمەیش لێرەدا خاوەن شـــارەزایی و پســـپۆرین و کاری لەسەر دەکەین و هیواداریـن ئاڵوگۆڕی شارەزایی لەنێوانماندا دەســـتپێبکات و هەردوو لامان سوود لێك وەربگرین.

## پاتریک کلاوسن جێگری بەڕێوەبەری دیراساتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# سیاسەتمەدارانی عێراقیش وەک من بڕیارە گرنگەکان دوادەخەن و دەیخەنە کاتە هەستیارەکان، بۆیە پێدەچێت لەدوا ساتەکاندا بڕیاری گرنگ بدەن

**پاتریك کلاوسن شرۆڤەوانی سیاسیی ناسراوی جیهان و تایبەتمەند لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای واشنتۆن و دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی ڕۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جۆرناڵ، بەردەوامیش لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان وەك شرۆڤەوانێکی بەئەزموون بۆچوونی لەسەر پرسە گەرمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران و عێراق بڵاو دەکرێتەوە، پرۆفیسۆر کلاوسن تا ئێستا وەك پسپۆڕێکی سیاسی لەگەڵ زیاتر لە ١٠-١٥ نووسینگەی فیدراڵی حکومەتی ئەمریکا کاریکردووە، هەروەها تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ جار وەك پسپۆڕێك بانگهێشتی لیژنەکانی کۆنگرێس کراوە بۆ ئەوەی گوێ لە بۆچوونەکانی ڕابگرن، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق و سەرکەوتنی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی، لە ئاخاوتنێکی تایبەت بەگوڵاندا، پرۆفیسۆر پارتریك کلاوسن بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:**



**گوڵان:** ئایا ڕات چییە بەرامبەر پێشهاتەکان لە عێراق؟ نزیکەی ٨ مانگە هەڵبژاردنەکان ئەنجامدراوە و لەکۆتاییدا عێراقییەکان گەیشتنە جۆرە ڕێککەوتنێك لەبارەی پێکهێنانی حکومەت. ئایا تا چەند ئومێد هەیە کە ئەم ڕێککەوتنە حکومەتێکی ئەکتیڤی لێ بکەوێتەوە؟

**پاتریك کلاوسن:** هەواڵە دڵخۆشکەرەکە ئەوەیە کە حکومەتی عێراقی لەوە باشتر دەرچوو کە خەڵك پێشبینیی بۆ دەکرد، بەتایبەتی پاش ئەو هەموو ماوە زۆرە. هەرچەندە حکومەتەکە حکومەتی بەڕێوەبردنی کارەکان بوو، بەڵام هاوکات بەردەوامبوو لە ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی و بەتایبەتی لەڕووی ئاسایش لەوە باشتر دەرچوو کە خەڵك چاوەڕوانی لێ دەکرد، بینیمان چۆن ڕەوشی ئاسایش لە وەرزی هاویندا چۆن تێکچوو، بەڵام لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بارودۆخەکە کەمێك بەرەو باشتر ڕۆیی. بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە پێدەچێت سیاسەتوانەکانی عێراق تاڕادەیەك ئامادەباشییان تێدا نییە بۆ کۆمپرۆمایز و پێکەوەکارکردن لە حکومەتێکی هاوبەش. هەڵبەتە پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش لەزۆربەی وڵاتەکاندا کارێکی زەحمەتە، بەڵام وادیارە لە عێراق زۆر زەحمەتترە، لەبەرئەوەی عێراق ئەزموونی نییە لە هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکاندا. هەربۆیە، لێرەدا پرسە گرنگەکە ئەوەیە کە نەك تەنیا دەتوانرێت حکومەتێکی نوێ پێکبهێنرێت، بەڵکو حکومەتێکی نوێ دەستبەکاردەبێت. بەواتایەکی تر، پاش پێکهێنانی حکومەت لایەنە سیاسییە جیاوازەکان پێکەوە کاردەکەن. بەڵام جارێ ناتوانرێت پێشبینیی ڕووداوەکان بکرێت، لەبەرئەوەی لەوانەیە ململانێ و ناکۆکی لەنێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان سەرهەڵبدات لەبارەی دابەشکردنی وەزارەتەکان و هەندێ لایەن نارەزابن لەسەر پێدانی هەندێك لە وەزارەتەکان بۆ لایەنێکی سیاسی ...تاد. هەروەها لەوانەشە بارودۆخەکە بە ئارامی کۆتایی بێت و کۆمپرۆمایزی باش لەلایەن لایەنە سیاسییەکان ببینین و هەموویان پێکەوە لە حکومەتێکی هاوبەشدا کاربکەن.

**گوڵان:** سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماند کە کورد بەشێك لە کێشەکانی عێراق نییە، بەڵکو کورد بەشێکە لە چارەسەرەکەی. ئایا بەڕای تۆ تا چەند پێویستە ڕێز لە هەڵوێستی کورد بگیرێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق؟

**پاتریك کلاوسن:** یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی

دەستپێشـــخەرییەکەی «بارزانی» ئەوەیە کە لەنێـو عەرەبەکانی عێراق هەســتێکی بەهێز هەیە بەوەی پێویستە عێراق وڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوو بێت. هەربۆیە دەستپێشخەرییەکەی «بارزانی» ڕەنگدانەوەیەك بوو بۆ پابەندبونی کوردەکان بەرامبەر عێـراق. لەوەش بەئاگام کە دەستپێشـخەرییەکە مایەی مشـتومڕە، لەبەرئەوەی هەندێ لە کوردەکان خوازیاربوون هەرێمی کوردســتان بەشـێوەیەکی بەهێزتر ببینن و هاوکات «بەغدا» بە لاوازتر ببینن. بەڵام لە پارچەکانی دیکـەی عێراق ئومێد هەیــە بۆ عێراق کە ببێتــە وڵاتێکی بەهێز. بەو شێوەیەش، ئاشکرایە دەستپێشخەرییەکەی بارزانی یاریدەدەر دەبێت لە زیاتر بەهێزکردنی عێراق.

**گوڵان:** ئایا بەڕای تۆ ئەم دەستپێشخەرییە تا چەند دەبێت بەمایەی دروستبوونی متمانەیی لەنێو پێکهاتەکانی عێراق؟

**پاتریك کلاوسـن:** متمانە وشــەیەکی زۆر بەهێزە. بەڕای من پارت و لایەنە سیاسییەکان ڕقیان لە یەکترە و تەنانەت سیاســەتوانەکانی هەمان پارتی سیاسی لەنێوان خۆیاندا ناکۆك و نەیــارن. هەربۆیە، زۆر زەحمەتە خەڵکانێك کە گــرژی و ناکۆکــی لەنێوانیاندا هەبێت، بگەنــە متمانە بەرامبــەر یەکتری. بەڕای من دەســتپێکردن بــە بونیادنانــی پێوەندی و پەرەپێدانی ئــەو پێوەندییانــە لەوانەیە بە تێپەڕبوونــی کات بگۆڕێــت و ببێــت بــە متمانەیی. بەڵام پێویســتە ڕاستگۆ بین لەوە بارەیــەی کە لە ســەرەتاکانی پێوەندییەکاندا هەموو لایەنەکان بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، لەنێو سیاســەتوانەکانی هەمان پارت و هەروەها لەنێوان پارتە جیاوازەکان.

**گــوڵان:** ئایا تــا چەند دەتوانرێــت متمانە دروســتبکرێت لەنێو عێراقییەکان بەرامبەر بە سیاسەتوانەکان؟

**پاتریك کلاوســن:** بەڕای مــن هاووڵاتیانی عێراق چاوەڕوانــی ئەنجامەکانی ئەو کارانە دەکــەن کــە پێشــبینیی دابینکردنی دەکەن لەلایەن حکومەتــی عێراقییــەوە، لەبارەی دابینکردنــی ئاســایش و ســەقامگیری لەگــەڵ ئەنجامدانی پەرەپێدانــی ئابووری و خۆشــگوزەرانی. ئەمڕۆ ئــەو گلەیی و گازاندانەی کە لە حکومەت دەکرێت، بریتییە لە نەبوونی خزمەتگوزارییــەکان، بۆ نموونە ئەمڕۆ زۆربــەی گلەییەکان لەو بارەیەیە کە حکومەت بەپێی پێویست کارناکات. هەربۆیە پێموایە کە ئەوەی بــەلای خەڵکەوە گرنگە تەنیا شـێوازی کارکردنی حکومەتە لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

**گوڵان:** وێڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەیبووە، بەڵام دەبینین کورد هێشتا کێشەی هەڵپەســێردراوی لەگەڵ حکومەتی ناوەنــدی هەیە لە «بەغدا». ئایا بەڕای تۆ حکومەتی داهاتوو تا چەند لەتوانایدا دەبێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات؟

**پاتریك کلاوســن:** فشــارێکی زۆر گەورە ســەرهەڵدات لەلایەن هەموو سیاسەتوانەکان کە هەموویــان هەوڵدەدەن لەپێناو بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی لــە «بەغدا». هەر بۆ ئــەم مەبەســتەش تەحەدداکــە لەوەدایە کە پێویســتە حکومەتێکــی بەهێــز بێتەکایەوە لە هەرێمی کوردســتان. ئەم شتەش مایەی ڕوودانــە، لەبەرئەوەی لاوازیــی حکومەتی عێراقــی لەوەدایە کە ناتوانێت خزمەتگوزارییە گشــتییەکان دابیــن بــکات، بــۆ نموونە دابینکردنــی ئاســایش و ســەقامگیری و پەروەردە و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تر. هەربۆیــە، دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە مایەی بەهێزکردنە بــۆ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و هەروەهــا بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردســتان. هەربۆیە، باشترین شت ئەوەیە کــە کاربکرێت لەپێنــاو بەهێزکردنی هەردوو حکومەت، نەك بەهێزکردنی یەکێکیان و لاوازکردنی ئەوەی تر.

**گــوڵان:** ئەمــڕۆ گەورەترین تەحــەددا کە ڕووبەڕووی پێکهێنانــی حکومەتی عێراقی دەبێتەوە بریتییە لە دابەشــکردنی وەزارەتەکان لەنێو لایەنە بەشــداربووەکان. ئایا بەڕای تۆ «مالیکــی» لەتوانایدا دەبێت لەو ســەقفە کاتییەی کە بریتییە لە «٣٠» ڕۆژ حکومەت پێکبهێنێت؟

**پاتریك کلاوســن:** خودی خــۆم لە ژیانمدا هەمیشــە هەوڵــدەدەم ئەنجامدانــی کارە زەحمەتەکان دوابخەم و تەنیا لە دوا ساتەکاندا بڕیارەکانم دەدەم و تەنانەت هەندێجار پاش دوا مۆڵەت هەڵدەستم بە جێبەجێکردنیان. بەداخەوە سیاســەتوانەکانی عێراق-یــش وەك مــن و زۆربەی خەڵکی دیکەن کە لە دواساتەکاندا و لە دوامۆڵەتدا بڕیارەکانیان دەدەن، بەشێوەیەك کــە لەدوا چرکەدا بڕیاری ئەســتەم دەدەن و تا پێیان بکرێت چارەســەرکردنی کێشــەکان دوادەخەن. هەربۆیە، پێشبینی دەکەم بڕیاری ئەســتەمی دیکە ببینین لــە دواچرکەکانی دابەشکردنی وەزارەتەکان.

**گــوڵان:** بەڵام ئەگەر هــات و «مالیکی» لەمــاوەی ئــەو ٣٠ ڕۆژەدا لــە پێکهێنانی حکومەت شکســتی هێنا، ئایــا پێتوایە کە عێــراق ســەرلەنوێ بگەڕێتەوە بــۆ خاڵی قەیرانی سیاسی؟

- بەڵێ، بــەڵام ئەڵتەرناتیڤەکــەی چییە؟ پێموایە ئەم ڕێچکەیە خۆش و ئاســان نییە، بەڵکو پڕ دەبێت لە ئاســتەنگ و بەربەست. ئەمە پرۆسەیەکی زۆر زەحمەتە و بەو شێوەیە نییە کــە بڵێیت هــەر لەگــەڵ پێکهێنانی حکومەت ئیتر هەموو شــتێك بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێــت، تەنانــەت پــاش پێکهێنانی حکومەتیش پێوەندییەکانــی نێوان وەزیرەکان هەر بە گرژی و ئاڵــۆزی دەمێنێتەوە. هەر وەك ئاماژەم پێدا کە بەربەســت و ئاستەنگ دێتە ســەر ڕێگە، بــەڵام بــە تێپەڕبوونی کات حکومــەت دەتوانێت ئەو ئاســتەنگ و بەربەستانە ببەزێنێت.

**گوڵان:** ئەمــڕۆ ئەو پرســەی عێراقییەکان بەدەســتییەوە دەناڵێنــن بریتییە لــە نەبوونی خزمەتگوزارییــەکان. حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دەبێت. ئایا بەڕای تۆ حکومەتی داهاتوو تا چەند پێی دەکرێت خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەسەر ئاســتی لۆکاڵ بۆ هاووڵاتیان دابین بکات؟

**پاتریك کلاوسن:** هەڵبەتە عێراقییەکان خاوەن پێشبینی و ئاواتی گەورەن و چاوەڕوانی شتی گەورە لە حکومەتی عێراقی دەکەن. هاوکات لەوە دڵنیام کە زۆربەی هاووڵاتیانی عێراق لەم بارەیەوە تووشی هیوابڕان دەبن لە حکومەت، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی ڕووبەڕووی چەندیــن تەحەددا بۆتەوە. تەنانەت گەر ئەم حکومەتە کارێکی باشیشی ئەنجامدا، لەوە دڵنیام کە ئەوکات عێراقییەکان هیوادەخوازن کە حکومەتەکە کارێکی لەوە باشــتر ئەنجام بــدات. هەربۆیە لەوە دڵنیام کە عێراقییەکان بەو ئاســانییە قایل نابن و چاوەڕوانی شتی گەورەتر لە حکومــەت دەکەن. هیوادارم لەم بارەیەوە پێشکەوتنی بەرچاو ئەنجام بدرێت.

**گوڵان:** دواپرســیار، پاش چارەســەرکردنی قەیرانەکە لە عێــراق و ئەگەر «مالیکی» سەرکەوتوو بوو لە پێکهێنانی حکومەت، ئایا دەتوانین بڵێین عێراق بەرەو ئاراستەکانی ئاشتی و ســەقامگیری هەنگاو دەنێت؟ بەواتایەکی تر، ئایا تۆ تاچەند گەشــبینی بە داهاتووی عێراق؟ ئایا تۆ پێتوایە کە حکومەتی داهاتوو لەتوانایدا هەبێت سەقامگیری بۆ هاووڵاتیانی عێراق دابین بکات؟


**پاتریك کلاوســن:** هیوادارم عێراق بکەوێتە سەر ڕێچکە و ئاشتی و ئارامی و گوزەرانیی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. پێویستە تەنیا ئومێد بۆ ئەوەندە بخوازین کە عێراق پێشــبکەوێت و پەرەپێدان بەخۆیەوە ببینێت.

**دەستپێشخەرییەکەی «بارزانی» ڕەنگدانەوەیەک بوو بۆ پابەندبوونی کوردەکان بەرامبەر عێراق**

**پاش پێکهێنانی حکومەت لایەنە سیاسییە جیاوازەکان پێکەوە کاردەکەن، بەڵام لەوانەیە ململانێ و ناکۆکی لەنێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان سەرهەڵبدات**

**سیاسەتوانەکانی عێراق تارادەیەک ئامادەباشییان تێدا نییە بۆ کۆمپرۆمایز و پێکەوەکارکردن لە حکومەتێکی هاوبەش**

# کۆنفرانسی لەشبونە و سەرەتای پەیدابوونی جیهانێکی بێ چەکی ئەتۆمی



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

ئەگەر بەزێدەڕۆیی نەژمێردرێ، دەشێ بڕیارەکانی کۆنفرانسی مانگی رابردووی ناتۆ لەشاری لەشبونە لەپورتوگال سەرەتای پەیدابوونی سیستمێکی جیهانیی گونجاوتر و جیهانێکی پارێزراوتر لەهەڕەشەکانی تیرۆر و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی بن.

ئەوەی کە پاکانە بۆ ئەم گەشبینییە دەکا ئەوەیە کەئەمە یەکەم جارە بڕیارەکانی کۆنفرانسی پەیمانی ناتۆ شتێکی وایان لێ هەڵدەکرێندرێ کەناتۆ خۆی بەکارکردن بۆ هێنانەدی جیهانێکی بێ چەکی ئەتۆمی پابەند دەکا. بەڵام ناتۆ سەرەڕای ئەم خۆپابەندکردنە هێشتا سورە لەسەر هێشتنەوەی چەکی ئەتۆمی وەك هێزێکی بەرپەرچدانەوە و بەم پێودانگە ناتۆ بەکردەوە بەبێ رێککەوتن لەگەڵ هێزە ئەتۆمییەکانی تردا ناتوانێ دەستبەرداری جبەخانە ئەتۆمییەکەی بێ.

لەئەوروپا هیچ دەوڵەتێك بەقەد ئەڵمانیا سور نییە لەسەر پابەندبوونی ناتۆ بەکۆتایی هێنان بەڕۆڵی چەکی ئەتۆمی. بەڵام ئەڵمانیا لەم رووەوە بە تەنیا نییەو لەناو ٢٨ دەوڵەتە ئەندامەکەی ناتۆ ژمارەیەکی باش لایەنگری هەیە. رەنگە ئەم خۆپابەندکردنەی ناتۆ لەسەر داوای ئەڵمانیاو لایەنگرەکانی بووبێ، چونکە ئەم گروپە داوای کردبوو بەرەودان بەپڕۆژەی قەڵغانی موشەکیی ئەوروپا ببێ بەبارتەقای پابەندبوونی ناتۆ بەنەهێشتنی چەکی ئەتۆمی.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسی لەشبونە رەنگدانەوەی ستراتیژی چوار ساڵی داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکان کە لەمانگی حوزەیرانی رابردوو راگەیەنرا. لەو ستراتیژەدا بەڕوونی جەخت کراوەتە سەر هەوڵدان بۆ هێنانەدی جیهانێکی بێ چەکی ئەتۆمی و لەوێ بەڕاشکاوی باسی ئەوە کراوە کەئەم ئەرکە زەحمەتە لەسەردەمی حوکمڕانیی ئۆبامادا بێتە دی، بەڵام دەبێ ئەمریکا هەوڵی بەدیهێنانی بدا. لەو ستراتیژەدا چانسێکی زۆر بۆ هانا بردن بۆ رێوشوێنی ئاشتییانە دانراوەو مەسەلەکە خراوەتە ئەو قاڵبەی کە کاراکردنی پەیمانی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی پێویست بەهاوکێشەیەك دەکا کەتێیدا دەوڵەتانی خاوەنی چەکی ئەتۆمی بکەونە داماڵینی جبەخانەی ئەتۆمیی خۆیان و لەبەرامبەردا ئەو دەوڵەتانەش کەسەرگەرمی بەدەستهێنانی ئەو چەکەن واز لەهەوڵەکانیان بێنن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافی هەمووان لەسوود وەرگرتن لەوزەی ئەتۆم بۆ کاروباری ئاشتییانە.

هەر لەم ستراتیژەدا ئەمریکا دانی بەوەدا ناوە کەناتوانێ بەتاقی تەنیا لێپرسراوەتیی رابەرایەتی کردنی جیهان بگرێتە ئەستۆ. ئەمە خۆی لەخۆیدا پەشیمانبوونەوەیە لەبۆچوونەکانی دە ساڵی لەمەوبەر کەجەخت لەسەر بەئەمریکایی کردنی سەدەی بیست و یەك دەکرایەوە. ستراتیژەکە بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نابێ هەموو ئەرکەکانی ئەم سەدەیە لەئەستۆی ئەمریکادا بن و لەم بارەیەوە ئەمریکا پێویستی بەهاوکاریی هەندێ وڵاتە لەوانە چین و هیندستان و رووسیا.

لە لەشبونە ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمریکا کرایە کارنامەی ناتۆ و لەوێ یەکەم هەنگاو بۆ هاوبەش کردنی رووسیا و ئاشتکردنەوەی دەستی پێکرد. پێش بەسترانی کۆنفرانسی لەشبونە، ناتۆ هەنگاوێکی گرنگی بەرەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ رووسیا هەڵهێنا بوو، کاتێك رەزامەندیی لەسەر پەیمانی کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمیی لەگەڵ رووسیا نیشاندا. سەرۆکی ئەمریکا خۆیشی داوای لەکۆنگرێس کردبوو پشتگیریی ئەم دەستپێشخەرییەی ناتۆ بکا.

یەك رۆژ پاش کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە، سەرۆکی رووسیا دیمتری میدفیدیف بەتایبەتی سەردانی لەشبونەی کردو بەشداریی لەکۆبوونەوەی هاوبەشی پەیمانی ناتۆو رووسیا کرد. بەستنی کۆبوونەوەکە دوای یەك رۆژ پاش کۆنفرانسەکە خۆی لەخۆیدا مانای خۆی هەیەو تێیدا رووسیاو ناتۆ لەسەر دامەزراندنی قەڵغانێکی موشەکی بۆ پاراستنی ئەوروپا بیروڕایان گۆڕییەوە. بەشداریی رووسیا لەم پڕۆژەیە نیشانەی دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەی پێوەندییە لەنێوان رووسیاو رۆژئاوا. سەرۆکی ئەمریکا بەڕاشکاوی رایگەیاند کە رووسیا بۆ لەمەودوا نەیار نییە، دۆستە. کۆبوونەوەکە بناغەیەکی بۆ کۆتاییهێنان بەو گرژییە دانا کەساڵی ٢٠٠٨ لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگی رووسیا- جۆرجیا دەستی پێکردبوو. بەڵام دیارە ئەم مەسەلەیە هێشتا خۆماندوکردنی دەوێ.


هەم لەکۆنفرانسەکەی ناتۆو هەم لەکۆبوونەوە هاوبەشەکەی ناتۆو رووسیا جەخت لەسەر مەسەلەی ئەفغانستان کرایەوەو ئەو پلانە پەسەند کرا کەدەبێ تا ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی ئەفغانستان بتوانێ ئەرکە ئەمنییەکەی خۆی جێبەجێ بکا.

کۆنفرانسی لەشبونە ساغی کردەوە کەئێستا ئەمریکا باشتر لەجیهان دەگات.

بەرهەمی تازەی هاوکارمان فەرید ئەسەسەرد.. دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکەین گوڵان

فەرید ئەسەسەرد

# ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان ١٩١٤ - ٢٠٠٥



ئامادەکردنی

سەردار محەمەد عەبدولرەحمان

هۆشیار محەمەدئەمین خۆشناو




# سیمای لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان کەلتووری نەتەوەیەک پیشانی جیهان دەدات



پێکەوە ژیان لەوکاتەدا مانای دەبێت کە نەتەوەی کەمینە یان کەمایەتیە ئایینییەکان راشکاوانە دان بەبرا گەورەیی نەتەوەی سەردەست یان زۆرینەی ئەو وڵاتە بنێت و بە ناچاری برابچووکیی قبوڵ دەکات

ئەو لیژنەیەی لەسەر راسپاردەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازی لەبرا کریستیانەکان دانراوە ناوی ١٨٠ هەزار هاووڵاتی، کە دەکاتە پتر لە ٧٠٠٠ خێزان تۆمارکراون کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان

پێکەوەژیان و لێبوردەیی کۆمەڵگە پێویستی بە کەلتووری لێبوردەیی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەیە، کۆمەڵگەیەك خاوەنی کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان نەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو کەلتوورە بە ئاسانی لە کۆمەڵگە رەگ دابکوتێت، هەر بۆیە گەورەترین کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو وڵاتانەی کێشەی ئیتنی و ئاینیان هەیە نەبوونی کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە، هەموو ئەو توندوتیژیانەشی لە هۆکاری ئیتنی و ئایینی لە کۆمەڵگە دروست دەبن، دیسان هۆکارەکەی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە کەلتووری لێبوردەیی لەناو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە نییە یان ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە، پێکەوە ژیان لەوکاتەدا مانای دەبێت کە نەتەوەی کەمینە یان کەمایەتیە ئایینییەکان راشکاوانە دان بەبرا گەورەیی نەتەوەی سەردەست یان زۆرینەی ئەو وڵاتە بنێت و بە ناچاری برابچووکیی قبوڵ دەکات، بەداخەوە لەوماوانەی دواییدا و لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کریستیانەکانی ئەو ناوچانە رووبەرووی شاڵاوێکی دڕندانەی توندوتیژی بوونەوە و تا کار گەیشتە ئەوەی کە ناچاربن زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و رووبکەنە هەرێمی کوردستان، کە بەپێی دوایین سەرژمێری کە لە کاتی نووسینی ئەم دێرانە بەم راپۆرتە گەیشتووە، تا ئێستا ئەو لیژنەیەی لەسەر راسپاردەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازی لەبرا کریستیانەکان دانراوە ناوی ١٨٠ هەزار هاووڵاتی، کە دەکاتە پتر لە ٧٠٠٠ خێزان تۆمارکراون کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ئێستا هەموو هەوڵێك خراوەتە گەڕ کە پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت، بێگومان لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی خۆی پیشانداوە پێشوازی لە ژمارەیەکی زیاتری برا کریستیانەکان بکات، بەڵام دیسان ئەو توندوتیژیەی دژی برا کریستیانەکان لەناوچەکانی دیکەی عێراق پیادە دەکرێت، بە رووداوێکی ترسناك لەقەڵەم دەدرێت.



سنتیا ئیلنۆ بۆ گوڵان:

# پرۆسەی بونیادنانی کولتوری لێبوردەیی زەحمەتترین پرۆسەیە بەڵام بەبەرهەمترین پرۆسەیە، لەبەرئەوەی خەڵک دەتوانن پێکەوە بژین و لەنێوان خۆیاندا دیالۆگ دەست پێبکەن

## کەلتووری لێبوردەیی رێگەچارەیەکی پۆزەتیف بۆ پێکەوە ژیان


چەند کەلتووری لێبوردەیی بۆ پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان گرنگە، نەبوونیشی هێندە زیاتر بۆ پاکتاوی رەگەزی گرووپەکان بەدەستی یەکتری ترسناکە، دەربارەی چۆنییەتی بونیادی کەلتووری لێبوردەیی، گوڵان بۆ ئەم راپۆرتە پرسیاری لە پرۆفیسۆر سنتیا ئێچ ئیلنۆ ئوستادی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەزانکۆی کلارك و خاوەنی کتیبی کێشە ئیتنییەکان و پەرەپێدانی سیاسیی کرد، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ئینلۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (کولتووری لێبوردەیی رێگەچارەیەکی زۆر زۆر پۆزەتیڤە بۆ پێکەوەژیان، لەهەمان کاتیشدا پێموایە کە ئەمە شتێکی زۆر زەحمەتە. هەربۆیە، بونیاتنانی کولتووری لێبوردەیی کاتێکی زۆر دەخایەنێت و پێویستیی بە کارێکی زۆر هەیە، نەك کارکردن تەنیا لەلایەن دەسەڵاتداران-ەوە، بەڵکو هەروەها لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەشەوە. ئەمەش واتای کارێکی زۆر و هەوڵدانێکی زۆر دەگەیەنێت و بریتیە لە وتویژێکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆز.

ئەو کەسانەی کە دەیاننانسم، بۆ نموونە، لە «یۆگسلاڤیا»ی پێشوو دەژین، هەوڵیانداوە بۆ بونیادنانی کولتووری لێبوردەیی، دەڵێن پرۆسەی بونیادنانی کولتووری لێبوردەیی زەحمەتترین بەڵام بەبەرهەمترین پرۆسەیە، لەبەرئەوەی خەڵك دەتوانن پێکەوە دانیشن و لەنێوان خۆیاندا بدوێن. هەڵبەتە زۆربەشمان لەگەڵ پێکەوە دانیشتن و ئەنجامدانی وتوێژ و دانوستان نین و هەوڵدەدەین خۆمانی لێ بدزینەوە و هەوڵ دەدەین خۆمان تێکەڵ ئەو گفتوگۆ ئاڵۆزانە نەکەین لەبەرئەوەی لەمیانی ئەو گفتوگۆیانەدا هەست بە نارەحەتی و بێزاری دەکەین. بەڵام ئەوە شتێکە کە پێویستە دەستی پێ بکەین...

قوربانی دەستی توندوتیژی و نالێبووردەیی کەمینە ئیتنی و ئایینەکانن، چەندین شێوەی جیاواز هەیە بۆ بوون بە بەشێك لە کەمینە و هەڵبەتە یەکێك لەو شتانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە پێویستە لەسەر خەڵك بێ فیز بن و ئامادەییان تێدا هەبێت بۆ قبووڵکردنی ئەو راستییەی کە ئەوانیش خاوەن جۆرە ئیمتیازاتێکن، با هەست بەوە بکەن کە هیچ ئیمتیازاتێکیان نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێك ئیمتیازاتیان هەر هەیە. لەلایەنێکی ترەوە، ئەو کەسانەی کە لە گرووپێکی زۆرینەن مەرج نییە هەست بەوە بکەن کە ئەوان کەسانێکی خاوەن ئیمتیازاتی تایبەتن. بۆ نموونە، من لێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مرۆڤێکی سپی پێستم و لە چینی ناوەندەوە سەرمهەڵداوە، باوکم پزیشك بوو و دایکیشم خاوەن ئاستێکی خوێندەواری باش بوو. هەربۆیە،

من هەست بەوە دەكەم كە كەسێكی بەختەوەرم و خاوەن ئیمتیازاتم، هەرچەندە لە خێزانێكی دەوڵەمەند نەبوومە بەڵام لە بنەماڵەیەكی خاوەن ئیمتیاز بەخێوكراوم. تەنانەت هەندێ لە تاكەكانی كەمینە ئیتنییەكانیش خاوەن جۆرە ئیمتیازاتێكن، بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە زۆربەی هاووڵاتیان هەست بە نیگەرانی و نارەحەتی دەكەن لەبەرئەوەی ئەو هزرەیان لادروست بووە كە جۆرە ئیمتیازاتێكی بچووكیان هەیە و بەپێی پێویست نییە. بۆ من چەندین ساڵی خایاند و زۆر كەس لەم بارەیەوە هاوكارییان كردم بۆئەوەی بگەمە ئەو قەناعەتەی كە بەڵێ من كەسێكی خاوەن ئیمتیازاتم. تاكەكانی كۆمەڵگەیەكی كەمینە هەموویان یەكسان نین. هەندێ خەڵك خاوەن پیشە و كارن و هەندێكی دیكەش بێكارن، هەندێك خەڵك خوێندەوارییان هەیە و دەزانن بخوێنن و بنووسن، لەكاتێكدا هەندێكی دیكەیان نەخوێندەوارن. زۆر زەحمەتە كەسانێك، وەك من، بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی دان بەو راستیە بنێن كە ئێمە خاوەن جۆرە ئیمتیازاتێكین. بەڵام زۆر گرنگە لەو پێگەیەوە دەست بكەین بە گفتوگۆ لەگەڵ خۆمان و بڵێین: ئایا من چ جۆرە ئیمتیازاتێكم هەیە؟ ئەگەر خەسڵەتە باشەكانمان لەخۆمان دۆزییەوە ئەوكات دەگەینە ئەو راستییەی كە هەر یەك لە ئێمە بۆ كۆمەڵگەیەكی بە ئیمتیاز دەگەڕێتەوە. بەڵام ناكرێ مرۆڤ بەخۆی بڵێ كە من هیچم لە ژیاندا نییە و بەتەواوەتی بێزارم، پێویستە هەر یەكێكمان دان بەو راستییە بنێت كە خاوەن ئیمتیازاتین و خەسڵەتەكانمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئێمە بەشێكین لە كۆمەڵگەیەك یان كەمینەیەك یان گرووپێكی خاوەن ئیمتیاز. لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێك جۆرە ئیمتیازاتێكی هەیە و مومارەسەی دەكات. راستە دانپیانان بەو راستییە زەحمەتە، بەڵام ئەوە باشترین هەنگاوە بیهاوێژین وەك دەسپێكێك.))

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە كێشەی نەبوونی لێبوردەیی لەكۆمەڵگە و ئەو مەترسیانەی لە نەبوونی لێبوردەیی



رونی لیپشوتز بۆ گوڵان:


# خۆشحاڵم كە دەبیستم كوردستان پێشوازی لە كریستیانەكانی عێراق دەكات،ئەمە ئەوە دەخاتە روو كوردستان پێچەوانەی بەشەكانی دیكەی عێراقە و لێبووردەیی سیمای دیاری ئەم هەرێمەیە

لەكۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن، پرۆفیسۆر رۆنی لیپشوتز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆی كالیفۆرنیا و بەرێوەبەری سەنتەری جیهانی بۆ دیراساتی كێشە نێودەوڵەتی و هەرێمیەكان، لە لێدوانێكی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی كرد و وتی :

(سەرەتا دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین دژوارییەكە لەوەدایە زۆرینەی ئایینەكان، یان شوێنكەوتووانی ئایینەكان واگۆش دەكرێن كە ئەوەی باوەڕیان پێیەتی بریتیە لە ڕاستی، لێرەدا ئەگەر ڕاستی دوو ئایین لەگەڵ یەكدا ناسازبوون و پێكەوەنەگونجان، ئەوا سەختی و دژواری دروست دەبێت، هەروەها ئەگەر ڕاستی ئاینێكی دیاریكراو بەسەر شوێنكەوتووانی ئاینێكی دیكەدا جێبەجێ كرا، ئەوا مەسەلەكە ئاڵۆزتر دەبێت. لە كۆمەڵگەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ئەمە نەبۆتە سەرچاوەی كێشەی گەورە، ئەگەرچی هەندێ جار دەبێتە گرفتی گەورەش. كەواتە زەرورەتی بنەڕەتی لە پرۆسەی بنیاتنانی كەلتوری لێبوردەییدا، ئەوەیە ئیعیتراف بكرێت كە ئایینە جیاوازەكان ڕاستی جیاوازیان هەڵگرتووە و ناكرێت و ناتوانرێت ڕاستی ئاینێكی دیاریكراو بەسەر ئاینێكی دیكەدا بسەپێنرێت. تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم ئەگەر ئەمە جێبەجێكرا، ئەوا ڕەنگە پێویستی بە كەلتووری لێبوردەییش نەبێت، لەبەر هۆیەكی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە ئەو كات خەڵك ئیعتیراف بە فرەیی ئایینەكان دەكەن، ئەگەرچی هێنانەدی ئەم حاڵەتەش ئەركێكی ئاسان نییە. هەربۆیە لە ڕووی مێژووییەوە چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ موعالەجەكردنی ئەم كێشەیە، یەكێك لەو ڕێگایانە بریتیە لە دروستكردنی دەوڵەتێكی نوێ، بەڵام ئاشكرایە ئەمە چارەسەرنییە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی كە گرووپە ئیتنی و ئاینییە جیاوازەكان نزیك لە یەك دەژین، یا بەیەكداچوون هەیە لە نێوانیاندا، ئێمە بینیمان چیی ڕوویدا كاتێك هەوڵدرا دەوڵەتێكی نوێ لە بۆسنیا پێكبهێنرێت، كەواتە ڕوونە ئەمە یەكێك نییە لە ئەگەرەكان. لە لایەكی دیكەوە سەپاندنی نەتەوەخوازییەكی دیاریكراو لە لایەن گرووپە باڵادەست و سەردەستەكانەوە كەمتر و كەمتر جێی قبوڵكردنە. لە لایەكی دیكەوە لە زۆربەی كۆمەڵگەكاندا، تەنانەت لە ئەمەریكاشدا، گرووپە باڵادەستەكان هەستدەكەن كە گرووپە كەمینەكان هەڕەشەن بۆ سەر ئەوان، كەواتە من هیچ هۆكارێك نابینم بۆچی ئەمە تێڕوانینیانە. گرووپە باڵادەستەكان نەك هەر تەنیا كۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی دەكەن، بەڵكو كۆنترۆڵی سەرچاوەكانی سەروەت و سامانیش دەكەن و ترسی ئەوەیان هەیە گرووپە كەمینەكان بتوانن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بەدەست بهێنن.

**بونیاتنانی كولتوری لێبوردەیی كاتێكی زۆر دەخایەنێت و پێویستیی بە كارێكی زۆر هەیە، نەک کارکردن تەنیا لەلایەن دەسەڵاتداران–ەوە، بەڵکو هەروەها لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەشەوە**

**پرۆسەی بونیادنانی كولتووری لێبوردەیی زەحمەتترین بەڵام بەبەرهەمترین پرۆسەیە، لەبەرئەوەی خەڵک دەتوانن پێکەوە دانیشن و لەنێوان خۆیاندا بدوێن**



دەیڤید مەیسن بۆ گوڵان:

# پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە هەرێمی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی لەم هەرێمە ئامادەباشی ئەوە هەیە پێکهاتە جیاوازەکانی بەتەباییەوە پێکەوە بژین

**تاوەکو نەتەوەیەک یان گرووپێکی ئیتنی دیاریکراو باڵادەست بێت بەسەر دەوڵەتی نەتەوەییدا و کۆنترۆڵی بکات ئەوا ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت**

کەواتە پاراستنی مافی کەمینەکان تەنیا لە ڕێگەی یاساوە ناکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا پێویستە کۆمەڵگە بە گشتی بوونی ئەو گرووپانە قبوڵ بکات و لە هەمان کاتدا ئەوەش قبوڵ بکات کە خاوەنی داب و نەریت و بیروباوەڕی جیاوازن، واتە ئەم گرووپانە قبوڵ بکەن نەك بە سەرچاوەی هەڕەشەیان بزانن. کێشەکە ڕاستەقینەکە ئەوکاتە ڕوودەدات بەهۆی بوونی فشاری کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر گرووپە جیاوازەکان بارودۆخەکە ئاڵۆزبێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکا بڕوانین، ئەوا دەبینین لە بەشێکدا ئەو کۆمەڵگەیە هەست دەکات کە شەپۆلی هاتنی کۆچبەران، بە تایبەتی لە وڵاتی مەکسیکەوە هەڕەشە لە پێگە و باری ئابووری ئەوان دەکات، کەواتە ئەمە تەنیا پرسێکی سیاسی نییە، بەڵکو پرسێکی ئابووریشە.)) لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەو کارە توندوتیژیانەی ئێستا لە عێراقدا دژی کریستیانەکان ئەنجامدەدرێن، پرۆفیسۆر لیپشوتز بەمجۆرە شرۆڤەی خۆی بۆ ئەم دیاردەیە بۆ خستینە روو وتی : (ئەم کێشەیە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بووە، کە هەمیشە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، کە زۆربەی ئەم دەوڵەتانە لەلایەن گرووپێکی نەتەوەیی، یان ئیتنی و تەنانەت هەندێ جار ئاینیشەوە کۆنترۆڵکراون. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین ئاماژە بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بکەین کە ڕووداوێکی نوێ نییە، بەڵام دواتر کردەوەکانی پاکتاوی ڕەگەزی، جینۆساید و دەربەڕاندنی گرووپە کەمینەکان و ڕاگواستنیان بەردەوام بووە و من پێم وایە تاوەکو نەتەوەیەك یان گرووپێکی ئیتنی دیاریکراو باڵادەست بێت بەسەر دەوڵەتی نەتەوەییدا و کۆنترۆڵی بکات ئەوا ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت. من ئومێدی ئەوەم دەخواست کە زیاتر گەشبین بوومایە، بەڵام من ناتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو سەردەمە بەسەرچووە و ئیتر لەمەودوا گرووپی زۆرینە بوونی کەمینەکان قبوڵ دەکەن. دەتوانم بڵێم تەنانەت لە ئەمەریکاش دۆخێکی میسالی لەم ڕووەوە لە ئارادانییە، بەڵکو کێشەی جیددی هەیە، هەرچەندە بە هەمان جیدیەتی کێشەکانی عێراق نییە، من پێم وایە مەسیحیەکان لە عێراقدا بەشێوەیەك لە شێوەکان بوونەتە قوربانی نیزاعی نێوان شیعە و سوننەکان، بە چەشنێك یان شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان دەگۆڕن، وەك ئەوەی ڕوودەکەنە کوردستان، یا عێراق جێدەهێڵن، کە ئەوانەی ڤیزایان وەرگرتووە ئەو وڵاتەیان جێهیشتووە. بە داخەوە ئەم ڕووداوانە بەردەوامە و لە هەموو شوێنێك ڕوودەدەن و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە کێشەی لەم شێوەیەیان نەبووە، ئێستا ئەم کێشەیە ڕوودەدات تیایاندا، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپیدا هەندێ لە گرووپەکان داوای ئەوە دەکەن موسڵمانەکانی وڵاتەکە دەربکرێن.)).

**زەرورەتی بنەڕەتی لە پرۆسەی بنیاتنانی کەلتوری لێبوردەییدا، ئەوەیە ئیعیتراف بکرێت کە ئایینە جیاوازەکان ڕاستی جیاوازیان هەڵگرتووە و ناکرێت و ناتوانرێت ڕاستی ئایینێکی دیاریکراو بەسەر ئایینێکی دیکەدا بسەپێنرێت**

## هەرێمی کوردستان وەک نەوایەکی ئارام بۆ کریستیانەکانی عێراق

جوانترین هەنگاوی لێبوردەیی کە بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لە کوردستان هەڵگیرابێت و هەموو تاکەکانی کوردستانیش بڕوایان پێیەتی، ئەو بڕیارەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، کە لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوو وەك سەرۆکێکی نیشتمانی بڕیاریدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە ئایین و نەتەوەیەو لەچەند نەتەوەی جیاواز و ئایینی جیاواز پێکهاتووە و هەموو نەتەوەکان نەتەوەی سەربەخۆن هیچیان نەزۆرینەن و نەکەمینە، هەروەها ئایینەکانیش هەموویان پیرۆزن ودەبێت ڕێز لەهەموو ئایینەکان وەك یەك بگیرێت، نەهێشتنی وشەی کەمینە لەسەر نەتەوەی بچووك و ئایینێك کە ژمارەی شوێنکەوتووانی لەچاو ئایینێکی دیکە کەمتر بێت، وەرچەرخانێکی بێ وێنەبوو لە چۆنییەتی حکومڕانی سەرۆکێکی نیشتمانی وەك مسعود بارزانیدا و بۆ جاری یەکەم بوو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە یەکێك لەسەرۆکە نیشتمانییەکان ئەم هەنگاوە بوێر و مرۆڤایەتیانە هەڵبگرێت، هەروەها لە هاوینی رابردووش کاتێك بەڕێزیان بە داوەتی فەرمی سەرۆك سارکۆزی لە فەرەنسا بوو، ئامادەباشی هەرێمی کوردستانی بۆ برا کریستیانەکان دووبارەکردەوە، هەروەها ئامادەباشی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو بەوەی ئامادەیە پێشوازی لەهەموو ئەو برا کریستیانانە بکات کە لەناوچەکانی دیکەی عێراق دەکەونە بەر مەترسی و هەڕەشە، لەدوای کارە توندوتیژییەکانی مانگی رابردووش کە لەشاری بەغدا کرایە سەر کەنسیەی سەیدە نەجات لە بەغدا، جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی هەمان ئامادەباشی دووپاتکردەوە و بەکردەوەش سەلماندنی کە کوردستان ئامادەیە پێشوازی لە برا کریستیانەکان بکات، سەبارەت بەم

ئامادەباشیەی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازی کردن لە برا کریستیانەکان، پرۆفیسۆر دەیڤید مەیسن ئوستادی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەزانکۆی نوتینگهام لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو وتی : ((بەڕای من پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە هەرێمی کوردستان بکات. لە کۆمەڵگە فرەئتنی و فرە ئایین و فرەنەتەوەکاندا بەشێوەیەك لە رێکخستنێکی فیدراڵی رەفتاردەکات و لەبارەی هەندێ پرس و مەسەلەکاندا خاوەن جۆرە ئۆتۆنۆمییەکە، هەروەها دەتوانێت دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکات. هەڵبەتە ئەوەی کە باست کرد پێدەچێت نموونەیەك بێت لەم بارەیەوە. وادیارە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەییان تێدایە بە گونجاندن و تەبایی پێکەوە ژیان بەسەر بەرن و هاوکات توانیویانە ئۆتۆنۆمیی خۆیان بپارێزن و هاوسەنگییەك لەنێوان هەرێمەکە و بەغدا بخولقێنن. هەربۆیە، من لەو بڕوایەدام کە ئەوە شتێکە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی لێ دەکات. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بایەخ دەدات بە جیاوازییەکانی ناو پێکهاتەکانی عێراق لەڕووی تایەفەگەری و ئتنییەت و ئایینی و نەتەوەیی. بەڕای من پێویستە جۆرە پرۆسەیەك بێتە کایەوە لەبارەی دۆزینەوەی جۆرە چارەسەرێك بۆ ئەو ناکۆکییەی کە لە عێراق-دا سەریهەڵداوە، مەرج نییە بتوانرێت هەموو لایەنە ناکۆکەکان پێکەوە کۆبکەنەوە و ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بخولقێنن، بەڵام دەکرێ سەرەتا هەوڵ لەگەڵ گرووپە ئیتنی و ئایینییە سەرەکییەکان بدرێت بۆئەوەی بگەنە یەکلاکردنەوەیەکی ئاشتییانە بۆ جیاوازییەکانی نێوانیان لەگەڵ نەهێشتنی ئەو توندوتیژییەی کە لەنێوانیاندا بوونی هەیە. هەربۆیە، من لەو بڕوایەدام کە پێویستە ئەمە بکەوێتە چوارچێوەی ئەجێندای کارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆئەوەی ئاشتی لە نێو پێکهاتەکانی عێراق بەرقەراربکات)) هەروەها پرۆفیسۆر جێنیفەر پۆرنیللی



**جنیفەر پۆرنیللی بۆ گوڵان:**


# هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەیەک و ئەوەی سەلماندووە کە هەموو گرووپەکان دەتوانن پێکەوە ژیان بەسەر بەرن بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بە گوزەرانێکی دروستەوە

ئوستادی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی کۆلۆمبیاو پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر پێکهاتەکانی عێراق سەبارەت بەم ئامادەباشیەی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازی لەبرا کریستیانەکان لە لێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی راگەیاند: ((هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەیەك و ئەو شتەی سەلماندووە کە هەموو گرووپەکان دەتوانن پێکەوە ژیان بەسەر بەرن بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بە گوزەرانییەکی دروست. هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و سەقامگیری زۆر پێشکەوتووە و دەکرێ بۆ ئەو دوای پارچەکانی دیکەی عێراق ببێتە نموونەیەك و هیوادارم عێراقیەکان لە بەشەکانی دیکەی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و بە چاوی خۆیان ئەم راستییانە ببینن، بەتایبەتی بەغدا، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لە تەنگەژەیەکی گەورەدایە و بە بارودۆخێکی زۆر سەخت تێدەپەڕێت و دڵنیام هاووڵاتیانی بەغدا لەبیریان چووە ئاشتی و گونجاندن چییە. هەربۆیە، جگە لە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، من پێموایە کە پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆیی جۆرە تێگەیشتنێك هەبێت و هاووڵاتیانی بارچەکانی دیکەی عێراق بارودۆخی هەرێمی کوردستان ببینن و بزانن کە تاچەند کاریگەر و باشە...لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە هێرش دەکەنە سەر کریستیانەکان هاندەرێکی سیاسی زۆر بەهێز لە پشتیان هەیە. ئەوان دەزانن کە کۆمەڵگەی کریستیانەکان خاوەن لێهاتویی و بەهرە و شارەزایی و پیشەی تایبەتن، هەربۆیە دەیانەوێ کریستیانەکان ناچاربکەن لە وڵاتەکە دەرچن بۆئەوەی بەخۆیان دەست دابگرن لەسەر پیشە و کاروباری کریستیانەکان و کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی کرستیانەکان لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری. ئەمەش شتێکی زۆر خراپە، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و بزنس و پیشەسازی و کۆمپانیاکان و دامەزراوەکانی حکومەت لەلایەن کەسانێکی ناشیاو و ناشارەزاوە بەڕێوەببردرێت و کە خاوەن لێهاتوویی پێویست نەبن، ئەوکات زیان بە هەموو لایەنێك دەگەیەنێت. )) پرۆفیسۆر لیپشۆتزیش لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان وتی :( من ستایشی ئەم هەوڵانە دەکەم و پێم وایە لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان پشتیوانی دەرەکی بەدەست هێناوە، هەروەها کۆششەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەوە بخاتەڕووە کە بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی عێراقەوە لێبوردەیی سیاسی هەیە لەم هەرێمەدا- کە بوونیشی هەیە- یەکێکە لە ئیمتیازەکانی. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کوردەکان گەورەترین گرووپی ئیتنین کە تا ئێستا لەوە بێبەشکراون دەوڵەتی خۆیان هەبێت، کەواتە ڕەنگە لەم ڕووەوە ستراتیجی دیکە لە ئارادابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت من خۆشحاڵم دەبیستم کوردستان بەم کارە هەڵدەستێت.))

**لەو وڵاتانەی کە گرووپە ئیتنی و ئایینیە جیاوازەکان نزیک لە یەک دەژین، یا بەیەکداچوون هەیە لە نێوانیاندا زەحمەتە بە دروستکردنی دەوڵەتی نوێ کێشەکان چارەسەربکرێن**

**نەهێشتنی وشەی کەمینە لەسەر نەتەوەی بچووک و ئایینێک کە ژمارەی شوێنکەوتووانی لەچاو ئایینێکی دیکە کەمتر بێت، وەرچەرخانێکی بێ وێنەبوو لە چۆنییەتی حکومرانی سەرۆکێکی نیشتمانی وەک مسعود بارزانیدا**

مەتران رەبان ئەلقەس بۆ (گوڵان):



# لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستاندا ئێستا مەسیحییەکان بە ئاشتی و دیموکراتی دەژین



مەتران ڕەبان ئەلقس
مەترانی دهۆك و
سەرسەنگ و ئامێدی
و دەوربەریەتی و ئێستا
قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی
بۆ پەروەردە و فێرکردنی
بۆ قوتابیانی کوردستان
لە شاری دهۆك
کردۆتەوەوهەر خۆشی
سەرپەرشتی ئەو قوتابخانە
نێودەوڵەتیەدەکات، هەروەها
یەکێکە لە گەورە پیاوانی
کریستیان کوردستان و
لەسەر ئاستی عێراق و
ناوچەکە وەك پیاوێکی
گەورەی ئاینی کریستیان
لەقەڵەمدەدرێت و
چەندین جار سەردانی
فاتیکانی کردووە و لە
نزیکەوە پاپای فاتیکانی
بەرەوشی کوردستان ئاشنا
کردووە،ڕاستی واقیعی
هەرێمی کوردستانی بە
جیهان ڕاگەیاندووە،
مەتران ڕەبان سەبارەت بە
ناچاربوونی مەسیحیەکانی
بەشەکانی عێراق بۆ ئەوەی
ڕوو لەهەرێمی کوردستان
بکەن و ئەو پێشوازییە
لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز
مسعود بارزانی سەرۆکی
هەرێمی کوردستان لەو
برا مەسیحیانە دەکرێت،
لە دیمانەیەکی تایبەتیدا
لەگەڵ گۆڤاری گوڵان
بەمجۆرە هاتە ئاخافتن و
ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

**هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوە ژیانی هەموو ئاین و نەتەوەکانە ئەمەش جوانترین سیماکانی هەرێمی کوردستانە**

**گوڵان:** پێکەوە ژیان و لێبوردەیی یەکێکە لە سیما جوانەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەبەشەکانی دیکەی عێراق هەست دەکەین لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی فرە ئایینی و نەتەوەیی ئاسان نییە و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت، ئایا چۆن سەیری پێکەوە ژیانی فرە ئایین و نەتەوەکانی کوردستان دەکەن؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** تێڕوانین و بیروباوەڕم ئەوەیە؛ من مرۆڤێکم لەکوردستان دەژیم، مانەوەو ژیانم و نەمان و مردنم لەسەر ئەم خاکە لەگەڵ براکانمدایە، تێڕوانینی من مرۆڤانەیە و بڕوام بەپێکەوەژیان و پێشکەوتنی میللەتەکەم و سەقامگیری ئاشتی و خۆشگوزەرانی و هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن هەیە. لەناو ئەم چوارچێوە جوانەدا ژیان خۆشترو پڕ لەمانا دەبێت، ئەو کات جیاوازی نێوان مەسیحییەك و موسڵمانێك و ئاینزایەکی تر نامێنێت. بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ چەسپاندنی هزری پێکەوەژیان پێویستیمان بەیاساو دەسەڵاتێك هەیە کە خزمەت بەپاراستنی ئەم چەمکانە بکات، لێرەدا پرسیارێك دەوروژێت ئەویش ئەوەیە: (کێ ئەمڕۆ پارێزگاری لە مەسیحییەکانی عێراق و کوردستان دەکات؟). من لەکوردستان دەژیم بۆیە پێویست ناکات خۆم جیا بکەمەوە بەپێی ئایین و ئەم واقیعەی لەکوردستاندا پەیڕەوکراوە کەبەپێچەوانەی عێراقەوەیە. کاتێك خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر حزبی دامەزراند تەماشای پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستانی کرد، کە فرە ئیتنی و ئاینییە بۆیە ناوی حزبەکەی کردە، پارتی دیموکراتی کوردستان. لەلایەکی تر ئەگەر لەناو پێگەیەکدا پێکەوە بژین و هەریەکە بڵێت من عەرەب و کوردو مەسیحی و سوننەو نەتەوەی ترین ئەوا ئەو کات ئەمە دەبێتە زیندانێکی گەورە. بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی لەعێراقێکی ئازادو سەرکەوتوو بژین پێویستە لەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵ یەکتر هاوبەش بین، هەروەکو چۆن لەهەرێمی کوردستان پێکەوە بەهەموو ناخۆشی و خۆشییەکان دا تێپەڕ بووین. بۆیە من پێم وایە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوە ژیانی هەموو ئایین و نەتەوەکانە ئەمەش جوانترین سیماکانی هەرێمی کوردستانە، کە وایکردووە هەموو ئاینزاکان و نەتەوەکان بەئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانی بژین.

**زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەس لەبەغداو شارەکانی تر هاتوونەتە کوردستان و نیشتەجێبوون و ئازادانە مومارەسەی ئایین و کارو پیشەکانی خۆیان دەکەن**

**گوڵان:** پێشنیاری سەرۆك بارزانی بەهاتنی مەسیحییەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دیکەیە، بۆ پاراستنی مەسیحییەکان، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری ئەم هەنگاوەی سەرۆك بارزانی دەکەیت؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** پێش ئەوەی باسی ئەو هەڵوێستە گەورەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەم؛ دەمەوێت باسێکی ئەو کۆنگرە بەرفراوانەتان بۆ بکەم کە لە رۆما بەستراو (پاپا ) و پتر لە ١٨٠ مەتران و پیاوانی ئاینی مەسیحی و نوێنەرانی زانایانی ئیسلامی لەسوننەو شیعەو ئایینی جوو تێیدا بەشدار بوون، مەبەستی سەرەکی بەستنی کۆنگرەکەش باسکردنی ئەو توندوتیژی و تیرۆرکردنە بوو کە مەسیحییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق رووبەڕووی بوونەوە. ئەم کۆنگرەیە ١٤ رۆژی خایاند و تایبەت بوو بەکەنیسەی



کاسۆلیکی، لەرۆژانی کۆنگرەکەدا هەر یەکە لەنوێنەرانی کەنیسەکان و ئایینی ئیسلام و جوو وتارو پەیڤی خۆیان خوێندەوە، لەکۆنگرەکە پتر جەخت کرایە سەر ئەو پەلامارو توندوتیژییانە کە لە شارەکانی بەغدا و موسڵ و بەسرا روویاندا و تێیدا ژمارەیەك لەهاوولاتییانی سیڤلی مەسیحی و مەتران و قەشە بوونە قوربانی و تیرۆر کران، ئەوەی لەکۆنگرەکەم بینی بەداخەوە هیچ کەسێك باسی کوردستانیان نەکرد، ئێمە لەوێ بزر بووین و وەکو ناوچەیەکی وێرانکراو تەماشای کوردستانیشیان دەکرد. بەدرێژایی کۆنگرەکە کەس ناوی کوردستانی نەهێنا تەنیا دەیانوت باکووری عێراق، لەکۆنگرەکەدا سێ تا چوار جار پاپا ئامادەبوو، منیش لەپەیڤێکدا کاتێك پاپا ئامادە بوو وتم:( بۆ ئێوە دەزانن بۆچی مەسیحییەکان لەرابردوودا ئاوارەی بەغداو موسڵ و بەسرا بووبوون، دیارە ئێوە ئاگاداری ئەو مێژووە نین ؟ کەچۆن لەساڵی ١٩٦١ رژێمی ئەوسای بەغدا شەڕی لەدژی کوردو گەلی کوردستان دەست پێکرد زۆر لەکوردەکان و مەسیحییەکان ئاوارەی شارەکانی دەرەوەی هەرێم بوون، بگرە لە ٩٥٪ی گوندەکانی مەسیحییەکان بەهاوشێوەی کوردەکان وێرانکراو خەڵکەکەشی ئاوارە بوون، زۆر لە ئاوارەکان زمانی خۆیان کە زمانی سریانی- ئارامی بوو لەبیر کرد، لەدوای ٢٠٠٣ کاتێك رژێمی بەعس نەماو لەناوچوون ئەوانەی هاتنە سەر حوکم لەعێراق بەمەسیحییەکانیان وت ئێمە ئێوە ناناسین و دەستیان کرد بەقەتڵوعامی مەسیحییەکان و چەندین هاوڵاتی سیڤل و مەتران و قەشە کرانە ئامانجی تیرۆرستان و حسابی ئەو ٤٠ ساڵەیان نەکردن کە لە سەر زێدی گوندو خاکی خۆیان دەرکراون و ئاوارەبوون، ئەم کوشتن و تیرۆرە لەعێراقدا تا ئەمڕۆ بەردەوامە، هەر بۆیە مەسیحییەکان دووبارە روویان کردەوە هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکە یاساو ئازادییەکانی تێدایەو ڕێز لەهەموو ئاینزاکان دەگیرێت و یەکسانانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لەگەڵ ئەمەش دەمودەست جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ٣٧٠ گووندی مەسیحییەکان ئاوەدان بکرێنەوەو قوتابی و مامۆستاو فەرمانبەرانیان بۆ بگوازرێنەوەو لەشوێن و میلاکاتی خۆیان لەکوردستان دەست بەکار بن و پارەو مووچەیان پێدرا. کەنیسەو دێرەکانیان ئاوەدانکرانەوە، ئێستا لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستان مەسیحییەکان بە ئاشتی و دیموکراتی دەژین و یاسا لەم هەرێمە سەروەرە، تەنانەت برا کوردەکانیان پێیان نەوتن ئێوە کێن و لەکوێ هاتوون؟ بەو پەڕی ڕێزەوە پێشوازی و خزمەتکران. بۆچی ئێوە ناپرسن مەتران و پاتریەك و قەشەکانی ئامادەن بۆ نایەن بەچاوی خۆتان جیاوازی و راستییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداو موسڵ و بەسرا ببینن؟ کە جیاوازییەکەی ئەوەیە کوردستان جێگای ئاشتی و لێبووردەیی

**بەبڕیاری جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی وەزیری ناوخۆ لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ پێشوازیکردنی ئەو مەسیحییانەی ئاوارە دەبن و روو لەکوردستان دەکەن**

**سەرۆک بارزانی ئاشتیخوازەو دەیەوێت هەموو پێکەوە بژین و برایەتی و ئازادی بۆ هەموو عێراق بێتە دی**



**پاپا ئاگاداری بارودۆخی کوردستانەو دەزانێت چی هەیەو چی روودەدات، جارێکیان پاپا بەجەنابی سەرۆکی وتبوو:( من دەزانم کوردستان وەک بەهەشت وایە..) سەرۆکی هەرێم لەوەڵامدا فەرمووبووی من ناڵێم بەهەشتە بەڵام من بەهەموو دڵ و هەست ئامادەم بۆ خزمەتی گەل و وڵات ...**



**دەمانەوێت لەناو مزگەوت و کەنیسەو قوتابخانەو خێزانەوە هزری پێکەوە ژیان و ئاشتی دروست بێت**

و برایەتییە، ئەو قوتابخانەیەی تێیدا وانە دەخوێنراو دەبوون بەقەشە نەگونجا لەبەغدا بەردەوام بێت و لەساڵی ٢٠٠٧ هاتنە عەینکاوە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان . ئەو قوتابخانە ئاینیەش پێویستی بەکۆمەڵگایەکی بەرفراوان بوو، ئەوەبوو دەستبەجێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراو ئاوەدانکرایەوە. هەروەها بارەگای پاتریرکییە کە رووبەرەکەی ٤٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیە و لەلایەن سەرۆك بارزانی لەشارۆچکەی عەینکاوە تەرخانکرا، ئەگەر بچن بیبینن بزانن چەند شوێنێکی جوان و هاوچەرخە، ئەم بارەگایەش هەر لەبەغدا بوو لەبەر زوڵم و ستەم بۆ کوردستان گوازرایەوە. دەبێت ئەوە بزانن کە ٧٠٠٠ خێزان کە پتر لە ١٨٠ هەزار کەس دەبن لەبەغداو شارەکانی تر هاتوونەتە کوردستان و لەعەینکاوەو ناوچەکانی تری هەرێم نیشتەجێبوون و ئازادانە مومارەسەی ئایین و کارو پیشەکانی خۆیان دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لێبووردەیی و برایەتی زۆر بەهێز لەکوردستان هەیە، ناڵێین کوردستان لەوپەڕی ئاسوودەییە و وەکو بەهەشت وایە، بەڵکو هەندێکجار گرفت هەیە، بەڵام چونکە دەسەڵات هەیەو یاسا سەروەرەو حکومەتی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان و خزمەتکردن و لێبووردەیی و برایەتی دروست بووە و، حکومەتەکەش پابەندی کەلتوورو بنەماکانی خۆشگوزەرانیە بۆ گەلی کوردستان و یەکەمین جارە لەمێژوودا دەستوور هەبێت و ڕێگا بەئازادی و بیروباوەڕو هزر بدات، واتە هەموو کەس لەکوردستان ئازادە بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە، هەرکەسێك بەئایینی خۆی مومارەسەی مەراسیمە ئاینییەکانی خۆیان دەکەن.

**گوڵان:** فاتیکان وەکو مەرجەعی هەموو مەسیحییەکانی جیهان چۆن سەیری ئەو کارە توندوتیژییانە دەکات کە لەدژی مەسیحییەکان لەعێراقدا پیادە دەکرێت، چۆن سەیری هەڵوێستەکەی سەرۆك مسعود بارزانی دەکات بۆ پێشوازی لەمەسیحییەکانی عێراق؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** جەنابی سەرۆك

بارزانی ٢ جار سەردانی پاپای کردووە؛ جاری یەکەم لە ٢٠٠٥/١١/١٣ جاری دووەمیش لەمانگی ئاداری ٢٠٠٩ بوو. پاپا ئاگاداری بارودۆخی کوردستانەو دەزانێت چی هەیەو چی روودەدات، جارێکیان پاپا بەجەنابی سەرۆکی وتبوو:( من دەزانم کوردستان وەك بەهەشت وایە..) سەرۆکی هەرێم لەوەڵامدا فەرموبووی من ناڵێم بەهەشتە بەڵام من بەهەموو دڵ و هەست ئامادەم بۆ خزمەتی گەل و وڵات، بۆ برایانی مەسیحیش بەهەمان شێوە.، جارێك لەسەردانێکی سەرۆك بارزانی لەعەینکاوە فەرموو بووی من دووچاوم هەیە بەچاوێك سەیری مەسیحییەکان دەکەم و بەچاوەکەی ترم سەیری هەموو کوردستان دەکەم، لەکاتی ئەم توندوتیژییەی کە دەرهەق بەمەسیحییەکان لەشاری موسڵ و بەغداو بەسراو شارەکانی تری ناوەراست و خوارووی عێراق ئەنجام دەدرێت، سەرۆك بڕیاری دا بەباشترین شێوەو بەپێی پێویستی ژیان و گوزەران پێشوازی لەمەسیحییەکان بکرێت کە دێنە شارەکانی هەرێمی کوردستان. ئێستا لیژنەیەکی دروست کردووە بۆ ئاگاداربوون و هاوکاریکردنی مەسیحییەکان، ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە باوکێك چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانی دەکات و چاوی لەسەریانە تاوەکو دوارۆژیان باش و گەشاوەو دیار بێت.

**گوڵان:** ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەخێزانە مەسیحییەکان دێنە هەرێمی کوردستان؛ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن خۆیان بۆ پێشوازی لێکردنی کریستانەکان ئامادە کردووە؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** وەکو ئاماژەم پێدا ئێستا بەبڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی مسعود بارزانی و بەسەرپەرشتی بەڕێز کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ پێشوازیکردنی ئەو مەسیحییانەی ئاوارە دەبن لەعێراق و روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن، لیژنەکەش ئاسانکاری و هاوکاری تەواویان دەکات، خانووی نیشتەجێبوونیان بۆ دەدۆزنەوەو کرێیان بۆ دابین دەکەن و قوتابییەکانیان دەخەنەوە بەر خوێندن و مووچە دەدەنە فەرمانبەرەکانیان، لیژنەکە لەئامادەباشیدایە بەشەوو بەرۆژ. من دەڵێم مەرج نییە بەئاستێك کار بۆ مەسیحییەکان بکرێت هەست بەجیاوازی بکرێت لەگەڵ خەڵکانی تر لەکوردستان، ئێمە دەمانەوێت پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و برایەتی هەبێت، دڵنیاشین لەکوردستان لەسایەی یاساو دەسەڵاتی سیاسی ئاشتی و تەبایی و خۆشگوزەرانی مسۆگەرەو نامانەوێت بەچاوی ئایینی سەیری یەکتر بکەین، بەڵکو لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ خاك پێکەوە بژین.

**گوڵان:** برایانی مەسیحی لەعێراق و کوردستان هەموو کات پێکهاتەیەکی ئاشتیخواز بوون، هەموو کات خاوەنی لێبووردەیی بوون پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێستا لەبەشەکانی خواروو ناوەراستی عێراق بوونەتە ئامانج و توندوتیژی لەدژیان پیادەدەکرێت؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** هۆکارەکە جەهالەت و دواکەوتەییە ئەمە هزرێکی کۆن و دژایەتییە دەرهەق بەمەسیحییەکان دەکرێت، لەلایەکی ترەوە لەوێ دەوڵەت و حکومەت و یاسا نییە هەروەها دەبێت دەستووری عێراق بەشێوەیەکی ئاوا بێت کە مەسیحییەکان بەپلە دوو نەژمێردرێن، مادام ئێمە دەڵێین عێراقین و کوردو عەرەب و مەسیحی و تورکمان . پێکەوە لەسەر ئەو خاکە دەژین و خاڵی هاوبەش لەنێوانماندا هەیە، ئەوا دەبێت حکومەتی ناوەندی لەبەغدا بەیەك چاو سەیرمان بکات و هەموو لایەکمان بپارێزێت و دادپەروەری پیادە بکات. ئاشتی لەئاسمانەوە نایەتە خوارەوە دەبێت یاسا لەخزمەتی ئاشتی دا بێت، گەر من بمەوێت تەنیا هزرو کاری خۆم پەیڕەو بکەم ئەوا ئاشتی دەستەبەر نابێت. بۆیە دەمانەوێت لەناو مزگەوت و کەنیسە و قوتابخانە و خێزانەوە هزری پێکەوە ژیان و ئاشتی دروست بێت، تا هەموو عێراق و کوردستان بەئاشتی و ئاسوودەیی و ئازادی و دیموکراسی بژین، بەڵام هەر حزب و لایەنێك بۆ خۆی بێت دەبێتە پاشاگەردانی و یەکسانی و ئازادی نامێنێت.

**گوڵان:** ئێستا باس لەدروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان دەکرێت ئایا ئەم ناوچەیە چۆن دەبێت و تاچەند دوای دامەزراندنی ئەم ناوچەیە مەسیحییەکان لەتوندوتیژی و هەڕەشە رزگاریان دەبێت؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** من نامەوێت قەت لەکوردستان جیا ببمەوە، هەردەمەوێت لەسەر ئەو خاکەی کوردستان پێکەوە بژین، نامانەوێت بەجیاوازی لەگەڵ برا عەرەبەکانیش بژین، ناکرێت هەر ئایین و نەتەوەیەك بەجیا بژی ئەمە هەڵوەشانەوەی پێکەوەژیانە، بەپێچەوانەوە لەرابردوو بەدرێژایی مێژوو ئینتمابوونمان بۆ ئەم خاکە هەیە، گەر ئاشتی لەعێراق هەبێت لەبەسرا دەژیم ئەگەر یاسا و دەستوور و هێزی پاراستن نەبێت ژیان نابێت و تیرۆر زیاد دەکات لەهەرشوێنێك بێت.

لەعێراق بەهەزارەها کەس تیرۆر کراو توندوتیژی گەیشتۆتە رادەیەکی زۆر ترسناك بەرادەیەك حکومەتی عێراق دەستی لەتیرۆر هەبوو، ماوەیەکی دوورودرێژ پتر لەهەشت مانگ لایەنەکانی عێراق بۆ دروستکردنی حکومەت نەگەیشتنە یەك، بەڵام بەدەستپێشخەری جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان وایکرد جارێکی تر لەعێراق پەرلەمان لەگەڵ یەکتر دابنیشن و حکومەت پێکبهێنن، چونکە سەرۆك بارزانی ئاشتیخوازە و دەیەوێت هەموو پێکەوە بژین و برایەتی و ئازادی بۆ هەموو عێراق بێتە دی.

**گوڵان:** دوا وتەت بۆ مەسیحییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان چییە؟

**مەتران رەبان ئەلقەس:** دروستکردنی هزری پێکەوەژیان و ئاشتی و ئازادی پێویستە ئامانجی هەموو هێزە ئاشتیخوازەکان بێت، کاتێك ئەم قوتابخانەیە نموونەییەم لەشاری دهۆك دامەزراندووە تێیدا تەنیا ٤٠ قوتابی مەسیحی تێدایەو ٣٠٠ قوتابی ئیسلامی لەخۆگرتووە، هەموو قوتابییەکان کەسی منن و بێ جیاوازی لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ تێدەکۆشین. دەمەوێت هەموو کەسێك لەعێراق و کوردستان بۆ بەهێزکردنی هزرو باوەڕی بەیەکەوە ژیان هەوڵبدات. کاتێ ئەوەهاتووە ئاشتی و ئازادی و لێبووردەیی بەپەروەردەکردن بێتەدی، بۆ خزمەتکردنی خاك و گەلی خۆم کە کوردستانە، دەبێ ئەوانی دیکەش لەعێراق وەکو ئێمە بیر بکەنەوە.

**جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ٣٧٠ گوندی مەسیحییەکان ئاوەدان بکرێنەوەو قوتابی و مامۆستاو فەرمانبەرانیان بۆ بگوازرێنەوەو لەشوێن و میلاکاتی خۆیان لەکوردستان دەست بەکار بن و پارەو مووچەیان پێدرا**

**هۆکاری توندوتیژییەکانی ئەم دواییەی دژ بەمەسیحییەکان بۆ جەهالەت و دواکەوتەیی و هزرێکی کۆنی دژایەتی دەگەڕێتەوە**

**ئەحمەد سەيد حەمەلاو قايمقامی چوارتا:**

# ٦٠٢ كێڵگەی مين هەڕەشە لە دانيشتووانی ١٠٨ گوند دەكەن



شارباژێر پێویستی بەنەخۆشخانەیەکی فراوان هەیە

**چوارتا شاری پيرەدارو زيارەتگاكانی پيراڵك و پيرمحەمەدو پيری شەوكێڵ و پيرپايز، لەچاوەڕوانی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری زياترو دابينكردنی هەلی كاردايە، بۆ ئەو دانيشتووانەی كە خاوەنی مێژوويەكن لەشۆڕش و قوربانيدان.**
**(چوارتا ) يەكێكە لە قەزاكۆنەكانی كوردستان و لەساڵی ١٩٢٦ ەوە بۆ جاری دووەم بووە بەقەزاو لەسەردەمی بەعس دا لەساڵی ١٩٨٧ڕووبەڕووی كاولكردن و راگواستن بۆتەوە، ئەمڕۆ هاووڵاتيان لەم قەزايەدا سەرەڕای ئەوەی دڵخۆشن بە ئاوەدانكردنەوەی قەزاكەيان بەڵام لەبەر بێكاری و كەمی هەلی كاری، ناچاربوون ڕوو لە شار بكەن، ئەم حاڵەتە نەك تەنيا لە چوارتا بەڵكو لەسەرانسەری ناوچەی شارباژێردا هەيە، هەربۆيە كاتێك تيمی گوڵان دوای چوراتا، سەردانی (ماوەت )يان كردو لەگەڵ ژمارەيەك لەهاووڵاتيانی ئەو شارە گفتوگۆيان كرد، ئەو راستييەيان نەشاردەوە كە ئەوەی باروگوزەرانی باش بێت ڕوودەكاتە شاری و ئەوەشی لەم ناوچەيە دەمێنێتەوە دووچاری بێكاری و كەم دەرامەتی دەبێتەوە.**

# چوارتا و ماوەت لە چاوەڕوانی

### بەهۆی نەبوونی بودجەی بەردەستەوە لەبەردەم خەڵكيدا بە كەمتەرخەم دەركەوتوين

ئەحمەد سەيد حەمەلاو قايمقامی قەزای شارباژێر لەوەڵامی چەند پرسيارێكی گوڵاندا باسی لەنەبوونی بودجەيەكی بەردەست كرد كە بۆ بەڕێوەچوونی كاری ئيداری ناوچەكە پێويستە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك دەسەڵاتی كارگێڕی دراوە بەسەرۆكی يەكە ئيدارييەكان، بەڵام لەسەر پێدانی ئەو دەسەڵاتەش تێبينيان هەبوو بەو پێيەی بودجە بەپێی قەبارەی كارەكان و خێرايی بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی هەندێك كاری بەپەلە نييە..

بەهۆی نەبوونی بودجەوە قايمقامەكان كەمتەرخەم دەردەكەون، لەمبارەيەوە قايمقامی شارباژێر دەڵێت : كاتێك سەردانی گوندێك دەكەم و چەند پێويستييەكی دياريكراو كەميان هەيە بۆ نموونە بۆ مزگەوتەكەيان يا قوتابخانەكەيان بەهۆی نەبوونی بودجەيەكی بەردەستەوە كەمتەرخەم دەردەكەوين، بۆيە لەپەسەندكردن و وردكردنەوەی بودجەدا پێويستە رەچاوی قەزاو ناحيەكان بكرێت.

سەبارەت بە چۆنيەتی جێبەجێكردنی پرۆژەكان و چۆنيەتی دياركردنی پرۆژەكان، قايمقامی شارباژێر گووتی : من پێم باشە جۆری پرۆژە لەلايەن ئێمەوە دياری بكرێت و ديزاين و شێوەو ماوەكەشی بخەينە بەردەستی لايەنی پێوەنددار، لەگەڵ ئەمانەشدا پێويستە پێوەندی باشمان لەگەڵ وەزارەتەكان هەبێت، بەتايبەتی بۆ خستنە بەرنامەو پلانی پرۆژەكانمان و ئەنجامدانيان.

### مەرگی شاراوە بە بەردەوامی هەڕەشە لەشارباژێرييەكان دەكات

تاكو ئێستا ٢٥ گوند لەسنووری شارباژێر بەهۆی (مين) ەوە ئاوەدان نەكراوەتەوە، ئەحمەد سەيد حەمەلاو بوونی ٦٠٢ كێڵگەی مين بە هەڕەشە بۆسەر ١٨٠ گوند لەقەڵەم دەدات و تەنانەت كاريگەری و مەترسيشی لەسەر كەرتی كشتوكاڵ و لەوەڕگاكان هەبووە، چونكە كێڵگەكانی مين رووبەری ٢٠٠ كيلۆمەتر چوارگۆشەيان داگيركردووە، گەرچی



### نەوزاد عەبدوڵا حەمە غەریب قایمقامی ماوەت:

# لەم کابینەیەدا یەک وەزیر سەردانی ماوەتی نەکردووە

**گەرچی شارباژێر خاوەنی رووبەرێکی فراوانی ١٧٧٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو خاوەنی چوار ناحیەیە، تەنیا چوارتا ٢٠٠ گوند لەخۆ دەگرێت و ماوەتیش کە لەکابینەی پێنجەمدا بووەتە قەزا ٥٦ گوند لەخۆدەگرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارگەو دەروازەی رەسمی سەرسنووریی و کەمی وەبەرهێنان لەبواری کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری نەتوانراوە ئاستی داهاتی تاکەکەسی بەپێی پێویست بەرزبکرێتەوە، گەر بێتوو دامەزراندن لەکەرتی حکومی نەبووایە ئەو کات گرفتێکی گەورە بۆ دانیشتووانەکەی دروست دەبوو، گەرچی بەپێی وتەکانی بەرپرسانی شارباژێر ژمارەی دانیشتووانی چوارتا ٢١-٣٠ هەزار کەسە، بەڵام بەوردی ژمارەیەکی تەواو لەبەردەستدا نییە کە چەند سەرخێزان لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن، نەبوونی ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی دانیشتووانی شارباژێریش هەر بۆ ئەو هۆکاری بێکاری و زۆرجار نزیکی لەسەنتەری شاری سلێمانییەوە دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە ژمارەیەك لەدانیشتووانەکەی زستانان بچنەوە سلێمانی و بەهارو هاوین بگەڕێنەوە ناوچەی شارباژێر.**

## پرۆژەکانی وەبەرهێناندا

کارکردن لەپاککردنەوەی مین بەردەوامە بەڵام پرۆسەیەکی قورسەو ماوەو کاتێکی زۆری دەوێت.
هەروەها پێی وابوو دانیشتووانی ناوچەکە بەهۆی مینەوە قوربانیانیەکی زۆریانداوە، بۆ نموونە ژمارەی کەمئەندامان، بەهۆی بوونی ئەو هەموو مینەوە کەلەناوچەکەدا هەن زۆر زیادی کردووە.

### بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە زۆر لەپرۆژەکانی ئەمساڵ تەواو نابن

سەبارەت بەکارە خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی ڕێگاوبان و پرۆژەکانی بواری کارەبا و تەندروستی و شارەوانی، قایمقامی شارباژێر پێی وایە لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەی کە قایمقام بووە پرۆژەیەکی زۆر ئەنجامدراوە، گەرچی ئەمساڵ بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە کاریگەری لەسەر تەواونەکردنی ئەنجامدانی پرۆژەکان هەبووە. لەمبارەیەوە دەڵێت: لەدۆڵی جافایەتی ڕێگاوبانەکان زۆربەی قیرتاوکراون و ئەوەی ماویشە چەوڕێژکراوەو ئامادەکراوە بۆ قیرتاوکردن،ئێستاکە سەرقاڵی دروستکردنی ڕێگای دیکەین لە (باسنێ)وە بۆ گوندەکانی بناری (سورکێو) تا دێتە ناحیەی (زەڵم و، گوندو دەڤەری سیتەك)یش هەرهەمووی ڕێگای باشی بۆ کراوە، خۆتان دەزانن ریزبەندی بە گەیاندنی ڕێگاوبانەکان دراوە بۆیە پرۆژەی ڕێگاوبانی جووت سایەد دواخراوە، هاوکات لەبواری گەیاندنی خزمەتگوزاری کارەباشەوە تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا بۆ سەرجەم گوندەکانی بناری (سورکێو) گەیەندراوەو ژمارەیەك گوندی تریش سەرقاڵی گەیاندنی تۆڕی وزەی کارەباین بۆیان. لەچوارتا مەڵبەندی تەندروستی هەیەو نەخۆشخانەیەکی تریش لەقەڵاچوالانەو لەناحیەکانی (گاپیلۆن و دووزەلان)یش بنکەی تەندروستیمان هەیە، بەڵام لەم بنکەو مەڵبەندانەی تەندروستی نەشتەرگەری ئەنجام نادرێت، بۆیە پێویستیمان بەنەخۆشخانەیەکی فراوانی چەند قەرەوێڵەیی هەیە، گەرچی

لەبواری وەبەرهێنان دەرەوەی شارو قەزاكان لەبیركراون

**لەشارباژێر بەکەرتی تایبەتمان وتووە زەوییان بۆ دابین دەکەین و لەوەزارەتەکانیش ئاسانکارییان پێشکەش دەکەین، بەڵام ئامادەییان تێدا نەبووە وەبەرهێنان بکەن**

تەندروستی کاتێك سەردانی ئەم دەڤەرەی کرد بەڵێنی پێداین ئەم داواکارییەمان بۆ جێبەجێ بکات. وەزیری کارەباش کاتێك سەردانی شارباژێڕی کردو گفتوگۆمان لەگەڵ کردو گوێی لە داواکارییەکانمان گرت و چەند پرۆژەیەکی باشی لەم ناوچەیە کردەوە. بۆ نموونە گرفتی تۆڕی دابەشکردنی کارەبای گوندەکان بەرێژەی ٨٠٪ چارەسەرکراوە، ئێستاکە لەڕێگای دوو وێستگەی **٣٣** کەی ڤی و سەقەرەوە کار بۆ باشترکردنی بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکەین.

لەکابینەی پێنچەمی حکومەتی هەرێمی

## سەرمایەدارانی ئێمە دەترسن و پارەکانیان لەشارباژێردا بەکارناخەن

گەرچی شارباژێر بەناوچەیەکی شاخاوی سەخت دادەنرێت، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە بۆ کەرتی کشتوکاڵی و بەتایبەتی بۆ چاندنی درەختی میوەجات، هەر بۆیە شارباژێرو ماوەتیش بەمیوەجات بەناوبانگن، جێی داخیشە ئەم بەرووبوومە گرنگە بایەخی پێ نەدرێت و ناوچەکە خاوەنی هیچ کارگەیەکی قوتووبەندوو میوەجات نەبێت و تەنانەت کۆگایەکی ساردکەرەوەشی لێنەبێت، کە دەکرا جووتیارەکان میوەکانی خۆیانیان

دەترسێت پارەکەی خۆی لەم بوارانە بخاتە کار، لەشارە گەورەکانی کوردستان کاری عەقارات و ئوتێل و بازرگانی دەکەن، گەرچی بەوەبەرهێنەکانمان گووتووە زەوییان بۆ دابین دەکەین و لەوەزارەتەکانیش ئاسانکارییان بۆ پێشکەش دەکەین، بەڵام ئامادەییان تێدا نییەو عەقڵییەتی وەبەرهێنانیش لەلای ئێمە لاوازەو گەشەی نەکردووە، لەبواری کشتوکاڵ ئەوەی لەم دەڤەرە ئەنجامدراوە دابەشکردنی چەند خانوویەکی پلاستیکییە بەسەر جوتیاراندا کە بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەتایبەتی بەرهەمی خەیار



**دروستکردنی ڕێگای پێنجوێن- باخەڵان – سەرسیر سوودێکی ئێجگار زۆری دەبێت**

**ژمارەی کەمئەندامان لەشارباژێر ٣٠٠ کەس دەبن کە بەهۆی مینەوە کەم ئەندام بوون**

کوردستانەوە بودجە بۆ وێستگەیەکی ١٣٢ کەی ڤی دابینکراوەو، بڕیارە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێش ٥ ساڵ لەمەوبەر چوارتا تەنیا ٢٧٠ ماڵی تێدا بوو، ئێستا نزیکەی ١٥٠٠ ماڵی تێدا نیشتەجێیەو خزمەتگوزارییەکی باشی تێدا ئەنجامدراوە، هەموو گەڕەك و شەقامەکانی قیرتاون و ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆو تۆڕی کارەبایان بۆ ئەنجامدراوە، ئێستاکە کار بۆ کوژاندنەوەی ژمارەیەك لەپارچە زەوی دەکەین تاوەکو لەداهاتوویەکی نزیکدا بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشی بکەین.

لێدابنایەو فرۆشتنی بەرووبوومەکانیان بەشێوەیەکی ئابوورییانە بەسەر وەرزەکانی ساڵدا دابەش بکردایە، کە لەلایەك هاندان و هاریکاریکردنی جووتیارەو لەلایەکی تر بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستانە؛ قایمقامی شارباژێڕ دەڵێت:( سەرمایەدارو وەبەرهێنانی کوردستانمان هێناوەتە ناوچەکە تاوەکو بەچاوی خۆیان ببینن و ببنە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی چەند کارگەیەکی شەربەت و گۆشت و شەراب و لەقوتوبەندوو پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی دیکە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرمایەداری نیشتمانی

کە پێشتر لە ١٠ دۆنم تەنیا ٢ تەن خەیار بەرهەم دەهات، ئێستاکە تەنیا لە ٨٠ مەتر دووجا ١٠ تەن خەیار بەرهەم دەهێنرێت.

## پیشەی قاچاغچێتی سنووردارەو تەنیا بۆ بژێوی ژیانە

لەئاکامی نەبوونی دەروازەیەکی یاسایی و رەسمی بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێراندا، وایکردووە نەتوانرێت ناوچەی شارباژێر بەهاوشێوەی پێنجوێن و قەڵادزێ ببێتە ناوچەیەکی بازرگانی سەرسنوور، قایمقامی شارباژێر لەمبارەیەوە دەڵێت:لەنەخشەی بنەڕەتی حکومەتی عێراقدا هیچ ڕێگایەك نەکراوە کە شارباژێر

راستەوخۆ بەسنووری ئێران ببەستێتەوە، ئەو کارەی ئێستا لەنێوان شارباژێر و ئێران ئەنجام دەدرێت لەئاکامی هاوکاری و پێوەندی نێوان بازرگانانی هەردوو سنوورەوە هاتووەو شێوەیەکی قاچاخچێتی هەیەو بەرادەیەکی گەورەو فراوان نییە، دەتوانم بڵێم خەڵکەکە تەنیا بۆ بژێوی ژیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن. بەڵام هەوڵی ئەوە دەدەین ڕێگایەکی بازرگانیمان بۆ بکەنەوە کەلە (پێنجوێن)ەوە بە (باخەڵان) بۆ (سەرسیر) بێت و ٣٧ ملیار دیناری تێدەچێت. سەبارەت بە گرفتی بێکاریش قایمقامی شارباژێر دەڵێت:دامەزراندنی

## تونێلی ئەزمەڕ خەون و ئاواتێکی شارباژێرییەکان

کاتێك لەشاری سلێمانییەوە بەڕێکەوتین بۆ دەڤەری شارباژێر، بەتونێلی ئەزمەر کە ناونراوە تونێلی (پێشڕەو) تێپەڕبووین، کە بەهۆی ئەم تونێلەوە ڕێگای ڕێبواران و ماوەی نێوان سلێمانی و شارباژێر زۆر نزیك بۆتەوەو، لەزستانیشدا لەئەگەری داخستنی ڕێگاکە دانیشتووانی ئەو ناوچە فراوانە دەربازیان بووە، بەڵام بوونی دوکەڵێکی زۆر لەناو تونێلەکەدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێت ئایا پرۆژەی دوکەڵکێشی تونێلەکە چی بەسەرهاتووە؟ لەوەڵامی

ئەلیاس و سنووری سیوەیل و چەمی بەربەرچ و مارەرەش و ئاشتی بارام و تەنگە بووهار. ) پێویستیان پێیەتی،کەشفیان بۆ کراوە تاوەکو بەنداوی بچووك و گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بەبواری گەشتوگوزاریش قایمقامی شارباژێر وتی: ناوچەی (سەرسیر) و (تازە دێ) دوو شوێنی جوان و قەشەنگن بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی و بەپاڵپشتی کەرتی تایبەت ئامادە کراون تاوەکو پەرە بەو شوێنی گەشتیاریانە بدرێن، چەندین کۆمپانیامان هێناوە تاوەکو



فەرمانبەر پێویستە بەبەرنامەو پلان بێت، تاوەکو گرفت بۆ حکومەت و هەڵئاوسانی ژمارەی فەرمانبەران دروست نەبێت، ئێمە هەوڵمانداوە میلاکاتمان بەپسپۆرایەتیەکانی خەڵکی ناوچەکە پڕبکەینەوە، گەر پێویستمان بەکرێکارو پسپۆرایەتی هەبێت و لای خۆمان نەبێت ئەو کات هەوڵمانداوە لەسلێمانی یان لەناوچەکانی تر بیانهێنین، پرۆژەمان هەبووە و بەناچاری ٥٠٠ کرێکاری عەرەبمان هێناوە تا کاری تێدا بکەن ئەمە مانای وایە باروگوزەرانی خەڵکی خۆمان باش بووە..

ئەم پرسیارەدا قایمقامی شارباژێر باسێکی سەبارەت بەگرنگی تونێلەکە کردوو پێی وابوو : دروستکردنی تونێلی پێشڕەو خەونی شارباژێرییەکانەو ئەو کەمکورتییە بەتایبەتی پەنگخواردنەوەی دوکەڵی ئوتومبێلەکان زیاد لەپێویست گەورە کراوەو ئێستا بودجە بۆ پرۆژەی دوکەڵکێش و ڕووناککردنەوەی ناو توونێلەکە تەرخانکراوەو لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو دوو گرفتە چارەسەر دەبێت.

لەبواری دروستکردنی بەنداویشەوە کە ناوچەکە لەزۆرشوێنی وەکو (ئەزمەڕو کانیساردو دۆڵی جەهەنەمان و دۆڵی

لەچەندین شوێنیتر وەبەرهێنان ئەنجام بدەن وەکو ناوچەی (کوونە ماسی) ..

## ماستەرپلانی هاوچەرخمان نییەو ناتوانین بەئارەزووی خۆمان شار فراوان بکەین

ناوەندی قەزای شارباژێرو ناحیەکانی ماستەر پلانیان نییە، ئەحمەد سەید حەمە لاو لەمبارەوە دەڵێت: کێشەی سنووری ئێمە هەڵکەوتەی شوێنی قەزاکەو ناحیەکان و گوندەکانیەتی کە بەگشتی شاخاوییەو سلۆپە، بۆیە هەر پرۆژەیەك کاتێك ئەنجام دەدرێت بودجەیەکی زیاتری دەوێت، لەلایەکی ترەوە ئێمە

**لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بودجە بۆ وێستگەیەکی ١٣٢ کەی ڤی دابینکراوەو، بڕیارە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

**پێش ٥ ساڵ لەمەوبەر چوارتا تەنیا ٢٧٠ ماڵی تێدا بوو، ئێستا نزیکەی ١٥٠٠ ماڵی تێدا نیشتەجێیە**

**پێویستە پێوەندی باشمان لەگەڵ وەزارەتەکان هەبێت، بەتایبەتی بۆ خستنە بەرنامەو پلانی پرۆژەکانمان و ئەنجامدانیان**



**زۆر لەپرۆژەکانی ماوەت کە پێشتر ئەنجام دراون پێویستییان بەنۆژەنکردنەوەیە**

**لەماوەت و گوندەکانی دەوروبەری گرفتی شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایان و پزیشکان هەیە**

**ساڵی رابردوو ١٦ جار ئاگر لەناوچەی ماوەت کەوتەوەو بەڕێوەبەرایەتییەکی ئاگرکوژێنەوەی لێنەبوو**

بەئارەزووی خۆمان ناتوانین ئاراستەی گەورەبوونی شار بکەین، تا ئێستا ماستەرپلانمان بۆ نەکراوەو لەتاپۆکردنی خانووە حکومییەکانیش کێشەمان هەیەو خەڵك بۆخۆی خانووی دروستکردووە تاپۆی زەوییەکان هەر بەناوی وەزارەتی داراییەوەیەو نەتوانراوە بخرێتە سەر ناوی خاوەن خانووەکە، لەپاش دوو مانگی تر نەخشە بنەڕەتییەکە تەواو دەبێت و کار بۆ ماستەرپلانێکی هاوچەرخ دەکەین.

سەبارەت بەبواری رۆشنبیریش لەو دەڤەرە، قایمقامی شارباژێر ئاماژەی بەو ناوەندە رووناکبیرییە کرد کە بۆ گەنجان کراوەتەوەو هەموو پێداویستییەکان لەخۆ دەگرێت و پتر لە یەك ملیارو شەست سەد ملیۆن دیناری تێچووە، هەروەها باسی ئەو مەلەوانگەیەی کرد کە دراوە بە لاوان بەڵام نەیانتوانیوە خزمەتی بکەن و بیکەنە داهاتێکیش بۆ خۆیان یان بیدەنەوە شارەوانی.

### لەماوەت بێ بازاڕی مەترسی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

ماوەت لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە قەزا، ئەم قەزا تازەیە ناوچەیەکی شاخاوی و جوان و قەشەنگەو هەر لەیەکەم سەرنجدا ئەو راستییەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ناوچەیە باشترین شوێنە بۆ بەرهەمهێنانی میوەجات و بەخێوکردنی ماسی و مەڕومالآت، ئەمە جگەلەوەی دەربەندە گەورەکانی لەبارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بەنداوی گەورە زۆر سوودی بۆ ژێرخانی ئابووری ناوچەکە هەیە، دوای ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی ناوچەکە گفتوگۆمان کردوو لەگرنگترین پێداویستییەکانمان کۆڵیەوە، گرنگترین گرفت و کێشەکانمان ئاراستەی بەڕێز نەوزاد عەبدوڵا حەمە غەریب قایمقامی ماوەت کردوو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و گووتی: ماوەت لەساڵی ١٩٨٦ بووبە ناوچەیەکی موحەرەمە، بۆیە ناوەندی ماوەت و ٥٦ گوندی بەتەواوەتی وێرانکران، ئێستاکە گوندەکانی ئاوەدانکراونەتەوەو دانیشتووانەکەی سەرقاڵی ئاژەڵداری و بەرهەمهێنانی ترش و میوەجات و کشتوکاڵن، بەڵام گرفتی سەرەکییان بێ بازاڕییە، چونکە ڕێگاوبانی گوندەکان باش نین و دووریشن لەسەنتەری شاری سلێمانییەوە، تەنانەت پێویستی زۆریان بەپرۆژەی خزمەتگوزارییە، ئەو پرۆژانەشی کە سالآنێکە ئەنجامدراون پێویستییان بەنۆژەنکردنەوە هەیە. قایمقامی ماوەت سەبارەت بەو دەسەڵاتەی لەئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتۆتە خوارێ بۆ یەکە ئیدارییەکان گووتی: لەوە کراوە دەسەڵاتی دارایی دابەزیوەتە خوارەوە، بەڵام ئاماژە بەوەکراوە لەکاتێکدا گەربێتوو بودجە هەبێت، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ دروستکردوین و واقیعێکی وای خستۆتەوە نەتوانرێت پرۆژەی بچووك و داواکاری هاووڵاتیان بەشێوەیەکی خێرا جێبەجێ بکرێت.

### لە کابینەی شەشەمدا تەنیا یەک وەزیر سەردانی ماوەتی نەکردووە

سەبارەت بەباروگوزەرانی هاووڵاتیان قایمقامی ماوەت پێی وابوو: (خەڵکە دەوڵەمەندەکەی ماوەت زۆربەیان لەشار دەژین و ئەوانی تریشیان بەشێوەیەکی گشتی کەم دەرامەتن و لەوەرزی هاوین دێنەوە سەر کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ) بەمشێوەیە ئەو پرسیارەمان لا دروستبوو ئایا پێویستە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم حاڵەتە چی بکرێت؟، بەڕێزیان پێی وابوو کاتێك حکومەت نەتوانێت چەند کارگەیەکی پیشەسازی کشتوکاڵی لەم ناوچەیە دابنێت و کەرتی تایبەتیش دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆرمان داو بێئومێدبووین لەوەی بێنە ناوچەکەو کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن ئەو کاتە هەلی کارکردن بۆ گەنجەکان بەزەحمەت دەست دەکەوێت، بۆنموونە دامەزراندنی کارگەی مەڕمەڕ لەماوەت بووە جێی دڵخۆشی خەڵکەکەو



ئومێدێکی زۆریان هەبوو لەبێکاری رزگاریان بکات، بەڵام ئەم کارگەیە تاکو ئێستا بەگەڕنەخراوە. هەر بۆیە پێویستە وەزارەتەکان گرنگییەگی زیاتر بەپرۆژەکانی ناوچە دوورەکان و سەرسنوورەکان بدەن، تاوەکو چیتر خەڵکی ئەم ناوچەیە کۆچ نەکەن. جێی دەستخۆشییە توانراوە ٤٢ گوند ئاوەدان بکرێنەوەو تەنیا ٤ گوند ماوە تۆڕی کارەبایان بۆ بچێت، بەڵام کێشەی هێڵێکی ١٣٢ کەی ڤی هەیە کە بڕیار وابوو لەسلێمانییەوە بێتە قەڵاچوالان و چوارتاو ماوەت، بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم کێشەیە جێبەجێ نەکراوە. سەبارەت بەقوتابخانەکانیش گرفتی بینایەی قوتابخانەمان نەماوە بەڵام لەم ناوچە دوورەدا حکومەتی هەرێم وەکو پێویست گرنگی بەباری بژێوی ژیانی مامۆستا نەداوە، بۆنموونە مامۆستامان بۆ دەنێرن بەڵام شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە،، ئەم گرفتەمان بۆ پزیشکەکانیش هەیە.

## زەحمەتە لەناو ماوەتدا ڕێگا لەبەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر بگیرێت

ماوەت گەرچی کەوتۆتە سەرسنووری ئێران بەڵام بەفەرمی ڕێگای بازرگانییان نییە، ئەوەی کاری بازرگانیش بەشێوەیەکی نایاسایی و قاچاخ دەکات لەدیوی ئێرانەوە ڕووبەڕووی مەترسی و دەستگرتن بەسەر کەلوپەل و زۆرجار زیندانی دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر مەترسیدارەو زیانی گەورەی پێگەیاندوین بوونی کێڵگەکانی مینە کە وەك مەرگی شاراوە زیانێکی زۆری پێگەیاندوین، دەربارەی ئەم بارودۆخە قایمقامی ماوەت گووتی: ئومێدەوارم بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر کار بۆ هەڵگرتنەوەی سەرجەم مینەکان بکرێت. هەروەها ئەوەی نەشاردەوە کە لەناو ماوەتدا زەحمەتە ڕێگا لەبەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر بگیرێت، چونکە باروگوزەرانی هاووڵاتیان باش نییەو لەڕێگای بەخێوکردنی ئاژەڵداری و پەلەوەرەوە ژیانی خۆیان دەگوزەرێنن .

## لەشارەوانی ماوەت ئەندازیارو رووپێو نییە

سەبارەت بەمیلاکاتی شارەوانی و فەرمانگاکانی دیکەش، قایمقامی ماوەت ئاماژەی بەوەکرد لەڕووی میلاکاتەوە کەموکورتیان هەیەو پێویستیان بەدامەزراندن هەیە، چونکە نەبوون و کەمی فەرمانبەران کاریگەری لەسەر هەڵسوڕاندنی کارەکانمان هەیە، بۆ نموونە لەشارەوانی ماوەت ئەندازیارو رووپێوم نییە، بۆ کارەباش لەسلێمانییەوە ئەندازیارو کارمەندی هونەری سەردانمان دەکەن، لەلایەکی ترەوە لەم ناوچە فراوان و شاخاوییە کە بەسەدان دۆنم دارستان هەیەو ساڵی رابردوو ١٦حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە هەبوو بەڵام لە ماوەت بنکەی ئاگر کوژێنەوە نیە، بۆیە زۆر پێویستمان بەبنکەیەکی ئاگرکوژێنەوە هەیە.

## هیچ خانوویەک لەناو ماوەت تاپۆی نییە

قایمقامی ماوەت سەبارەت بەنەبوونی بەنداو بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی باراناو و ماستەرپلانێك بۆ گەورەبوونی ماوەت گووتی: ناوچەکەمان بەشێوەیەك هەڵکەوتووە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی چەندین بەنداوی بچووك و مامناوەندی و گەورە سوودی لێوەربگرین، کە بۆ ئەمبارکردنی ئاوو بەرهەمهێنانی کارەباو بەخێوکردنی ماسی سوودێکی یەکجار گەورەی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا یەك بەنداوی لێدروست نەکرا. سەبارەت بەنەبوونی ماستەرپلانیش بەڕێزیان وتی : ماوەت خاوەنی ماستەرپلان نییەو تەنیا نەخشەی بنەڕەتی هەیە، ئەوەی گرفتی بۆ دروستکردوین ئەوەیە زەوییەکانی ماوەت نەکوژاندراوەتەوە هەر بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوەیە، هەر بۆیە هیچ خانوویەك لەناو ماوەت تاپۆ نییەو تۆماری خانووبەرەی نییە.

**بوونی دوکەڵێکی زۆر لەناو تونێلی پێشڕەودا ئەو پرسیارە دەوروژێنێت ئایا پرۆژەی دوکەڵکێشی تونێلەکە چی بەسەرهاتووە؟**

**زەوییەکانی ماوەت نەکوژاندراوەتەوە هەر بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوەیە، هەر بۆیە هیچ خانوویەک لەناو ماوەت تاپۆی نییەو تۆماری خانووبەرەی نییە**

**لەماوەت بەدەیان شوێن بۆ دروستکردنی بەنداو لەبارە بەڵام یەک بەنداوی لێ دروست نەکراوە**